WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24 3ی سەرماوەزی 2714 (750) دینار

داعشێکی کورد:

## تانکەرێکی شین ڕێنیشاندەرم بوو بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەکە



**ڕووداو – کەلار**

گەنجێکی کورد کە زیاتر لە 4 مانگ لە نێو چەکدارانی داعشدا بووە، ئاشکرای دەکات بە ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی و پشتێنەیەکی بۆمبڕێژکراوەوە ویستوویەتی خۆی بە بازگەیەکی ئاسایشدا بتەقێنێتەوە. ئەو داعشە دەڵێت "تانکەرێکی شین لە پێشم بوو وەکو ڕێپێشاندەر بۆ ئەوەی خۆم بە بازگەیەکی ئاسایشدا بتەقێنمەوە، بەڵام دواتر لێم ون بوو". ئەو گەنجە کە لە نێو داعشدا نازناوەکەی حاجی بووە دەڵێت لە سنووری پارێزگای سلێمانی چووەتە کەرکووک و پاشان بە مەخمووردا بە بازگەکانی پێشمەرگە تێپەڕیوە بۆ مووسڵ، بەبێ ئەوەی داوای ناسنامەی لێبکرێت. هەروەها گوتی ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی پێبووە و بەبێ پشکنین لە بازگەی ئاسایش و پێشمەرگە دەرچووە. ئەو گەنجە دەڵێت تەنیا کتێبیی سەحیحی موسلم و بوخاری بە کوردی خوێندووەتەوە لەگەڵ 12 سورەتی قورئان. هەروەها لە ڕێگەی مەلایەک کە بە دەنگ تەفسیری قورئان دەکات و لە تەلەفزیۆنەکان لێدەدرێت، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە حوکمی خودا بە جیهادی قیتال جێبەجێ دەکرێت.

« 5



نوێنەری خامنەیی بۆ ڕووداو:

**دەبێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تۆبە بکەن ئینجا بگەڕێنەوە**

6

**10** هەزار چەکدار بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ ئامادە دەکرێن

4

**531** پیاو سکاڵا لەدژی ژنان تۆمار دەکەن

15

هادی عامری، فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەدر:

# ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی هەیە پێکەوە سەعدیە و جەلەولا بپارێزین

« 3



کۆسرەت ڕەسوڵ:

**ڕێککەوتنمان هەیە کە سەعدیە رادەستی پێشمەرگە دەکرێ**


ئاسیاسێڵ



ئێستا لەگەڵ هێڵی "خەلاتی نوێ"

بالانسەکەت دوو ئەوەندە زیاد دەکات

بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەموو تۆڕەکان

بۆ یەکەمجار لە عێراق و تەنها لە ئاسیاسێڵەوە، لەگەڵ پاکێجی «باڵانسی دوو ئەوەندە»، هەفتانە تەنها ٣,٠٠٠ دینار بدە و باڵانسەکەت دەبڵ بکە، واتە ٦,٠٠٠ دینارت دەبێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی و ناردنی نامە و ئینتەرنێت بۆ هەموو هێڵە ناوخۆییەکان لەناو پارێزگای هەولێر و دهۆک و بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق.

* باڵانسی بێبەرامبەر بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کارایە.

بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە #٢٨٢*

/AsiacellConnect

هێڵی خەلاتی نوێ

ئۆفەرێکی بەردەوام لە هەولێر و دهۆک

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24


## داعش بۆ جیهادی نیکاح دەچێتە قوتابخانەکانی کچان

**ئەیوب نەسری – دهۆک**

بەرپرسێکی پارتی لە موسڵ رایگەیاند کە چەکدارانی داعش قوتابیانی ئامادەیی ناچار دەکەن نیکاح لەگەڵ چەکدارەکانیان بکەن.
عسمەت رەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2014/11/23 چەکدارانی داعش بەنێو قوتابخانەکانی ئامادەیی کچاندا گەڕاون و کچانیتن ناونووسکردووە بۆ جیهادی نیکاح لەگەڵ چەکدارەکانیان. ئەو بەرپرسە گوتی "تەنیا ئەوانەی شوویان کردووە و خێزاندارن، لەو نیکاحە دەبەخشرێن".



# شاعیرە عەرەبەکە جنێو بە مەعسوم و زێباریش دەدات



**مەحمود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

کاردانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر شاعیری ناسراوی عێراقی سەعدی یوسف بەرفراوان دەبێت، بەهۆی وەسفکردنی گەلی کورد بە "مەیمون" و کوردستانیش بە "مەیمونستان" لەلایەن ئەو شاعیرە. ڕووداو پەردە لەسەر شیعرێکی دیکەی ناوبراو هەڵدەداتەوە کە سووکایەتی بە سەرکردە کوردەکان و شیعە دەکات و جنێویان پێدەدات.

### جنێو بۆ مەعسوم و زێباری و جەعفەری

سەعدی یوسف، 80 ساڵ، لەشاری بەسرە لەدایکبووە و ئێستا لە بەریتانیا دەژی و زیاتر لە 43 دیوان و 33 بەرهەمی ئەدەبی لە کورتە چیرۆک و شیعر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی و ئەڵمانی.

سەعدی یوسف ساڵی 2005 خەڵاتی ڤیرۆنیای ئیتاڵی وەکو باشترین نووسەری بیانی وەرگرتووە، ئەندامی چەندین کۆمەڵە و رێکخراوی ئەدەبییە.

رۆژی 15ی تشرینی دووەمی 2014 لەسەر ماڵپەڕی خۆی شیعرێکی بە ناونیشانی (میسری عروبە و عێراقی عەجەم) بڵاوکردەوە کە تێیدا بەراوردی هەستی نەتەوەیی عەرەبی میسر لەگەڵ عێراق دەکات و پرسیار دەکات چ مانایەکی هەیە وڵاتێکی عەرەبی کورد و عەجەم حوکمی بکەن.

لە دێرێکی دیکەدا دەڵێ "چ مانایەکی هەیە زمانی عەرەبی لە میرنشینی مەیمونستانی بارزانی لە هەولێر قەدەغە بێت". سەعدی لە بەرامبەر وشەی کوردستان "قردستان" بەکاردەهێنێ.

ئەم شیعرە کاردانەوەی توندی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شەقامی کوردی و تەنانەت عەرەبیشی بەدوای خۆیدا هێنا، کە تێیدا بە ئاشکرا بۆچوونی رەگەزپەرستی و سووکایەتی بە کورد بەو شیعرەوە دیارە.

(ڕووداو) شیعرێکی دیکەی سەعدی یوسفی لە ماڵپەڕەکەی خۆی دۆزیوەتەوە کە رۆژی 14ی تشرینی دووەمی 2014 بەبۆنەی سەردانی شاندی باڵای عێراق بۆ سعودیە بڵاویکردووەتەوە و تێیدا هەریەک لە فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆمار و ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوە. هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی و لەبید عەباوی، بریکاری وەزیری دەرەوە بە قەزەم (کورتە باڵا) وەسف دەکات.

شیعرەکەی ناوبراو بە ناونیشانی لە نێوان (عەبدوڵلای کوڕی عەبدولعەزیز و چوار قەزەم)ەو تێیدا کاتێک وێنەی کۆبوونەوەی شای سعودیە و شاندی عێراقی بینیوە دەڵێ "قەزەمە کوردەکان و ئێرانییەکان".

ئەو شاعیرە، ئیبراهیم جەعفەری بەو کەسە وەسف دەکات کە لە سەردەمی کۆن منداڵیان خەتەنەکردووە و کۆمەڵێک وشە و جنێویش بۆ هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق بەکاردەهێنێ، کە ناشێت لێرەدا بڵاوبکرێنەوە.

### "شایستەی ئەوە نییە ناویشی بزانن"

لە یەکەم هەنگاودا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی فەرمی ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرەی لە پرۆگرامی خوێندن لابرد، کە لە پۆلی نۆی بنەڕەتی دەخوێندرێ.

فاتح مەولەوی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "وەزارەتی پەروەردە ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرەی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لابردووە، کەسێک سووکایەتی وا گەورە بە کورد بکات شایستەی ئەوە نییە نەوەکانی داهاتوو ناویشی بزانن".

### ئەمساڵ پرسیار لەو شیعرە بۆ قوتابیان نایەتەوە

ئاراس نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر فەرمانی وەزیری پەروەردە ئەو شیعرە لادراوە، نووسراو بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوە کە ئەو بابەتە ناخوێنرێت، لە ساڵی داهاتووشدا لە پرۆگرامی خوێندن و لە کاتی چاپکردنی کتێبەکان ژیاننامە و شیعری ئەو کەسە نامێنێ، ئەگەرچی شیعرەکەی باشە و باسی نیشتمانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سووکایەتی بە کوردستان کرد، ئەو بابەتەش نامێنێ، ئەمساڵیش پرسیار لەو بابەتە بۆ قوتابیان نایەتەوە".

### پەرلەمانی عێراقیش قسەی لەسەر دەکات


بڕیارە لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەو بابەتە کۆببێتەوە. موحسین عوسمان، پەرلەمانتاری کورد و ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو شاعیرە کەسێکی ئاسایی و سادە نییە، لە ناو رۆشنبیران و شاعیرانی عێراق کەسێکی دیارە، ئەو هەڵوێستە شۆڤێنی و رەگەزپەرستانەیە جێگای داخە، ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن لە پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەو بابەتە قسەی خۆمان دەکەین، چونکە بەرهەم و کتێب و ژیاننامەی ئەو شاعیرە لە قوتابخانە و زانکۆکانی عێراق دەخوێنرێت، نابێ رێگا بە بڵاوکردنەوەی هەستی رەگەزپەرستی و سووکایەتیکردن بە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بدرێت".

ئەو پەرلەمانتارە کوردە دەڵێ "رۆژی چوارشەممە 26ی تشرینی دووەمی 2014 لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و ئێمەش وەکو پەرلەمانتارانی کورد لەو لیژنەیە ئەو بابەتە دەوروژێنین".

### پەلاماردانی کورد لە شیعر

هەستی رەگەزپەرستی و جیاکاری و تائیفی هاندان و پشتگیری و بڵاوکردنەوە و رەوایەتی پێدان بەپێی مادەی 7ی دەستووری عێراق قەدەغەکراوە، ساڵی 2010 شاعیرێکی دیکەی عەرەب بەناوی سەمیر سەبیح لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە پەرلەمانتارێکی عێراقی و چەندین بەرپرسی دیکە تێیدا ئامادەبوون، شیعرێکی بەناونیشانی (کاکە حەمە) خوێندەوە. ئەو شیعرە کە لە کەناڵە عێراقییەکانیش پەخشکرا، سووکایەتی بە کورد کردبوو.

# هەفتەیەکە دوو قوتابی زانکۆی دهۆک دیار نین




### بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی دهۆک:
### سەدان کەسمان بەگومانی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکردووە

**ناسر عەلی و یوسف ئەحمەد**
**ڕووداو- دهۆک**

دوو گەنجی دانیشتووی بەردەڕەش کە قوتابی زانکۆی دهۆکن، ماوەی هەفتەیەکە دیار نین و پۆلیسی دهۆک دەڵێت بەدواداچوون بۆ ونبوونیان دەکەین، ئاسایشی گشتیی دهۆکیش دەڵێت تا ئێستا زانیاری دروستمان لەبارەی ئەو دوو قوتابییە پێنەگەیشتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەسەدان کەس لە دهۆک بە گومانی هاوکاریکرنی داعش دەستگیر کراون، دۆسیەی بەشێک لەوانە رەوانەی دادگا کراون.

ئەو دوو گەنجە بە ناوەکانی (د.ف.م) و (ع.ع.ح)، یەکێکیان قوتابی قۆناغی چوارەمە لە کۆلیژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی دهۆک، ئەوی دیکەش قۆناغی سێیەمی بەشی کارگێڕییە لە هەمان کۆلێژ.

محەممەد جەمیل، یاریدەدەری راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو دوو قوتابیەمان لە رۆژی یەکشەممەی رابردووەوە دیارنەماون، نازانین بۆ کوێ چوونە و چییان لێهاتووە". هەروەها گوتیشی "لە رۆژی پێنجشەممەی رابردووەوە خێزانەکانیان هاتوونەتە زانکۆ بۆ ئەوەی سۆراخیان بکەن، ئەوانیش دەڵێن نازانین بۆ کوێ چوون".

ئێستا هەرکەسێک لە کوردستان دیارنەمێنێ، گومان دەکرێت چووبێتە ناو داعش، بەڵام هێشتا روون نییە ئەو دوو گەنجە چوونەتە نێو داعش یان نا.

عەمید تارق ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک رایگەیاند، ئەوانیش ئاگایان لەوە هەیە کە ئەو دوو قوتابییە بێسەروشوێنن و گوتی "داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەردەڕەش کردووە بەدواداچوون بۆ دیارنەمانی ئەو دوو گەنجە بکەن".

بەپێی زانیاری یاریدەدەری راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، دوو گەنجەکە دوای ئەوەی لە ماڵەوە بەمەبەستی دەوامی زانکۆ هاتوونەتە دەرەوە، نەچوونەتە زانکۆ. بەپێی قسەی خێزانەکانیان، لە رۆژی یەکشەممەی رابردوو، 16ی ئەم مانگە لە کاژێر 7ی بەیانی لەماڵەکانیان دەرچوون، بێ ئەوەی بێنە دەوامی زانکۆ لە دهۆک.

بەپێی زانیاری مامۆستایانی کۆلێژەکە، ئەو دوو قوتابیە مەیلی ئیسلامییان هەبووە، بۆیە گومان دەکرێت پەیوەندییان بە داعشەوە کردبێت.

بژار دۆسکی، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی دهۆک رایگەیاند ئەوان ئاگایان لە بێسەروشوێنبوونی ئەو دوو قوتابیە هەیە "ئێمەش زانیومانە ئەوان بێسەروشوێنن، بەڵام زانیاریمان نییە چووبێتنە نێو داعش، چونکە لەوانەیە چووبنە دەرەوەی وڵات، یان تورکیا یان شارێکی دیکە".

بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی دهۆک ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە سەرەتای هاتنی داعشەوە تا ئێستا بەسەدان کەسیان لە ناوچە جیاجیاکانی دهۆک بەگومانی پەیوەندی لەگەڵ داعش یان هاوکاریکردنیان دەستگیر کردووە. گوتیشی "ئەوانەی ئێمە دەستگیرمان کردوون لە هەموو نەتەوەکانن، بەشێک لەوانەشمان رەوانەی دادگا کردووە".

# ژیانی ئاوارەکانی چیای شنگال بە گۆڕانی کەشوهەواوە بەندە

### ئاوارەیەک: بەردەوام لە هەواڵی کەش و هەوا دەپرسین
### فەرماندەیەکی ئێزدی: لە هێرشی داعش ناترسین، لە باران دەترسین



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

هەر کاتێک کەش و هەوا ناخۆش بێت، چوونی هاوکاری بۆ چیای شنگال رادەوەستێ، بۆیە ئاوارەکان بەردەوام بە تەلەفۆن لە خزم و کەسوکاری خۆیان دەپرسن، رەوشی کەشوهەوا چۆنە. فەرماندەیەکی ئێزدی دەڵێت هیچ ترسمان لە هێرشی داعش نییە، تەنیا لە خراپبوونی رەوشی کەشوهەوا دەترسین.

خەلەف تەمۆ، کە ئاوارەیەکی ئێزدییە لەسەر چیای شنگال، باسی رەوشی خۆیان دەکات لەسەر چیا و دەڵێت "رەوشمان لەڕووی خواردن و هاوکاریی زستان باش نییە، چونکە چەند رۆژێکە بەهۆی خراپیی کەشوهەوا فڕۆکە نەهاتووە، بۆیە ناخۆشترین هەواڵ بۆ ئەوانەی لەسەر چیای شنگالن، ئەوەیە کە بڵێن باران دەبارێت، یان کەشوهەوا سارد دەبێت".

هێشتا لەسەر چیای شنگال نزیکەی 10 هەزار ئاوارە ماون کە بەشێکیان خەڵکی شنگالن و لەوێ مەڕوماڵات بەخێو دەکەن، بەشێکی دیکەشیان پێشمەرگە و جەنگاوەری ئێزدین و لەگەڵ خێزانەکانیان ماونەتەوە.

ئەو ئاوارەیەی چیای شنگال دەڵێت "راستە ئێستا هەرچواردەوری چیای شنگال چەکداری داعشن، بەڵام ئێمە لەوان ناترسین، تەنیا لە باران دەترسین".


دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە لە 2014/8/3 ، تاکە رێگایەک کە دەچوو بۆ سەر چیای شنگال رێگایەک بوو لە رۆژئاوای کوردستانەوە، بەڵام ئێستا ئەو رێگایەش کەوتووەتە دەستی داعش، بۆیە یارمەتییەکان لە رێگەی فڕۆکەوە دەگەیەنرێتە ئەو کەسانەی لەسەر چیاکە ماون.

قاسم سمێر، یەکێک لە فەرماندەکانی جەنگاوەرانی ئێزدی لەسەر چیای شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "بەردەوام چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر چیا و هەوڵ دەدەن سەربکەونە سەر چیاکە، بەڵام هەموو جارێک تێکیاندەشکێنین".

قاسم سمێر گوتیشی "داعش بەهەموو هێزی خۆی هێرش دەکاتە سەر چیاکە، بەڵام ئێمە ترسمان لە داعش نییە، بەڵکو لە تێکچوونی رەوشی کەشوهەوا و باران دەترسین، چونکە ئەوکات فڕۆکەکان ناتوانن بێنە سەر چیاکە و خەڵکیش داوای هاوکاری لە ئێمە دەکات".

ئەو فەرماندەیە باسی وورەی پێشمەرگە دەکات دوای کۆنترۆڵکردنی دەڤەری زومار لەلایەن پێشمەرگە. ئەو دەڵێت "ئێستا وورەی هەموو پێشمەرگە و جەنگاوەرەکان زۆر بەرزە، هەموومان چاوەڕێی بڕیاری سەرەوەی خۆمانین بۆ رزگارکردنی شنگال و ناحیەی سنوونێ".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24



## کۆسرەت ڕەسوڵ: سازش لەسەر بستێک خاکی کوردستان ناکەین

**رووداو- جەلەولا**

کۆسرەت رەسوڵ رایدەگەیێنێت سازش لەسەر بستێک خاکی کوردستان ناکەن و دەبێت کوردستان بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات. کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "سازش لەسەر بستێک خاکی کوردستان ناکەین و قوربانیمان لەپێناو هەموو کوردستان داوە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکمان کردە قوربانی کەرکووک". کۆسرەت رەسوڵ کە هاوکات جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، گوتیشی،" ئێمە زۆری لەکەس قبوڵ ناکەین، دەمانەوێت وڵاتێکی دیموکراتی هەبێت و خەڵکی کوردستان بە ئارەزووی خۆی بڕیاربدات".

### هادی عامری، فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەدر و سەرپەرشتیاری رزگارکردنی سەعدیە:

# ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی هەیە کە پێکەوە سەعدیە و جەلەولا بپارێزین



### کۆسرەت رەسوڵ :
### ڕێککەوتنمان هەیە کە سەعدیە رادەستی پێشمەرگە دەکرێ

**سروە هەورامی**
**رووداو- هەولێر**

فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەدر، ڕێککەوتنێکی نێوان خۆیان و یەکێتی نیشتیمانی لەبارەی سەعدیە و جەلەولا بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێ "هیچ هێزێکی کوردی لە رزگارکردنی سەعدیە بەشدار نەبووە و ئێرانیش رۆڵی سەرەکی هەبوو لە رزگارکردنی جەلەولا و سەعدیە".

گرتنەوەی جەلەولا و سەعدیە ببووە گرێکوێرە لەبەردەم هێزەکانی پێشمەرگە، چەندین جار هەوڵی رزگارکردنی ئەو دوو شارۆچکەیە درا بەڵام بێ ئاکام بوون تاوەکو رۆژی 23/11/2014 گرێیەکە کرایەوە و هەردوو شارۆچکەکە لە دەست چەکدارانی داعش دەرهێنران.

هادی عامری، فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەدر کە هێزێکی شیعەیە، لە دوای رزگارکردنی ئەو دوو شارە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "شارۆچکەی سەعدیە تەنیا بە هێزی حەشدی شەعبی و بە پاڵپشتی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی رزگارکرا". گوتیشی "هیچ هێزێکی پێشمەرگە لە رزگارکردنی سەعدیە بەشدار نەبووە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، نێوەڕاستی هەفتەی رابردوو قاسم سلێمانی، فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێرانی کە ئێستا سەرپەرشتی شەڕەکانی سوپای عێراق دەکات لە دژی داعش و لەهەندێ ناوچە سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیش دەکات، پلانی بۆ رزگارکردنی سەعدیە و جەلەولا دارشتووە.

هادی عامری ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە سوپای ئێران رۆڵی سەرەکی هەبووە لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ رزگارکردنی ئەو دوو شارۆچکەیە "ئێران هەم بۆ جەلەولا و هەم بۆ سەعدیە زۆر هاوکاریی ئێمەی کرد و دەبێ زۆر سوپاسیان بکەین، بە فەرمیش ئەو سوپاسە رابگەیەنین".

جگە لە ئێران، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لە ئاسمانەوە و لە رێگەی فرۆکەوە لە مۆڵگەکانی داعش دەدەن. بەڵام عامری کە سەرپەرشتی پرۆسەی رزگارکردنی سەعدیەی کردووە، رەخنەی توند لە ئەمریکا دەگرێ و بە "درۆزن" ناوی دەبات. عامری هەر لە درێژەی ئەو قسانەیدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەمریکا گاڵتەمان پێدەکات و هاوکاریمان ناکات، بەس درۆ دەکەن، بەڵام ئێران لەسەر ئەرز هاوکارییەکی جددی ئێمەی کرد".

بە قسەی فەرماندەی بەدر بێت، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگەشیان کردووە لە رزگارکردنی جەلەولا.

لەو هێرشەدا کە هەر رۆژی یەکشەممە دەستیپێکرد و تەواوبوو، 20 پێشمەرگە شەهیدبوون و نزیکەی 40 پێشمەرگەش بریندار بوون کە زۆربەیان بەهۆی بۆمبی چێنراو بوونە قوربانی.

دوای رزگارکردنی جەلەولا، مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە خۆی یەکێک بوو لە بەشداربووانی شەڕەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە وەک هەرێمی کوردستان هەردوو ناحیەکە بە دوو شوێنی ناکۆکی لەسەر دەزانین، تکاش دەکەین هیچ کەسێک لە بەعقووبە بیر لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی رابردوو و هەڕەشەکردن و فشار دروستکردن نەکاتەوە، چونکە ئەمەیان تاقیکردەوە".

مەلا بەختیار هۆشداریش دەداتە حکومەتی عێراق "ئەو سیاسەتەی هەندێک بەرپرسی پارێزگای دیالە و بەغدا دەیانگرتەبەر، وەک چەکدارکردنی هەندێک هۆزی خۆفرۆش و پشتبەستن بەو هێزانە بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایش، لەمەودوا مەحاڵە".

لەبارەی بوونی هێزی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کە ناحیەی سەعدیەی کۆنترۆڵ کردەوە، کۆسرەت رەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە هەمانکاتدا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە (رووداو)ی گوت "بڕیاریانداوە لە ماوەی 24 کاژێری داهاتوودا چۆڵی بکەن".

بەڵام هادی عامری لە قسەکانیدا بۆ (رووداو) گوتی "رێککەوتنمان هەیە لەگەڵ پێشمەرگە کە جەلەولا و سەعدیە بەهێزی هاوبەش و بە بازگەی هاوبەش بپارێزین". عامری ئاشکرای کرد کە "هیچ بەرپرسێکی کوردی یاخود هێزی پێشمەرگە بە ئێمەی نەگوتووە سەعدیە چۆڵ بکەین و رادەستی پێشمەرگەی بکەین، چونکە رێککەوتنمان هەیە و لێی ناکشێینەوە".

### سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# کوردستان لە 500 ملیۆن دۆلارەکەی بەغدا 30 ملیار دینار زەرەر دەکات



**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە ناردنی 150 هەزار بەرمیل نەوت بۆ دەرەوە لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆ، بەڵام لە وەرگرتنی 500 ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراق 30 ملیار دینار زەرەری کردووە. وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ "تورکیا لەسەر رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا قسەی خێری کردووە".

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی وردەکاری رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان و چۆنیەتی وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەرانی کورد لە حکومەتی عێراق.

سەفین دزەیی رایگەیاند دوای رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا کە لە 13/11/2014 کرا. ئێستا هەرێمی کوردستان "دەستیکردووە بە ناردنی 150 هەزار بەرمیل بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆ". گوتیشی "لە بەندەری جیهانی تورکی هەرێمی کوردستان کۆگای خۆی هەیە و سۆمۆش کۆگای خۆی هەیە". بەپێی رێکەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، هەرێمی کوردستان رۆژانە 150 هەزار بەرمیل رادەستی سۆمۆ دەکات کە داهاتەکەی راستەوخۆ دەچێتە خەزینەی عێراق، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق وەکو نیازپاکی 500 ملیۆن دۆلار دەداتە هەرێمی کوردستان، تاوەکو کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێ کە نزیکەی 9 مانگە حکومەتی عێراق بڕیویەتی.

بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئێستا هەرێمی کوردستان رۆژانە توانای هەناردەکردنی 360 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەیە بۆ دەرەوە. سەفین دزەیی دەڵێ "ئێمە تەنیا 150 هەزار بەرمیل رادەستی سۆمۆ دەکەین و ئەوی دیکە (210) هەزار بەرمیل هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دەفرۆشێ و خەرجی خۆی پێ دابین دەکات". گوتیشی "پێشنیازی ناردنی نەوتی کوردستان شتێکی نوێ نییە، ئێمە لە مانگی نیسانی رابردوو پێشنیازمانکرد کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ 100 هەزار بەرمیل هەناردە بکات، بەڵام بەغدا ئەوکات رازی نەبوو".

حکومەتی عێراق هەر لەسەرەتای ئەمساڵ 2014 بە بڕیاری نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان بڕیوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند بە داهاتی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان لە رێگەی تورکیاوە دەیفرۆشێ مووچەی خەڵکی کوردستان دابین دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە سەردانی بەغدا بکات، بەڵام تاوەکو ئەو بڕە پارەیەی بەغدا بڕیاری داوە رەوانەی هەرێمی کوردستان بکات وەکو سولفەیەک کە 500 ملیۆن دۆلارە نەگات، سەردانەکە نەکات. بەڵام بە قسەی سەفین دزەیی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە و چاوەڕێی بەغدا دەکات.

### کوردستان 30 ملیار دینار زیانی پێگەیشتووە

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە هەرێمی کوردستان لەو 500 ملیۆن دۆلارە زەرەری پێگەیشتووە "حکومەتی عێراق 500 ملیۆن دۆلار بە دیناری عێراقی دەنێرێ و ئەوەی بە دینار بگاتە کوردستان کەمترە لە 500 ملیۆن دۆلار، چونکە بەغدا بە گوێرەی حیسابی بانکی ناوەندی دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان خەرج دەکات و جیاوازی نێوان خەرجکردنی دۆلاری بانکی ناوەند و بازار بۆ 500 ملیۆن دۆلار، نزیکەی 30 ملیار دینارە".

راوێژکارێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق دەڵێ "بەشێک لەو 500 ملیۆن دۆلارە گەیشتووەو بڕیارە بەشەکەی دیکە لەنزیکترین کاتدا بگات".

فازڵ نەبی کە ئێستا راوێژکاری وەزیری دارایی عێراقە راگەیاند "300 ملیار دیناری عێراقی گەیشتووە و بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە) 283 ملیار دینارەکەی دیکە بگات". گوتیشی "بانکی ناوەندیش یەک دۆلار بە هەزار و 166 دینار خەرجدەکات و ئەمەش وایکردووە کە نزیکەی 30 ملیار دینار کەمتر بێ". بەڵام "بانکی ناوەندی کرێی رەوانەکردنی پارەکە بۆ هەرێمی کوردستان کە لە رێگەی دوو فرۆکە دەبێ، لە ئەستۆی خۆی گرتووە".

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی رۆڵی تورکیای کرد لە نزیکبوونەوەی نێوان هەولێر و بەغدا "ئەنقەرە قسەی خێری کردووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە هەم هەولێر پێویستی بە بەغدایە و هەمیش بەغدا پێویستی بە هەولێرە، هەردوولاش پێویستیان بە تورکیا هەیە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24



## وەزیری دارایی: زوو وەڵامی پەرلەمان بدەنەوە

**رووداو- هەولێر**

ڕێباز محەممەد، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایەک ئاڕاستەی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتەکەی دەکات و داوایان لێدەکات لە کاتی ئاڕاستەکردنی پرسیاری پەرلەمانتاراندا پێویستە لەماوەی 15 رۆژدا وەڵام بدەنەوە. بەپێی نووسراوێک کە بە ژمارە 8061 لە 2014/11/16، دەرچووەو وەزیری دارایی و ئابووری لەسەرە، داوا لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتەکەی دەکات، لەماوەی 15 رۆژدا وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەنەوە، ئەگەرنا خۆیان بەرپرسیار دەبن.

# 10 هەزار پۆلیس و سەرباز بۆ رزگارکردنی مووسڵ ئامادە دەکرێن

### سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ: عەبادی پێیگوتم بەهەماهەنگی لەگەڵ هەولێر مووسڵ رزگار دەکەین

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

10 هەزار پۆلیس و سەرباز و خۆبەخش لە چوار سەربازگەدا مەشقیان پێدەکرێ، وەک ئامادەکارییەک بۆ هێرشکردنە سەر چەکدارانی داعش لە مووسڵ و ئازادکردنی شارەکە لەدەستی ئەو چەکدارانە. ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵیش بەڵێنیان لە حەیدەر عەبادی وەرگرتووە کە پێشمەرگە بەشداری لە رزگارکردنی مووسڵدا بکات، سەرپەرشتیاری ئەو هێزەی کە ئێستا لە مەشقدایە، دەڵێت ئەمریکییەکان دووجار سەردانی سەربازگەی دووبەردانیان کردووە بۆ مەشقدانی هێزەکە.

بۆ یەکەمجار بەرپرسێکی باڵای مووسڵ باسی پلانی کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ دەکات و دەڵێت "عەبادی پێیگوتم رزگارکردنی مووسڵ بۆ ئێمە مانای رزگارکردنی عێراقە".

لە ماوەی رابردوودا شاندێکی 22 کەسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ هەریەک لە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق و چەند لایەنێکی ئەمنی و ئیداری کۆبوونەوە و باسی پلانی رزگارکردنی مووسڵیان کرد.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بە (رووداو)ی گوت "ئێستا لە چوار سەربازگەدا ئامادەکاری دەکرێت بۆ هێرشکردنە سەر مووسڵ، لە دوو لەو سەربازگانە چەند رۆژێکە مەشقکردن دەستیپێکردووە و لە دووەکەی دیکەش هەموو ئامادەکارییەک کراوە، لەم دوو رۆژەدا مەشق دەستپێدەکات".

لە هەردوو سەربازگەی بەغدا و هەولێر نزیکەی 7 هەزار پۆلیس و خۆبەخش چەند رۆژێکە خەریکی مەشقکردنن، جگە لەوەش لە هەردوو پارێزگاکانی دهۆک و کەرکووکیش سەربازگەکان تەواو بوونە و لەم رۆژانەش 3 هەزار چەکدار دەست بە مەشقکردن دەکەن.

کیکی زۆرتری لەبارەی پلانی رزگارکردنی مووسڵ باسکرد و گوتی "ئێمە لە بەغدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق و سەرجەم بەرپرسانی بەغدا بەڕوونی باسی رزگارکردنی مووسڵمان کرد، هەموویان زۆر رژدن کە بەزووترین کات دەبێ شاری مووسڵ رزگار بکرێت، عەبادی بەمنی گوت، رزگارکرنی مووسڵ دەبێ بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ هەولێر، ناتوانین بەبێ هەولێر مووسڵ کۆنترۆڵ بکەین".

ئەو بەرپرسەی مووسڵ دەڵێت "کە ئێمە گەڕاینەوە دوو هەزار پارچە چەکی سووک و گرانمان بە رێگای فرۆکەخانەی هەولێر هێنا، بۆئەوەی بیدەینە ئەوانەی لە هەولێر و دهۆک مەشق دەکەن".

نەک تەنیا باسی رزگارکردنی مووسڵ، بەڵکو باسی قۆناغی دوای کۆنترۆڵکردنی مووسڵیش کراوە، کیکی دەڵێت "باسی قۆناغی دوای داعشمان کرد کە چۆن ئەم خەڵکە قەرەبوو بکرێنەوە، بە چ شێوەیەک دەتوانین هزری داعش لە سەری خەڵکی دەربهێنین".

مووسڵ دووەم گەورەترین شاری عێراقە لە دوای بەغدای پایتەخت، ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 3 ملیۆن کەسە. رۆژی 2014/6/10 چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر ئەو شارە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا داگیریان کرد.

جگە لەو 10 هەزار سەرباز و خۆبەخشە، چەندین کەسایەتی دیکەی عەرەبی عەشائیری مووسڵ ئێستا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر مووسڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێت "ئەو 10 هەزار کەسە لە هەموو پێکهاتەکانی مووسڵن، عەرەب، کورد و تورکمان کە زۆربەیان پێشتر پۆلیس بوون لە مووسڵ، هەندێکیشیان سەربازی سوپای عێراقن".

کیکی مژدە دەداتە ئاوارەکانی مووسڵ و دەڵێت "گەڕانەوە بۆ مووسڵ نزیک بووە، ئێستا 90%ی خەڵکی ناو مووسڵیش باوەڕی بە داعش نەماوە، چەند مانگێکی کەم ماوە هەموو مووسڵ رزگار دەبێت".

عەمید عەواد، بەڕێوەبەری پۆلیسی شنگال کە سەرپەرشتی سەربازگەی دووبەردان دەکات لە شاری دهۆک، دەڵێت "ماوەیەکی درێژە لیژنەمان پێکهێناوە بۆ ناونووسکردنی ئەو پۆلیسانە و تا ئێستا نزیکەی 4 هەزار پۆلیس لە هەموو نەتەوەکان ئامادەن و ئەو سەربازگەیە تەواو بووە و ئامادەکراوە بۆ مەشق. جگە لە پارێزگاری مووسڵ، دووجار هێزەکانی ئەمریکا سەردانی ئەو سەربازگەیەیان کردووە".

عەواد باسی ئەو پۆلیسانەی کرد کە پەیوەندییان پێوەکردوون و گوتی "سەرجەم ئەوانەی پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن ئەوانەن کە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، نابێت پۆلیسێک یان سەربازێک بێت کە ئێستا ماڵی لە مووسڵ بێت".



# ئەورووپا بۆ پێشمەرگە چاوپۆشی لە یاساکانی دەکات

### پسپۆڕێکی یاسایی دانیمارکی: پێشمەرگە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان و لە هیچ لیستێکی تیرۆردا نین

**رووداو- کۆپنهاگن، ئۆتاوا**

داوا لە ئەورووپییەکان دەکرێ پێش ئەوەی سەفەری کوردستان بکەن بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەوە، بە وردی بەو بڕیارەیاندا بچنەوە.

دلاوەر ئازگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا لە برۆکسل بە (رووداو)ی گوت کە هەرێمی کوردستان وەک پێشتریش رایگەیاندووە، پێویستی بە پێشمەرگەی زیاتر نییە.

"دەزانین هەندێک لە و هاووڵاتیانەی کەسوکاریان لەوێیە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن، بەڵام ئەوان پێویستە بەپێی یاسای وڵاتەکانی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن".

ئەم قسانەی نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەوە هات کە چوونی خەڵکی ئەورووپی -کورد و غەیرە کورد- بۆ باشوور و رۆژئاوای کوردستان بە مەبەستی شەڕکردن لەدژی داعش، بووە سەردێڕی ژمارەیەک رۆژنامە و بابەتی میدیاکان.

بەگوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی (نۆس)ی هۆڵەندی، سێ ئەندامی گرووپێکی مۆتۆرسواری هۆڵەندی گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی بچنە ریزەکانی پێشمەرگە. ئەو سێ کەسە وەک رۆژنامەکە دەڵێت پێشتر سەرباز بوون و ئەندامی گرووپی ماتۆرسواری "نۆ سەرێندەر"ن. سەرۆکی گرووپەکە کلاس ئۆتۆ، دەڵێت ئەوان ئێستا لە بەرەکانی شەڕدان. پێشتر لە سووریا بوون و ئێستاش لە هەرێمی کوردستانن.

ئۆزلەم جەکیج، پەرلەمانتاری دانیمارکی بە رەچەڵەک کورد لەو رووەوە هۆشداری دەدات و دەڵێت "چەند کەسێکی کورد لە دانیمارک دەیانەوێت بچنە کۆبانی و هەرێمی کوردستان تاوەکو شەڕ لە دژی داعش بکەن، رای من ئەوەیە کە نەچن، چونکە زۆر مەترسیدارە".

تەنیا مۆتۆڕسوارە هۆڵەندییەکان نین کە ئێستا لە بەرەکانی شەڕدان لە عێراق و سووریا. نزیکەی 120 موسڵمانی هۆڵەندی ئێستا لە بەرەکانی شەڕدان، بەڵام لە ریزەکانی داعشدا.

حکومەتەکانی ئەورووپا رێکاری توند بەرامبەر ئەو کەسانە دەگرنەبەر کە دەچنە ریزەکانی داعشەوە. بەریتانیا تەنانەت بیر لە زیندووکردنەوەی یاسایەکی کۆن دەکاتەوە کە بەپێی ئەو یاسایە، هەرکەس پەیوەندی بە دەوڵەتەکەی داعشەوە بکات بە "خیانەتکار" ئەژمار دەکرێت.

بەپێی یاساکانی هۆڵەندا، پەیوەندیکردن بە ریزەکانی داعشەوە تاوانە، چونکە رێکخراوێکی تیرۆریستییە. بەڵام پێشمەرگە مۆتۆرسوارەکان رووبەڕووی رێکاری یاسایی ناکرێنەوە.

ویم دی بریەن، گوتەبێژی ئۆفیسی داواکاری گشتیی هۆڵەندا بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند "پێشتر ئەو جۆرە پەیوەندیکردنە بە هێزی بیانییەوە تاوان بوو، بەڵام چیدی قەدەغە نییە".

بەڵام ئەو هاووڵاتیانی هۆڵەندی ئاگادار دەکاتەوە کە ناتوانن پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بکەن، چونکە ئەویش وەکو "رێکخراوێکی تیرۆریستی" ناسراوە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە.

ئەو شەڕەی زیاتر لە 45 رۆژە لە کۆبانی گەرم بووە، هانی هەندێک لە هاووڵاتیانی ئەورووپی داوە پەیوەندی بە هێزە کوردییەکانەوە بکەن.

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵ، ئێستا دوو گەنجی ئەڵمانی، ئەمریکییەک، کچێکی دانیمارکی و یەکێکی دیکەی جوولەکە لە ریزی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPGدان.

جۆن ریبەر نۆردبای، شارەزا لەبواری یاسا لە ئەکادیمیای بەرگریی دانیمارکی پێیوایە کە دەسەڵاتدارانی ئەورووپا زۆریان بەلاوە ئاساییە ئەگەر کورد بچنە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکەن "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەهاکانی رۆژئاوا بەڕێوەدەبرێت و لە زۆر سیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشترە. هێزەکانی پێشمەرگە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان و لە هیچ لیستێکی تیرۆردا نین". نۆردبای هەروەها گوتی "هەر ئەوەندەی کە کوردە ئەورووپییەکان شەڕ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و یاساکانی شەڕ پێشێل نەکەن و تاوانی جەنگ نەکەن، هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نابێ".

### پێشمەرگەی کەنەدی

لەو کاتەی بەشێک لە رۆژئاواییەکان شەڕکردن لە ریزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل هەڵدەبژێرن، هەندێکی دیکە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و دەچنە ریزی پێشمەرگە.

لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک سەربازی پێشووی سوپای کەنەدا، بڕیاریان دا بێنە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی شانبەشانی پێشمەرگە شەڕ لەدژی داعش بکەن.

میدیای کەنەدی لەو رووەوە بڵاویکردەوە کە یەکێک لەو سەربازانە ئێستا لەنێو پێشمەرگەدایە. رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بە گرنگییەوە باس لەوە دەکەن کە گەنجە کەنەدیەکان بە پێچەوانەی گەنجە رادیکاڵە ئەورووپییەکانەوە کە پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن، ئەمان دەچنە بەرەی دژ بە توندوتیژی.

ئاژانسی هەواڵی (CBC)ی کەنەدی دەڵێت زیاتر لە 10 سەربازی پێشووی سوپای کەنەدا خۆیان بۆ چوونە نێو پێشمەرگە ئامادەکردووە و یەکەیەکی تایبەتیان دروستکردووە کە ناوی ئەو سەربازنەی تێدا تۆمارکراوە. بەگوێرەی ئاژانسەکە هەندێک لەوانە راستەوخۆ بەشداری لە جەنگدا دەکەن و هەندێکیشیان خۆیان تەرخانکردووە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ پێشمەرگە.

هەر لەوبارەوە رۆژنامەی ناشناڵ پۆستی کەنەدی لە راپۆرتێکیدا رایگەیاند کە یەکێک لەو سەربازانە هەفتەیەک پێش ئێستا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ئەو سەربازە پێشتر لەگەڵ سوپای کەنەدا بەشداری لە جەنگی ئەفغانستاندا کردووە.

گوتەبێژێک بەناوی وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا گوتی کە حکومەتی وڵاتەکەی لە چوونی ئەو سەربازە کەنەدییانە بۆ کوردستان ئاگادارە.

حکومەت پێشتر داوای لە خەڵکی کەنەدا کردبوو گەشت بۆ سووریا و عێراق نەکەن، بەڵام ئەو گوتەبێژەی وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا باسی هیچ رێگرییەکی حکومەتی وڵاتەکەی نەکرد لە چوونی ئەو سەربازانە بۆ نێو ریزەکانی پێشمەرگە.

خۆبەخشە کەنەدیەکەی کە گەیشتووەتە کوردستان ناوی دیلۆن هیلەرە و دەڵێت کورد لایان گرنگ نییە کە من مسوڵمانم یان نا، پێشموایە بە چوونم بۆ نێو پێشمەرگە کارێکی باشم کردووە.



داعشێکی دەستگیرکراوی کورد بۆ (ڕووداو):

# لە مەخموورەوە بە بازگەی پێشمەرگەدا تێپەڕیم بۆ مووسڵ

**حاجی، ناوە داعشییەکەی گەنجێکی کوردی تەمەن 19 ساڵی خەڵکی هەرێمی کوردستانە. بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری پڕ لە تەقینەوەوە لە لایەن داعشەوە لە سەعدیەوە ڕەوانەی کەلار دەکرێ بۆ ئەوەی خۆی بە بازگەیەکی ئاسایشدا بتەقێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەرکە جێبەجێ ناکات و هەر هەمان ڕۆژ لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت.**

**ئەو گەنجە دەڵێت لەگەڵ هاوڕێیەکی لەڕێگەی فەیسبووکەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و لە ناوچەکەی خۆیانەوە چوونەتە کەرکووک و دواتریش بە نێو مەخموورردا ڕۆیشتووە بۆ مووسڵ، بەبێ ئەوەی لە هیچ بازگەیەک لێی بپرسن بۆ کوێ دەچێت. ئەو گەنجە کە ئێستا لە زیندانی ئاسایشدایە، تەواوی بەسەرهاتی خۆی لە نێو داعش بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە.**

**هەڤپەیڤین: هێمن عەبدوڵڵا**



**ڕووداو: چۆن پەیوەندیت بە داعشەوە کرد؟**
**حاجی:** لە ڕێگەی فەیسبووکەوە.
**ڕووداو: فەیسبووکت هەبوو؟**
**حاجی:** نەخێر هی ڕەفیقێکم بوو.
**ڕووداو: کوڕەکە هەر لە ناوچەکەی خۆتان بوو؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: ئەو برادەرەت چۆن ناسی؟**
**حاجی:** لە ڕێگەی مزگەوتەوە ناسیم.
**ڕووداو: لە مزگەوت مامۆستایەکتان هەبوو، یان بە ڕێککەوت یەکدیتان ناسی؟**
**حاجی:** لەلای ماڵی خۆمان بوو، پێشتر دەمناسی، بەڵام لە مزگەوت زیاتر ناسیم.
**ڕووداو: لە مزگەوت زیاتر باسی چیتان دەکرد؟**
**حاجی:** هەر باسی جیهادمان دەکرد.
**ڕووداو: جیهاد مانای چییە؟**
**حاجی:** مانای ئەوەیە حوکمی قورئان بە جیهاد جێبەجێ دەکرێت.
**ڕووداو: لەلای من جیهاد ئەوەیە بچم نان بدەمە هەژارێک، ئەی لای تۆ جیهاد چییە؟**
**حاجی:** جیهادی دیکە هەیە و جیهادی قیتالیش هەیە.
**ڕووداو: جیهادی قیتال چییە؟**
**حاجی:** ئەوەیە کە پێغەمبەر کردوویەتی.
**ڕووداو: پێغەمبەر لەبەرامبەر کێ کردوویەتی؟**
**حاجی:** ئەوانەی حوکمیان بە قورئان نەکردووە.
**ڕووداو: تۆ دەڵێیت لە ڕێگەی فەیسبوکی هاوڕێکەتەوە پەیوەندیت کرد، چۆن پەیوەندیتان کرد؟**
**حاجی:** من خۆم لە فەیسبووکم نەدەزانی، ئەو لە فەیسبووکی دەزانی. لە ڕێگەی فەیسبووکەوە ڕێگەکەمان دۆزییەوە و ڕۆیشتین بۆ ئەوێ
**ڕووداو: چۆن ڕێگەتان دۆزییەوە؟**
**حاجی:** لە ڕێگەی ڕەقەم تەلەفۆنەوە، دواتر بە قاچاخ ڕۆیشتین؟
**ڕووداو: ڕەقەم تەلەفۆنەکە هی کێ بوو؟**
**حاجی:** یەکێکی عەرەب بوو.
**ڕووداو: ڕەقەم تەلەفۆنەکە هی چ وڵاتێک بوو؟**
**حاجی:** هی عێراق بوو.
**ڕووداو: پێیگوتن وەرن بۆ کوێ؟**
**حاجی:** گوتی وەرن بۆ کەرکووک.
**ڕووداو: چۆن متمانەتان کرد، کە ئەو کەسە عەرەبە داعشە؟**
**حاجی:** ئەو خەڵکی ڕادەکێشا لە فەیسبووک.
**ڕووداو: لەگەڵ هاوڕێکەت بە یەکەوە ڕۆیشتن؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: هاوڕێکەت نەیگوت دەچین بۆ کوێ؟**
**حاجی:** گوتی دەڕۆین بۆ نێو دەوڵەتی ئیسلامی، 26 ڕۆژ دوای گرتنی مووسڵ ئێمە ڕۆیشتین.
**ڕووداو: هەواڵی گرتنی مووسڵت لە کوێ بیست؟**
**حاجی:** لە تەلەفزیۆن.
**ڕووداو: چ هەستێکت هەبوو کە دەوڵەتی ئیسلامی لە مووسڵ دامەزرا؟**
**حاجی:** پێمخۆشبوو حوکمی قورئان هەبێت.
**ڕووداو: پێتوابوو دەوڵەتی ئیسلامی حوکمی قورئان جێبەجێ دەکات؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: ئێستاش پێتوایە؟**
**حاجی:** حوکمی قورئان جێبەجێ دەکات. جا نازانم ئێستا، چونکە 6 ڕۆژە هەواڵم نییە.
**ڕووداو: کە گەیشتییە کەرکووک چی ڕوویدا، چیت بینی؟**
**حاجی:** لەوێ پیاوێکی عەرەبم بینی. زۆر بە تەمەن نەبوو، تەمەنی وەکو تۆ دەبوو، بەڵام لاواز بوو وەکو تۆ قەڵەو نەبوو.
**ڕووداو: ئەو کەسە کوردی دەزانی؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: ئەی تۆ چۆن قسەت لەگەڵ دەکرد؟**
**حاجی:** ڕەفیقەکەم عەرەبی دەزانی، ئەو قسەی لەگەڵ دەکرد.
**ڕووداو: ئەی دواتر؟**
**حاجی:** دواتر ئۆتۆمبێلێکی ڕەش لە کەرکووک بەدواماندا هات.
**ڕووداو: ئەو ئۆتۆمبێلە ئێوەی برد بۆ کوێ؟**
**حاجی:** بۆ نزیک مووسڵ.
**ڕووداو: لە ڕێگا تووشی بازگەی پێشمەرگە نەبوون؟**
**حاجی:** با، بەڵام نەیانپرسی دەچن بۆ کوێ. پیاوەکەی کەرکووک هەتا نزیک مووسڵی بردین و گەڕایەوە. دواتر ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەساسی مۆدیل تازە هات بەدواماندا.
**ڕووداو: ئەویش عەرەب بوو؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: چۆن پێشوازی لێکردن؟**
**حاجی:** ئەملاو ئەولای ماچ کردین و هەندێک پارەی دایە عەرەبەکەی کەرکووک و ڕۆیشتین.
**ڕووداو: بیرت نەماوە بە کوێدا ڕۆیشتن بۆ مووسڵ؟**
**حاجی:** بە نێو مەخمووردا ڕۆیشتین.
**ڕووداو: لە مووسڵ ئێوەیان برد بۆ کوێ؟**
**حاجی:** ئێمەیان برد بۆ قەسری سەدام.
**ڕووداو: کێی لێ بوو؟**
**حاجی:** 14 کەسی لێبوو. زۆربەیان عەرەب بوون، 2 بیانی تێدابوو.
**ڕووداو: قسەتان لەگەڵ کردن؟**
**حاجی:** برادەرەکەم قسەی لەگەڵ کردن.
**ڕووداو: لەکاتی چوونتان بۆ مووسڵ نەدەترسان لە ڕێگا بگیرێن؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: ئەگەر پێشمەرگەیەک لەو ڕێگەیە تۆی بگرتایە چیت پێدەگوت؟**
**حاجی:** دەمگوت کوردم.
**ڕووداو: بەڵام لە ئیسلامدا ئەوە ڕاستە تۆ قسەیەکی ناڕاست بکەی؟**
**حاجی:** ئیدی ناچارین.
**ڕووداو: چەند سورەتی قورئانت لەبەرە؟**
**حاجی:** لەبەرم نییە بەڵام نزیکەی 10 — 12 سورەتم خوێندووەتەوە.
**ڕووداو: ئەو شەوە لە قەسری سەدام نووستن، ڕۆژی دواتر چی ڕوویدا؟**
**حاجی:** باخچەیەکی گەورە لە کۆشکەکەدا هەبوو، لەوێ دەسووڕاینەوە.
**ڕووداو: چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە.**
**حاجی:** 3 ڕۆژ و چوار شەو.
**ڕووداو: لەوێ هیچ کوردێکتان بینی؟**
**حاجی:** لە دوایین ڕۆژدا کوردێکمان بینی. کەسێک هات ناوی ئەبوبەکر بوو.
**ڕووداو: ئەبوبەکر ئیشی چی بوو؟**
**حاجی:** نازانم، هەر لەوێ بوو.
**ڕووداو: ئەبوبەکر باسی چی دەکرد؟**
**حاجی:** باسی کرد کە بۆ کوێ دەڕۆین، بە منی گوت دەتنێرم بۆ سەعدیە.
**ڕووداو: ئەبوبەکر خەڵکی کوێ بوو، بە بادینی قسەی دەکرد یان سۆرانی؟**
**حاجی:** نازانم خەڵکی کوێ بوو، بەڵام وەکو ئێمە (سۆرانی) قسەی دەکرد.
**ڕووداو: سەروسیمای ئەبوبەکر چۆن بوو؟**
**حاجی:** سەر و ریشی ڕەش بوو، بەڵام تاڵ تاڵی سپی تێدابوو، ریشی درێژ بوو.
**ڕووداو: کە ئەبوبەکرت بینی، بیرت لەوە نەدەکردەوە کە تۆش ناتوانی قژ و سەرت بتاشی؟**
**حاجی:** ریش تاشین نا، من نزیکەی ساڵێکە ریشم بە موس ناتاشم، تەنیا کورتی دەکەمەوە.
**ڕووداو: بۆچی؟**
**حاجی:** چونکە قژ درێژکردن سوننەتە و ریش تاشین حەرامە.
**ڕووداو: لە کوێ دەزانی حەرامە؟**
**حاجی:** لە حەدیسدا هەیە و من لە کتێب خوێندوومەتەوە.
**ڕووداو: چ کتێبێک؟**
**حاجی:** سەحیحی موسلیم

## چوومە ناو داعش بۆ ئەوەی موسڵمانانی فەلەستین و بۆرما ڕزگار بکەم

## لە کوردستان ئافرەتی دووسەرم زۆر بینیوە

## مۆبایلم هەڵنەدەگرت چونکە هیچ ڕەفیقێکم نەبوو

**ڕووداو: ئەو کتێبە چی دیکەی تێدابوو کە زۆر کاریگەری لەسەر تۆ هەبووبێت؟**
**حاجی:** نیشانەکانی ڕۆژی دوایی.
**ڕووداو: ئەو نیشانانە چی بوون؟**
**حاجی:** ئافرەتی دوو سەر زۆر دەبن.
**ڕووداو: تۆ ئافرەتی دوو سەرت بینیوە؟**
**حاجی:** بەڵێ. ئەو ئافرەتانەی پرچیان لە پشتەوە دەبەستن وەکو پشتی حوشتر.
**ڕووداو: چ نیشانەیەکی دیکەی باس کردووە؟**
**حاجی:** باسی ئەو شەڕەی سووریای تێدایە. هەروەها پیاو برۆی دەتاشێت، زینا و داوێنپیسی زۆر دەبێت.
**ڕووداو: هەستت کردووە لە کوردستان داوێنپیسی زۆر دەبێت؟**
**حاجی:** بەڵێ؟
**ڕووداو: قەت بینیوتە؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: ئەی چۆن دەزانی زیاد بووە؟**
**حاجی:** ئەوە دەزانم کە خەڵک تووشی زینا دەبێت.
**ڕووداو: ئەبوبەکر بە تۆی گوت دەتبەم بۆ سەعدیە، نەیگوت بۆچی دەتبەم بۆ سەعدیە؟**
**حاجی:** گوتی لەوێ ڕاهێنان هەیە و ئۆتۆمبێلی تەقینەوە هەیە، منیش گوتم باشە.
**ڕووداو: تۆ داتنابوو خۆت بتەقێنیتەوە؟**
**حاجی:** نەخێر من فکرەی ئەوەم هەبوو ئۆتۆمبێلەکە ببەمە شوێنێک و بتەقێتەوە.
**ڕووداو: ئەی دوایی لە کۆشکی سەدام چیتان کرد؟**
**حاجی:** دواتر ڕۆیشتین بۆ ماڵی عەرەبێک لەناو مووسڵ. کابرا مەرزیەیەکی پێبوو. منی تەسلیمی کابرایەکی دیکە کرد لە نزیک سەلاحەددین، ئەویش هەر مەرزیەی پێبوو.
**ڕووداو: کەسی دیکەت لەگەڵ بوو؟**
**حاجی:** نەخێر من بە تەنیا بووم.
**ڕووداو: ئەی برادەرەکەت؟**
**حاجی:** ئەو چوو بۆ تەلعەفەر.
**ڕووداو: چۆن ماڵئاواییتان لە یەکدی کرد؟**
**حاجی:** ئاسایی بوو، چونکە من لەبەر خاتری ئەو نەڕۆیشتبووم.
**ڕووداو: لە سەلاحەددین چیتان کرد؟**
**حاجی:** لەگەڵ کەسێکی دیکە ڕۆیشتم کە مەرزیەیەکی تاکی پێبوو. چووین بۆ خانوویەکی چۆڵ لە نێو سەلاحەددین.
**ڕووداو: دەکرێت ماڵی کوردێکی موسڵمان بووبێت؟**
**حاجی:** نەخێر ماڵی شیعە بوو.
**ڕووداو: بۆ شیعە موسڵمان نین؟**
**حاجی:** نەخێر موسڵمان نین.
**ڕووداو: ئەی چین؟**
**حاجی:** کافرن.
**ڕووداو: لە قورئاندا دەڵێت ئەوان کافرن؟**
**حاجی:** موشریک کافرن، هاوار بۆ ئیمام عەلی و حەسەن دەبەن، سوجدە بۆ قەبرەکەی دەبەن، لە جیاتی حەج تەوافی گۆڕی ئیمام حەسەن دەکەن.
**ڕووداو: داتاننابوو کە بچنە مووسڵ شیعە بکوژن؟**
**حاجی:** چووبووین کافر بکوژین.
**ڕووداو: لە سەلاحەددین چیتان کرد و چەند ڕۆژ لەوێ بووی؟**
**حاجی:** دوو ڕۆژ لەوێ بووین، ئەو کوڕە بە ڕۆژ دەهاتە لای من و بە شەویش دەڕۆیشت.
**ڕووداو: تۆ تاوەکو ئەو کاتە نزیکەی هەفتەیەک بوو لە ماڵەوە دوورکەوتبوویتەوە، بیری دایکت نەدەکرد؟**
**حاجی:** هەر یەکەم ڕۆژ تەلەفۆنم بۆ کرد.
**ڕووداو: دایکت چی گوت؟**
**حاجی:** هیچ، بەس دەگریا و دەیگوت وەرەوە، منیش گوتم باشە، بەڵام دڵم شکاند و نەگەڕامەوە.
**ڕووداو: ئێستا کە بیرت دێتەوە هەست ناکەی بێ سۆز بووی بەرامبەر دایکت؟**
**حاجی:** هەزاران کەس هەن لە فەلەستین لە دایکیان دوورن، لە زیندانی جولەکەن. خوشک و دایکیان لە سووریا و بۆرما دەکوژرێن، بە مشار دەیانبڕنەوە. ئێمە بۆ ڕزگارکردنی ئەو موسڵمانانە ڕۆیشتین.
**ڕووداو: لە ئاواییەکەی ئێوە وا لە موسڵمان دەکرا؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: ئەی بۆ جێتهێشت؟**
**حاجی:** حەدیسی پێغەمبەر هەیە کە دەڵێت موسڵمانان گشتیان خوشک و بران.
**ڕووداو: دوای دوو ڕۆژەکەی سەلاحەددین چی ڕوویدا؟**
**حاجی:** لەو ماڵە ڕۆشتین و منیان تەسلیمی شوفێرێکی عەرەب کرد، کە ئۆتۆمبێلێکی دوو تەنی پێبوو، ماوەیەکی زۆر بە ڕێگەی خۆڵ و قیرتاوکراودا ڕۆیشتین، تاوەکو گەیشتینە ئاوێک، دواتر بە بەلەمێک کە دوو کەسی تێدابوو لە ئاوەکە پەڕینەوە. ڕۆیشتین بەرەو ئۆتۆمبێلێکی سوور، هەرسێکمان سەرکەوتین، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین و گەیشتینە سەعدیە.
**ڕووداو: سەعدیە خەڵکی تێدابوو؟**
**حاجی:** مەدەنی کەم تێدابوو.
**ڕووداو: هیچ کوردێکی تێدابوو؟**
**حاجی:** نازانم.
**ڕووداو: ئەوانەی لەوێ بوون تەنیا عێراقی بوون؟**
**حاجی:** بەڵێ، بەڵام هەموو شوێنەکان نەگەڕام.
**ڕووداو: ئەی مۆبایلت پێبوو؟**
**حاجی:** نەخێر هەر لە ئەوەڵەوە مۆبایلم پێنەبوو.
**ڕووداو: ئەی بە مۆبایلی کێ قسەت لەگەڵ دایکت کرد؟**
**حاجی:** بە مۆبایلی برادەرەکەم.
**ڕووداو: بۆچی مۆبایلت پێنەبوو؟**
**حاجی:** من هەر مۆبایلم هەڵنەدەگرت.
**ڕووداو: بۆچی؟**
**حاجی:** چونکە هیچ ڕەفیقێکم نەبوو.
**ڕووداو: دوایی لە سەعدیە چی ڕوویدا؟**
**حاجی:** چووینە خانوویەک ماوەیەک لەوێ مامەوە، تاوەکو ئەو ئۆتۆمبێلەیان بۆ ئامادەکردم.
**ڕووداو: لە سەعدیە ئۆتۆمبێلێکیان بۆ ئامادەکردی بۆ تەقینەوە؟ ئۆتۆمبێلێکی چۆن بوو؟**
**حاجی:** دوو تەنییەک بوو.
**ڕووداو: چییان پێگوتی؟**
**حاجی:** گوتیان بڕۆ لە فلان شوێن بیتەقێنەوە.
**ڕووداو: چۆن تێگەیشتی خۆ تۆ عەرەبیت نەدەزانی؟**
**حاجی:** کوردێکی لێبوو ناوی ڕەحمان بوو.
**ڕووداو: ڕەحمان یان عەبدولڕەحمان؟**
**حاجی:** بە ڕەحمان و عەبدولڕەحمان بانگیان دەکرد.
**ڕووداو: چیتان گوت بەیەکەوە؟**
**حاجی:** باسی جیهادی بۆ دەکردم.
**ڕووداو: چۆن باسی جیهادتان دەکرد، تۆ هێشتا نەتتوانیوە قەناعەت بە من بهێنی کە بچم بۆ جیهاد؟**
**حاجی:** ئاخر منیش نازانم، من دەرسی شەرعیم نەخوێندووە. بەڵام لە قورئان و فەرمووددا هەیە. هەموو شتێک لە قورئان ڕوونکراوەتەوە. تەنانەت باسی چوونە سەر ئاویشی تێدایە.
**ڕووداو: کێ تەفسیری قورئانی بۆ دەکردی؟**
**حاجی:** گوێم لە مەلا هەندرێن دەگرت، بە دەنگ هەیە لە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرایەوە.
**ڕووداو: واتە تۆ لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە تێگەیشتی لە قورئان کە دەبێت جیهادی قیتال بکەی؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: عەبدولڕەحمان پێیگوتی ئەو ئۆتۆمبێلە دەبەیت و دەیتەقێنیتەوە، شوێنەکەی پێگوتی؟**
**حاجی:** بەڵێ، بازگەیەکی ئاسایش بوو.
**ڕووداو: ئەوانەی لە بازگەکە بوون کورد بوون، سوننە و موسڵمانیش بوون، بیرت لەوە نەکردەوە کە چۆن دەبێت من کوردێکی موسڵمانی سوننە بکوژم؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: لەوێ ناوت بۆ دانرا؟**
**حاجی:** بەڵێ.
**ڕووداو: چ ناوێک؟**
**حاجی:** حاجی. خۆم داوام کرد ئەو ناوەم بۆ دابنێن.
**ڕووداو: چەند ڕۆژ لە سەعدیە مایەوە؟**
**حاجی:** نزیکەی 4 مانگ مامەوە.
**ڕووداو: ژنت نەهێنا؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: ژنی لێبوون؟**
**حاجی:** بەڵێ خێزانی خەڵک بوون.
**ڕووداو: جیهادی نیکاح لەوێ هەبوو؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: لە دەرەوە ژنتان دەبینی؟**
**حاجی:** بەڵێ، بەڵام بەس چاویان دیار بوو.
**ڕووداو: ئەگەر تەقینەوەیەک بکرێت شیعەیەک بمرێت بە بڕوای تۆ لەو دونیا دەچێت بۆ جەهەننەم؟**
**حاجی:** ئەو خۆی ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە. دوو ڕێگە هەیە ڕێگەی شەیتان و ڕەحمان.
**ڕووداو: باشتر نییە ڕێگەی ڕاستی پێشان بدەی لە جیاتی ئەوەی بیکوژی؟**
**حاجی:** خۆی دەیزانێت، بەڵام ڕێگا هەڵەکەی هەڵبژاردووە.
**ڕووداو: ئەو دوو تەنیەی بەنیاز بوویت بە بازگەکەدا بیتەقێنیتەوە لە کوێ بوو لە ناو سەعدیە بوو؟**
**حاجی:** نەخێر لەوبەری ئاوەکە بوو.
**ڕووداو: خۆت ئۆتۆمبێلەکەت لێدەخوڕی؟**
**حاجی:** نەخێر کەسێکی دیکە لێیدەخوڕی کە عەرەب بوو.
**ڕووداو: چیتان کرد؟**
**حاجی:** بەیانییەکی زوو بەڕێکەوتین، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین تاوەکو گەیشتینە گوندێک، کەمێک لەوێ وەستاین و دووبارە بەڕێکەوتینەوە تاوەکو گەیشتینە چاڵاییەک، بەڵام دواتر دەنگی تەیارە هات ئۆتۆمبێلەکانمان لە یەکدی دوورخستەوە. دواتر پیاوێکی دیکە هات ریشنێک بوو فێری دەکردین چۆن پەنجە دەنێین بە دوگمەکە دا. ئۆتۆمبێلەکە دوو دوگمەی تێدابوو، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان لە کارکەوت پەنجە بنێین بەوەی دووەمیان. هەروەها سیمکارتێکی پێوە لکێنرابوو، بۆ ئەوەی لە دوورەوە خۆیان بە مۆبایل بیتەقێننەوە.
**ڕووداو: ئەی تۆ هیچت لە خۆت قایم نەکردبوو؟**
**حاجی:** با، من پشتێنەیەکی بۆمبڕێژکراوم لە خۆم بەستبوو.
**ڕووداو: چۆن بڕیارت دا شتێک لە خۆت ببەستی و بتکوژێت؟**
**حاجی:** وەڵڵا نازانم.
**ڕووداو: قەناعەتیان پێکردی، یان خۆت بڕیارت دا؟**
**حاجی:** خۆم بڕیارم دا.
**ڕووداو: کە بڕیارت دا خۆت بتەقێنیتەوە، بیرت لە دایکت و کەسوکارت نەکردەوە؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: دوای ئەوەی پشتێنەکەت لە خۆت بەست، دوو ئۆتۆمبێلی دیکەشت لەگەڵدا بوو، ئەوان لەگەڵت هاتن یان گەڕانەوە؟**
**حاجی:** ماوەیەک ڕۆیشتین، ئەوەی فێری کردم ڕۆیشت.
**ڕووداو: لە کاتی بەڕێکەوتن وێنەیان نەگرتی؟**
**حاجی:** با.
**ڕووداو: کێ وێنەی گرتی؟**
**حاجی:** ئەوەی فێری کردم ئەو لە ڤیدیۆکەدا قسەی کرد، منیش لە ڤیدیۆکەدا بووم، کڵاوم لەسەر بوو. ئەوانەی تەنیا چاوت تێیدا دیارە.
**ڕووداو: لەوێ هیچ دیمەنێکی سەربڕینتان بینی؟**
**حاجی:** بەڵێ لەوێ دیمەنی سەربڕینمان بینی، ئەوان لەوێ بە میمۆری هێنابوویان خۆیان سەیریان دەکرد.
**ڕووداو: سکت بەوانە نەدەسووتا کە سەریان دەبڕین؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: دڵنیای کە سکت پێیان نەدەسووتا؟**
**حاجی:** (دوای ماوەیەک بێدەنگی) نا.
**ڕووداو: کە بینیت سەری خەڵک دەبڕن پەشیمان نەبوویتەوە کە چوویتە نێودەوڵەتی ئیسلامی؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: سواری دوو تەنییەکە بوویت و پشتێنەکەت لە خۆت بەستبوو، دوای ئەوە چی ڕوویدا؟**
**حاجی:** کە ڕۆیشتین مۆبایلێکیان دا پێم، دوو ڕەقەمی تێدا خەزن کرابوو، من دوو تەنییەکەم لێدەخوڕی. بە جادەیەکی خۆڵدا ڕۆیشتم و دواتر گەیشتمەوە جادەی قیر، ماوەیەک ڕۆیشتم تاوەکو گەیشتمە بازگەکە.
**ڕووداو: نەدەترسای؟**
**حاجی:** نەخێر.
**ڕووداو: دوایی چی ڕوویدا؟**
**حاجی:** پێش ئەوەی بگەمە بازگەکە تەلەفۆنم بۆ عەبدولڕەحمان کرد، پێمگوت کە گەیشتمە بازگەکە بڵێم چی. گوتی پێیان بڵێ لە دووزەوە هاتووم بۆ کەلار، غەرازم هێناوە. کە گەیشتمە بازگەکە هیچ قسەیان نەکرد، نەشیان پشکنیم.
**ڕووداو: ئەو غەرازە چی بوو لە نێو دوو تەنییەکەدا بوو؟**
**حاجی:** برنج و چیپس و ساردیی تێدابوو، لە بازگەی یەکەم هیچیان نەگوت، لە بازگەی دووەم پرسیاریان لێکردم. کە لە بازگەی یەکەم تێپەڕیم عەبدولڕەحمان تەلەفۆنی کرد و گوتی تانکەرێکی شین لە پێش تۆیە دەست بەرز دەکاتەوە، من تەنکەرەکەم بینی، نزیکەی 300 مەتر لە من دوور بوو، ئەو وەکو ڕێپیشاندەرم بوو، کە گەیشتمە سەیتەرەی دووەم پۆلیسەکە گوتی بۆ کوێ دەچی؟ منیش تەسکەرەکەم دا پێی و گوتم غەرازم هاوردووە لە دووزەوە بۆ کەلار، گوتی باشە بڕۆ، من دوای تەنکەرەکە کەوتم تاوەکو پێچێک، پێشتر ڕێگاکە و بازگەکەیان بە ڤیدیۆ پێشاندابووم.
**ڕووداو: لە کوێ پێشانیاندای؟**
**حاجی:** هەر لە ماڵەکە لە سەعدیە. تەسویری جادەکەیان هەبوو تاوەکو سەیتەرەکە. ئیدی کە گەیشتمە پێچەکە تەنکەرەکە ون بوو، ئۆتۆمبێلەکەشم پەنچەر بوو. ئەوە بوو بەلای چەپەوە پێچم کردەوە، 200 مەتر پێش ئەوەی بگەمە سەیتەرەکە پەشیمان بوومەوە.
**ڕووداو: بۆچی پەشیمان بوویتەوە؟**
**حاجی:** نازانم.
**ڕووداو: چی ڕوویدا لەوە پەشیمان ببیتەوە، ئەی بۆ جیهاد نەچووبووی؟**
**حاجی:** پەشیمان بوومەوە.
**ڕووداو: ترسای؟**
**حاجی:** نەخێر پەشیمان بوومەوە، پێچم کردەوە و هاتمە لای خانوویەک وەستام. دەستنوێژم هەڵگرت و نوێژی نیوەڕۆ و عەسرم کرد، ئیدی ڕێم کرد کە تاریک داهات لە لادێیەک لامدا، دواتر ئاسایش هات.
**ڕووداو: ئاسایش چۆن هات؟**
**حاجی:** نازانم.
**ڕووداو: خەڵکی گوندەکە ئاسایشیان ئاگادار کردەوە؟**
**حاجی:** پێدەچێ. کە ئاسایشەکان هاتن دەستیان گرتم.
**ڕووداو: بۆچی پشتێنەکەت نەتەقاندەوە؟**
**حاجی:** نەمتەقاندەوە.
**ڕووداو: کەواتە باش بوو ئاسایش تۆی گرت و نەگەڕاپتەوە بۆ نێو دەوڵەتی ئیسلامی؟**
**حاجی:** حەزم دەکرد نەگیرێم.
**ڕووداو: ئەگەر بەرت بدەن دەگەڕێیتەوە نێو دەوڵەتی ئیسلامی؟**
**حاجی:** نەخێر. دەچمەوە ماڵەوە.
**ڕووداو: بۆچی، جیهاد تەواو بوو؟**
**حاجی:** بڵێم چی.
**ڕووداو: تۆ دەتزانی ناو دوو تەنییەکە تەقینەوەی زۆری تێدایە؟**
**حاجی:** دەمزانی تەقینەوەی تێدایە، بەڵام نەمدەزانی چەندی تێدایە.
**ڕووداو: پێتوابوو ئەو ئاسایشانە کافرن کە تۆ دەتویست خۆیان پێدا بتەقێنیتەوە؟**
**حاجی:** من نازانم قورئان وا دەڵێت کە ئەو کەسەی حوکم بە قورئان نەکات کافرە.
**ڕووداو: ئەگەر گەنجێک بیەوێ بچێتە جیهاد تۆ بەکارێکی باشی دەزانی؟**
**حاجی:** من نازانم خۆی دەزانێ.
**ڕووداو: تۆ کارێکی باشت کرد ڕۆیشتی؟**
**حاجی:** ویستم پەیامی خوا سەربخەم.
**ڕووداو: هەستت کرد پەیامی خوات سەرخست؟**
**حاجی:** ئەوەی پێمکرا کردم.
**ڕووداو: بەڵام تۆ دوو تەنییەکیان پێدابووی پشتێنێکیان پێدابووی هیچیانت نەتەقاندەوە، چۆن پەیامی خوات سەرخست؟**
**حاجی:** ئیتر نەمتەقاندەوە.

## هیچ سورەتێکی قورئانم لەبەر نییە

## تانکەرێکی شین ڕێنیشاندەرم بوو بۆ شوێنی تەقینەوەکە

## لەرێی فەیسبووکەوە پەیوەندیم بەدەوڵەتی ئیسلامی کرد



## ئیتلاعات کوردێک لە بۆکان دەستگیر دەکات

**رووداو- کوردیپا**

هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی گامێشگۆلی لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات دەستگیرکرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە کە ناوی (سەعید سپایی) یە و وەرزێر و خێزاندارە، هەفتەی رابردوو لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری میاندوئاوەوە بەهۆکاری نادیارەوە دەستگیرکرا.

رووداو کوردستانی
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24

## داوا دەکەن لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێ

# 10 پەرلەمانتاری ئەڵمانیا ئاڵای PKK بەرز دەکەنەوە




**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- بەرلین**

10 پەرلەمانتاری ئەڵمانیا کە سەر بە پارتی چەپن، ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بەرز دەکەنەوە و داوا دەکەن لە لیستی "رێکخراوە تیرۆریستیەکان" دەربهێنرێ.

هەڵوێستی ئەو 10 پەرلەمانتارە دوای ئەوە هات کە یەکێک لە هاوکارانیان، نیکۆلێ گۆلکی، لە پەرلەمان حەسانەی یاسایی بەوهۆیەوە لەسەر هەڵگیرا، چونکە لە رێپێوانێکی شاری میونیخدا ئاڵای PKKی بەرز کردبووەوە. ئەو رێپێوانە بۆ داکۆکیکردن بوو لە کۆبانێ کە بۆ ماوەی دوو مانگە بەرەنگاری هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بووەتەوە.

پەرلەمانتاران لە بەیاننامەیەکدا گوتیان "لەجیاتی هەڵگرتنی حەسانەی یاسایی لەسەر نیکۆلێ گۆلکی، دەبووایە PKK لە لیستی رێکخراوە نایاساییەکان بێتە دەرەوە."

گۆلکی لە کاتی رێپێوانەکەدا ئاڵای PKKی بەرز کردبووەوە و گوتبووی "خەڵکی کوردستان لەژێر ئەم ئاڵایە لەپێناو ئازادی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ شەڕ دەکەن".

پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1993وە وەکو رێکخراوێکی "نایاسایی" لە ئەڵمانیا قەدەغەکراوە. هەروەها لەلایەن ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپاوە خراوەتە لیستی "رێکخراوە تیرۆریستیەکان"ەوە.

ئێستا گۆڕانێک بەسەر تێڕوانینی رۆژئاوا بۆ PKKدا هاتووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمەریکا لەرێگەی ئاسمانەوە یارمەتی گەیاندە شەڕڤانانی YPG کە سەر بە هەمان ئایدیۆلۆژیای پارتی کرێکارانی کوردستانن.

ئولا یەلپکە، کە یەکێکە لەو 10 پەرلەمانتارە بە (رووداو)ی گوت "بڕیاری قەدەغەکردنی PKK کۆن بووە. PKK ئێستا هێزێکی گەورەیە و دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە شەڕدایە. بۆیە وا پێویستە کە بە زووترین کات لە لیستی تیرۆری یەکێتیی ئەورووپا بهێنرێتە دەرەوە".

بەڵام تۆبیاس هووچ، پەرلەمانتاری سەر بە حیزبی گەل دەڵێت ئەگەرچی ئەو پاڵپشتی لە PKK ناکات، بەڵام وا پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێ. ئەو دەڵێت "پێویستە ئێمە بەوەدا بچینەوە کە ئایا بەڕاستی PKK وەک حەماس گرووپێکی تیرۆریستییە و دەبێ قەدەغە بکرێت".

## نوێنەری خامنەیی لە هەمەدان بۆ رووداو:

# دەبێ حیزبەکانی رۆژهەڵات تۆبە بکەن ئینجا بگەڕێنەوە



**چۆمان مەحموود و نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لەو کۆنفرانسە چەند رۆژیەی شاری هەمەدان، کە بۆ بازرگان و سەرمایەدارانی کورد لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران رێکخرابوو، پیاوێکی بەساڵاچوو، بە مێزەرێکی سپی و ریشێکی تەواو سپییەوە لەڕیزی پێشەوە دانیشتبوو. بەبێ ئەوەی بازرگان بێ، ئامادەبووان رێزێکی زۆریان لێدەگرت، تاوەکو دواتر روون بووەوە کە قسە رۆیشتووی بێهاوتای ناوچەکەشە.

ئایەتوڵڵا تەها محەممەدی، قسەیەک دەکات کە هێشتا هیچ ئێرانییەکی دیکە بەئاشکرا نەیکردووە لە بارەی کوردەوە. ئەو لە زاری رێبەری گەورەی ئێرانەوە کە بەڕوونی نەیگوت مەبەستی لەو (رێبەر)ە، خامنەییە یان خومەینی، گوتی "رێبەر دەڵێ کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریاش بە ئەسڵ ئێرانین". ئینجا وەک ئەوەی میهرەبانی پێشانی کورد بدات، گوتی "ئاینەکەمان داوامان لێدەکات چاومان لێیان بێت".

ئایەتوڵڵا تەها محەممەدی، وەک هەر دەسەڵاتدارێکی دیکەی وڵاتەکەی، ئەمریکا و ئیسرائیلی بەوە تۆمەتبار کرد کە "دەیانەوێ کورد لە عێراق جیابکەنەوە و ئیسرائیلی دووەم دروستبکەن". ئەو ئامۆژگاری کورد دەکات کە "نابێ دوای قسەی ئەمریکا و ئەردۆغان و ئیسرائیل بکەون و فریو بە قسەکانی ئەردۆغان بخۆن".

وەک ئەوەی بیری کوردی بهێنێتەوە باسی توانا ئەمنی و سەربازی و ئابووری و سیاسییەکانی ئێرانی کرد و گوتی "شتێک نییە لەو ناوچەیە رووبدات و ئێران ئاگای لێنەبێت و چاودێری نەکات".

کۆنفرانسەکە بۆ ئەوە رێکخرابوو تاوەکو بازرگانانی باشووری کوردستان، یان یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان، لەوێ لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکانیان و بازرگانانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، باسی چالاکترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان و گەورەترکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکەن.

### دەبێ تۆبە بکەن

لە دەرەوەی هۆڵەکە، نوێنەرەکەی خامنەیی قسەی بۆ (رووداو) کرد و لەبارەی گەڕانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئێران گوتی کە ئەوان مەرجیان هەیە. محەممەدی مەرجەکەش ئاشکرا دەکات کە "دەبێ واز لەکاری ئاژاوەگێڕی بێنن و تۆبە بکەن، چونکە ئەوان کوڕی ئەم وڵاتە دەکوژن، تەنانەت لەگەڵ میللەتی کوردیش هاوڕا نین و دوژمنایەتی کوردیش دەکەن".

ناوچەکە لەسەر نەخشەی سیاسی و مامەڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکان گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. بەڵام قسەکانی ئەو ئایەتوڵڵایە وادەردەکەوێ، هێشتا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەبارەت بە کورد زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆیان وەک خۆی مابێ.



ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ لە ساڵی رابردووەوە حیزبەکانی رۆژهەڵات گفتوگۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران نەکردووە "چونکە تاوەکو ئێستا ئێران وەڵامی پێشمەرجەکانی کوردی نەداوەتەوە".

ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری ئەو حیزبە لە هەولێر، باسی ئەو دانیشتنە دەکات کە ساڵی پێشوو هەندێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان لەگەڵ شاندێکی حکومەتی ئێران ئەنجامیانداوە و گفتوگۆیان کردووە لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی ئەوان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان "مەرجەکانی ئێمە ئەوە بوو کە روانگەی ئەمنیی لەسەر کوردستان هەڵبگیرێت و زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن و ئێران بە فەرمی رایبگەیێنێ کە لەسەر مەسەلەی کورد گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە دەکات".

زێوەیی هەروەها یەکێکی دیکە لەو خاڵانە باسدەکات کە ئەوان خستوویانەتە بەردەم ئێرانییەکان بۆ گفتوگۆکردن، ئەویش مەرجی "ئامادەبوونی لایەنی سێیەمە لە گفتوگۆکاندا"، چونکە وەک ئەو گوتی، ئەوەی وای لەوان کردووە داوای چاودێری گفتوگۆکان و لایەنی سێیەم بکەن، ئەوەیە کە "پێشتر رێبەرانی ئێمە لەکاتی گفتوگۆدا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە تیرۆر کراون و ئەوەش متمانەی نەهێشتووە".

بەڵام بۆ گفتوگۆکان درێژەیان نەکێشا؟ ئیبراهیم زێوەیی، رەتیدەکاتەوە ئەوان گفتوگۆیان رەتکردبێتەوە "ئەوان وەڵامیان نەدایەوە کە بە مەرجەکانمان رازی دەبن یان نا". گوتیشی "لایەنێکی باشووری کوردستان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ ئێران".

بەڵام ئەحمەد ساڵحی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە – رێکخستنی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، رەتیدەکاتەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بە نوێنەرایەتی هەموو حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرابێت و گوتی "ئەوە دیموکراتەکان بوون". لەبارەی قسەکانی ئایەتوڵڵا تەها محەممەدیش گوتی "سەهووی کرد، چونکە هیچ حیزبێک ئامادە نییە بڕواتەوە ئێران".

ناوبراو پێیوایە زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵات پێداگیری دەکەن کە "رژێمی ئیسلامیی ئێران داگیرکەرە و مافەکانی خەڵکی کوردستانی ژێرپێ خستووە و دەبێ ئەو رژێمە بڕووخێ".

هەرچەندە ئیبراهیم زێوەیی، دەڵێت پێویستە کۆدەنگییەک هەبێ لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکرێت، بەڵام گوتی "هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو مەرجانەی ئێمە باسمان کرد لەگەڵیان، دەبێ بکرێنە مەرجی بنەڕەتی و لەوانەیە تەنیا لەسەر میکانیزمی گفتوگۆکان بۆچوونی جیاواز هەبێت".

بەڵام ئەحمەد ساڵحی دەڵێ "تەنیا دیموکراتەکان موبادەرەیان کردووە و ئێمە پێمانوابێت بەو حاڵەوە ئێران کە دژایەتی سەرسەختی مافەکانی کورد دەکات، بۆ ئەوە ناشێ گفتوگۆی لەگەڵ بکرێ".

## رۆژهەڵاتی کوردستان..

# چاندنی داربەڕوو لەجیاتی سەهۆڵاو



**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

بۆ رزگارکردنی دارستانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکانی ژینگەپارێزی لە شاری جوانڕۆ کەمپینێکیان سازکردووە بۆ چاندنی داربەڕوو کە بەردەوام ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە.

کەمپینی بەڕوو لەلایەن عەتا قادری، بەرپرسی ژینگەپارێزی شاری جوانڕۆوە پێشنیاز کرا. دواتر ئەنجوومەنی سەوزی ماپریسی جوانڕۆش پشتگیری کرد. عەتا قادری گوتی "ئامانجی ئەو کەمپەینە رێگرتنە لە نەخۆشکەوتن و لەنێوچوونی دار بەڕووەکان. بەشێکی زۆر لە دار بەڕووەکانی پارێزگای ئیلام تووشی نەخۆشی هاتوون، ئەم نەخۆشییەش لە هەندێ شوێنی پارێزگای کرماشانیش پەیدا بووە".

لەو کەمپەینەدا دەبێت هەر کەسێک سێ کەس بۆ کەمپەینەکە بانگهێشت بکات. هەر یەک لەوانیش دەبێت سێ بەڕوو بچێنن. یان هەر دارێکی دیکە کە لەگەڵ کەشوهەوای شوێنەکەدا گونجاو بێت. بۆئەوەی کەمپەینەکە زیاتر پەرە بستێنێ، هەریەک لەو سێ کەسە دەبێت سێ کەسی دیکە بانگهێشت بکات.

ئومێد ئەحمەدیان، بەرپرسی ئەنجومەنی ماپریس، دەڵێ "پێشتر کەمپەینی سەهۆڵاو هەبوو، بۆیە ئێمەش لەم چوارچێوەیەدا بیرمان کردەوە شتێکی هاوشێوە بۆ ژینگە بکەین".

کەمپەینەکە تەنیا لە شاری جوانڕۆدا سنووردار نەبووە. ژینگەپارێزان لە شارەکانی مەهاباد، مەریوان، سنە و تەنانەت سلێمانیش بانگهێشتی کەمپەینەکە کراون و ئەوانیش پێیەوە پەیوەست بوون.

بەگوتەی عەتا قادری، ئەوان بۆ پێشگیری لە لەنێوچوونی دارستانەکان ساڵی پار خولی راهێنانیان بۆ دەیان منداڵ کردووەتەوە و دواتر بەڵگەیەکیان پێداون تاوەکو هەر کەسێک دارێکی بڕی یان ژینگەی پیس کرد بەشێوەی سەمبۆلیک سزای بدەن.

تەنیا لە ناوچەی جوانڕۆ ئەمساڵ 20 حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکاندا روویداوە. جگە لە ئاگر مەترسییەکی دیکەش هەڕەشە لە دارستانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە ئەویش داگیرکردنی دارستانەکانە لەلایەن خەڵکەوە. چالاکانی ژینگەپارێز دەڵێن، کەسانی بەرژەوەندیخواز دارستانەکان دەبڕنەوە و لە شوێنەکانیان خانووبەرە دروستدەکەن.

ئومێد ئەحمەدیان دەڵێ ئەوان وەک ئەنجومەنی ماپریس سکاڵایەکیان سەبارەت بە داگیرکردنی دارستانەکان لەلایەن کەسانی بەرژەوەندیخوازەوە لە ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکان تۆمار کردووە. ئەحمەدیان بە (رووداو)ی گوت ئەوان بەڵگەشیان لە بەردەستە کە کەسانێک دارستانەکان بۆ کاری کشتوکاڵی دەبڕنەوە.

بەڵام ئەو چالاکە ژینگەپارێزە زۆر بەهیوا نییە کە بتوانن کەیسەکەیان ببەنەوە. چونکە پێشتریش کەسانێک کە کەیسی داگیرکردنی زەوییان هەبووە، بە پارە خۆیان لە سزا دەرباز کردووە.

دیاردەی لەنێوبردن و داگیرکردنی دارستانەکان لە زۆر لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینرێ.

چەند رۆژ پێش ئێستا 12 پارێزگاری زاگرۆسنشین لە شاری ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە و رێککەوتننامەیەکیان بۆ رزگارکردنی دار بەڕووەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس واژۆ کرد. زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەکەوێتە رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای ئێرانەوە. پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەموویان لە پارێزگا زاگرۆسنشینەکانن. ناوچەی زاگرۆس نزیک بە سێ ملیۆن هێکتار رووبەری هەیە و 40%ی ئاوی ئێران لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیەشە رۆڵێکی گرنگی لە زیندووراگرتنی ژینگەی ئێراندا هەیە.

لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، دار بەڕووەکانی پارێزگای ئیلام زیاتر لە هەمووان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە. لەم پەیوەندییەشدا ئاماری جیاواز بڵاو دەبێتەوە. شارەزایان دەڵێن: لە ماوەی ئەم ساڵانەی رابردوودا نزیکەی 100 هەزار هێکتار کە زیاتر لە یەک لەسەر شەشی کۆی دارستانەکانی ئیلام دەکات، بە هۆکاری ناسروشتی لەنێوچوون.

دارستانە بەڕووەکان 527 هەزار هێکتار لە رووبەری پارێزگای کرماشانیان داپۆشیوە.

عەتا قادری باسی لەوەش کرد کە ئەوان فەرمانبەری پێویست و تەنانەت بودجەی پێویستیان بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان نییە. بۆیە ناچارن قۆناغ بە قۆناغ کارەکانیان راپەڕێنن.

# دیوانی چاودێریی دارایی لە 4 راپۆرتی تایبەت دەکۆڵێتەوە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی




سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێت لە کوردستان خەڵک هەڵە تێگەیشتوون لە کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی و پێیانوایە کە دەبێ هەموو راپۆرتێکی دیوانەکە رەوانەی پەرلەمان بکرێت. گوتیشی "ئێستا ئێمە کارەکانی دیوانمان خستووەتە سەر سیستەمی راستەقینەی خۆی و بەچڕی دەستمان بە کارەکانی خۆمان کردووە".

خالید هادی چاوشلی رەتیکردەوە لیژنەکانی دیوان هەر راپۆرت و بەدواداچوونێکیان ئامادەکردبێت رەوانەی پەرلەمانی بکەن و دەڵێت "ئەگەر دیوان راپۆرتێکی ئامادەکردبێت لەسەر فەرمانگەیەکی حکومەت، بەپێی ناوەڕۆکی راپۆرتەکە و ئەو فەرمانبەرە یان فەرمانگەیەی راپۆرتەکەی لەسەر کراوە، دەردەکەوێ راپۆرتەکە دەنێردرێتە پەرلەمان یان نا".

ئەو نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "ئەگەر راپۆرتەکەی دیوان لەسەر فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بێت، تێبینییەکان بە راپۆرتێک دەدرێتەوە بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ئەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانیان چاک بکەن، نەک هەموو شتێک رەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام ئەگەر گەندەڵی یان کەموکوڕی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکە هەبێت، دەنێردرێ بۆ وەزارەتەکەی".

ساڵی 2009، کاتێک راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لەبارەی دیارنەمانی پارەی وشکەساڵی لە پارێزگای سلێمانی دزەیانکردە نێو میدیاکان و شەڕێکی سیاسی بەدوای خۆیدا پەلکێشی نێو بانگەشەی هەڵبژاردن کرد لە نێوان یەکێتی و گۆڕان، ئیدی تاوەکو ماوەیەکی زۆر هەموو چاوەکان لەسەر ئەو دیوانە گیرسابوونەوە. چونکە پاشتر ئاشکرابوو کە دیوانەکە نزیکەی 2 هەزار و 700 راپۆرتیشی داوەتە پەرلەمانی کوردستان.

خالید هادی چاوشلی دەڵێ دوای دەستبەکاربوونی لە 11/5/2014 وەک سەرۆکی دیوان، دەستیان کردووە بە رێکخستنەوەی کاروبارەکانی دیوان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وەزارەتەکان و داو و دەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان رێکدەخەنەوە و پەیڕەوی ناوخۆشیان دەرکردووە "دەسەڵاتی تەواویشمان پێدراوە بۆ ئەوەی کارەکانمان بکەین و ئێستا ئاسایی راپۆرتەکانی خۆمان ئامادە دەکەین".

چاوشلی هێما بۆ "4 راپۆرتی تایبەت" دەکات کە ئێستا لەبەردەستی دیوانەکەدایە و کاریان لەسەردەکات و لێکۆڵینەوە لەو راپۆرتانە بە گرنگ دەزانێ. هەروەها وردەکاری دوو راپۆرت لەوانە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "یەکێکیان پەیوەندی بە خانەنشینە نایاساییەکان هەیە، ئەوانەی بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر بە نایاسایی خانەنشین کراون، یەکێکی دیکەشیان پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە". گوتیشی ئەو جۆرە راپۆرتانە "دوای وردبینی و لێکۆڵینەوەی تەواو دەنێردرێن بۆ پەرلەمان".

نزیکەی 3 مانگە دەستەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەستیان بە کاری خۆیان کردووەتەوە، دوای ئەوەی ماوەی نزیکەی 2 ساڵ بوو کارەکانی خۆیان راگرتبوو بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکەکەیانەوە.

یەکێک لە فەرمانبەرەکانی ئەو دیوانە دەڵێت تەنیا پەیوەندی بەوە نەبوو کە دیوان سەرۆکی نەبوو "بەڵکو فەرمانگەکانی حکومەتیش وەک پێویست هاوکارییان نەدەکردین". بەڵام لەو رۆژانەدا دیوانی چاودێری دارایی 100 راپۆرتی خۆی ناردووە بۆ فەرمانگەکانی حکومەت.

ئەحمەد ئەمین، بەڕێوەبەری دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەڵێ ئەو 100 راپۆرتە هی ئەمساڵ نەبوون "بەڵکو راپۆرتەکانی 2012 بوون کە بەهۆی نەبوونی سەرۆکی دیوانەوە ئیمزا نەکرابوون و تەنیا ئیمزای سەرۆکیان مابوو". گوتیشی ئەو راپۆرتانە بۆ پەرلەمان نەنێردراون "بەڵکو پەیوەندییان بە هەرشوێن و وەزارەت و فەرمانگە و دائیرەیەکەوە هەبێت، بۆ ئەوێ نێردراونەتەوە".

بەڕێوەبەری دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی پێیوایە دەتوانن بەردەوام بن لە کارەکانی خۆیان و پشکنین و وردبینی فەرمانگەکانی حکومەت لەرێگەی ئەو 24 دەستەیەی دیوانەکە هەیەتی لە پارێزگای سلێمانی.

خالید هادی چاوشلی، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێ "راپۆرت هەیە بۆنی لادان و سەرپێچی لێدێت، ئەو جۆرە راپۆرتانە ئەگەر زانیمان لە دەسەڵاتێکی بەرزدایە، راپۆرتەکەی بۆ شوێنێکی بەرزتر دەنێرین". هەروەها دەڵێ "ساڵانە بە حساباتی خیتامی حکومەتیشدا دەچینەوە، جاران حساباتی خیتامی دەچووە پەرلەمان ئینجا دەهاتە دیوان، بەڵام لەمەدوا دێتە لای ئێمە و وردبینی دەکەین، پاشان دەچێتە پەرلەمان".

لەبارەی ئەوەش کە پەیوەندی پەرلەمان و دیوان چۆن رێکدەخرێ؟ چاوشلی گوتی "کۆتایی هەموو ساڵێک راپۆرتی ساڵانەی دیوان دەنووسین و هەموو وردەکاری راپۆرتەکانی تێدایە، ئەو راپۆرتە وێنەی لێدەدەینە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران".

# یەکێتی و گۆڕان بڕیارەکەی دادگا دەشکێنن

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی تێگەیشتن لەوەی کۆبوونەوەکانیان بێدەسەڵاتترە لەوەی بتوانێ بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی پارێزگار بدات، دەرگاکانیان داخست و دۆسیەی دەستنیشانکردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگایان رادەستی سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان کرد. بەڵام سەرکردەکانیش لە دوو کۆبوونەوەی رابردوویاندا، دۆسیەکەیان رادەستی دوو لیژنە کردووە.

پۆستی پارێزگاری سلێمانی، پرسێکی ئاڵۆزە کە لە کێشمەکێش و ململانێکانی نێوان یەکێتی و گۆڕاندا ئاڵۆزتر و پڕگرێ بووە.

رۆژی 30/4ی ئەمساڵ، دەنگدەرانی سلێمانی کەمتر لە 13 کاژێریان پێویست بوو تاوەکو بڕیار بدەن. بەڵام سیاسییەکان و حیزبەکان 6 مانگە ناتوانن ئەو بڕیارە بدەن.

جێگری رێکخەری ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی گۆڕان دەڵێت "ئەمجارە ئومێدی زیاترمان هەیە لەگەڵ یەکێتی بگەینە ئەنجام".

شوان قلیاسانی، هۆکاری گەشبینییەکەی ئێستایان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هەردوولا بڕیاریانداوە چیدی ئەو کۆبوونەوانەی ئەنجوومەنی پارێزگا دوانەخرێ "بەڵام لەوانەیە رۆژی سێشەممەش یەکلایی نەبێتەوە".

## دوو هەفتەی دیکە دوادەکەوێ

بەرپرسانی یەکێتی و گۆڕان، باس لەوە دەکەن کە هێشتا نەیانتوانیوە ساخبنەوە لەسەر ئەوەی دوو ساڵی سەرەتا کاندیدەکەی یەکێتی یان گۆڕان، کامیان لەسەر ئەو کورسییە دابنیشێت کە ماوەی 4 ساڵە بەهرۆز محەممەد ساڵح لەسەری دانیشتووە.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەندێک لە وردەکارییەکان باسدەکات و پێیوایە ئەگەر ئیدارەی خۆجێیی پارێزگای هەڵەبجە لە هاوکێشەکەدا بمابایەتەوە، رەنگە تارادەیەک ئاسانتر بووایە ئەو کێشەیەی سلێمانی چارەسەر بکرێت "ئەوکات پارێزگاری هەڵەبجە دەدرایە گۆڕان و سلێمانیش بۆ یەکێتی دەبوو، بەڵام کاتێک بڕیاردرا تاوەکو کاتی هەڵبژاردنی داهاتوو حکومەت پارێزگارێک بۆ هەڵەبجە دابنێت، پێمونایە گرفتەکە برێک ئاڵۆزتر بوو".

ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "ئێستا دەبێت بە یەکێک لە پێشنیازەکان لەسەر سلێمانی رێکبکەون "بەڵام ئێستا گۆڕان و یەکێتیش نەرمی دەنوێنن و لیژنەکان دەست بە کۆبوونەوە دەکەن بۆ ئەوەی وردەکارییەکان باس بکەن".

بەڵام (رووداو) لەچەند سەرچاوەیەکەوە زانیویەتی، کۆبوونەوەی 11یەمی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە بڕیارە سبەی (سێشەممە) بکرێت، جارێکی دیکە بۆ 10/12/2014 دوادەخرێت، واتە بۆ ماوەی 2 هەفتەی دیکە ئەنجوومەنەکە دەرگای کۆبوونەوەکانی بە کراوەیی جێدەهێڵێت.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## "ئاساییە بڕیارەکەی دادگا بشکێت"

دوو هەفتە لەمەوبەر دادگای کارگێڕیی سلێمانی، بڕیارێکی دەرکرد، پاش ئەوەی رێکخراوی سکاڵا و چاودێری لەو دادگایە سکاڵای لەدژی سەرۆکی کاتی ئەنجوومەنەکە و ئەنجوومەنی پارێزگا تۆمارکرد. بەپێی بڕیارەکەی دادگا، دەبێت لەماوەی 15 رۆژدا پارێزگاری سلێمانی هەڵبژێردرێ و لەدوای ئەو وادەیە ئەنجوومەنەکە ناتوانێ کۆبوونەوەکانی بە کراوەیی جێبهێڵێت.

بەڵام شوان قلیاسانی، جێگری رێکخەری ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی گۆڕان، هەرچەندە رەتیدەکاتەوە گۆڕان هۆکاری دواکەوتنی ئەو بابەتە بووبێت و بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەو مافە دەداتە گۆڕان پارێزگار وەربگرێت، گوتیشی "مادام بڕیارەکەی دادگا گرتن و سزادانی بەدوادا نەهاتووە، ئاساییە ئەگەر لەو وادەیە تێپەڕێ کە دادگا دیاریکردووە".

بەڵام سەرۆکی لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە رۆژی سێشەممە وادەکەی دادگا کۆتایی نایەت "بڕیارەکەی دادگا لە 3 رۆژ دوای ئەوە دەرچووە کە کۆبوونەوەی دەیەم دواخرابوو، بۆیە وادەکەی دادگا 28/11 کۆتایی دێت". مەهدی مەحموود، هەرچەندە دەڵێ "گەشبین نیم بەوەی لە 28ی مانگیش ئەوە چارەسەر ببێ، بەڵام نەرمییەک دەبینم لەهەردوولاوە، پێمان باشە لەوە زیاتر کۆبوونەوەکان دوانەخەن و پارێزگارێک دابنێن".

## "دادگا پاساوی هێشتووەتەوە"

بەڵام سەرۆکی رێکخراوی سکاڵا و چاودێری، رەخنە لە شێوازی بڕیارەکەی دادگا دەگرێت و دەڵێ پاساوی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی یەکێتی و گۆڕان و ئەنجوومەنی پارێزگا ئەو بابەتە یەکلایی نەکەنەوە و سزاش نەیانگرێتەوە "بەداخەوە بۆمان دەرکەوتووە، کە دادگا بڕیارەکەی نەناردووە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوەش وەک ئەوە وایە دادگا بڕیاری دەرنەکردبێ".

شڤان زەنگەنە، باسی رێکارە یاساییەکانی دادگا دەکات و دەڵێت کاتێک دادگا بڕیارێک دەردەکات پێویستە بە خێرایی ئەو بڕیارە ئاراستەی ئەو لایەنە پەیوەندیدارە بکات "ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانێ بڵێ بڕیاری لەو شێوەیەم پێنەگەیشتووە". گوتیشی "بەداخەوە یاساییەکانمان بەدواداچوونیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی دەرکردووە، سەفەری دەرەوەی کردووە".

## "گۆڕان هەڤاڵ ئەبوبەکر هەڵدەبژێرێ"

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لەو گفتوگۆ فەرمی و نافەرمییانەی یەکێتی و گۆڕاندا، یەکێتی بە گۆڕانی گوتووە "لاریمان نییە لە وەرگرتنی دووساڵی سەرەتا لەلایەن ئێوەوە، بەڵام دەبێ هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی نەبێت". بەڵام تاوەکو ئێستا گۆڕان بە فەرمی وەڵامی ئەوەی نەداوەتەوە.

پێشتریش لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوتبوو "نایشارینەوە حەساسیەتمان بە کاندیدەکەی گۆڕان هەیە". بەڵام (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکەوە زانیویەتی "گۆڕان تاوتوێی ئەوە دەکات کە 2 ساڵی سەرەتا بداتە یەکێتی، تاوەکو لە 2 ساڵی دواتردا هەڤاڵ ئەبوبەکر بکاتە پارێزگاری سلێمانی".

شوان قلیاسانی ئەوەی پشتراست نەکردەوە، بەڵام گوتی "ئەگەر دووساڵی سەرەتا بۆ یەکێتی بێت، ئەوان کێشەیان لەگەڵ کاندیدی ئێمە نییە".

هەر لەوبارەوە مەهدی مەحموود، سەرۆکی لیستی خزمەت گوتی "زانیومە کە گۆڕان نەرمی زیاتری نواندووە و لەوانەیە دوو ساڵی سەرەتا بداتە یەکێتی".

ۆژی سێشەممەی داهاتوو 25/11/2014 وادەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگایە وئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش رایدەگەیەنێت کە پێناچێت ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت .

رێکەوت زەکی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ SNNرایگەیاند بریاربوو رۆژی سێشەممەی داهاتوو 25/11/2014 کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت بەڵام ، بە هۆی رێکەوتنی لایەنەکان لەسەر پرسی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری سلێمانی، پێدەچێت ئەو کۆبوونەوەیە دوا بخرێت".

وتیشی:"تا یەکێتی و گۆڕان رێکنەکەون، لە ماوەی ئەم دوو رۆژەدا کۆبوونەوەش ئەنجام بدەن پۆستەکان یەکلایی نابێتەوە.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24



## عێراق 150 هەزار تۆن برنج دەکڕێت

**ڕووداو- هەولێر**

چەند بازرگانێکی ئەورووپی ڕایەنگەیاندووە، کە عێراق 150 هەزار تۆن برنج دەکڕێت، کە لە لایەن ئەمریکا و تایلەندەوە دەستەبەردەکرێت. بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، عێراق 120 هەزار تۆن برنجی لە ئەمریکا دەکڕێت. 30 هەزار تۆنیش لە تایلەند دەکڕێ، بەڵام نرخەکان ئاشکرا نەکراون. هەر بە پێی گوتەی بازرگانەکان، لە ڕۆژی 7ـی تشرینی دووەمی 2014، عێراق 170 هەزار تۆن برنجی دیکەی لە کەمکردنەوەیەکدا لە تایلەند و ئەمریکا کڕیووە.

# کوردستان نەوتی کەرکووک دەداتە سۆمۆ

### پسپۆڕێکی بواری نەوت

## ئێستا یەدەگی نەوتی کوردستان 65 ملیار بەرمیلە



**محەممەد هادی**
**ڕووداو — هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردەوە بە هەناردەکردنی 150 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆی عێراقی بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵام لە نەوتی کەرکووک ئەو نەوتە هەناردە دەکات.

ئەوە دەیسەلمێنێ کە کورد ئێستا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر نەوتی کەرکووکدا هەیە، لە کاتێکدا پێشتر نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی وەزارەتی نەوتی عێراقەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا.

ئەو نەوتەی کە سۆمۆ دەینێرێت لەلایەن کۆمپانیای تۆپراشی تورکییەوە دەکڕدرێت کە پێشتر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خرابووە لیستی ڕەشەوە بەهۆی ئەوەی نەوتی کوردستان دەکڕێت.

دوای ئەوەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، بارزانی ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی بەغدا و هەولێر ڕێککەوتنێکی کاتییە و هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک دەخاتە ژێر ڕکێفی بەغداوە.

پسپۆڕێکی بواری نەوت دەڵێت، ئەو قسەیەی سەرۆکی هەریمی کوردستان بە واتای ئەوە دێت کە بەشێوەیەکی کردارەکی نەوتی کەرکووک لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندایە نەک بەغدا.

دکتۆر کاوان ئیسماعیل، پسپۆڕ لە بواری یاسا و گرێبەستە نەوتییەکان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، عێراق "بە ناچاری" لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێککەوتووە "چونکە بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بەرزبکاتەوە پێویستی بە هەرێمی کوردستانە".

ئەو پسپۆڕەی بواری یاسا و گرێبەستە نەوتییەکان دەڵێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت کە بە هیچ شێوەیەک کۆنترۆڵی نەوت نادەینە دەستی عێراق "ئەوەش بەو مانایەیە کە هەرێمی کوردستان هیچ کات ناگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی ببێتە بەڕێوەبەرێکی گشتی لەلای وەزیری نەوتی عێراق".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەرێمی کوردستان ئەو نەوتەی کە ڕادەستی بەغدای دەکات تەنیا بەشێکی نەوتی کەرکووکە، نەک نەوتی ئەو ناوچانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەڕێوەی دەبات. گوتیشی نەوتی هەریمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دەفرۆشرێت و لەژێر کۆنترۆڵی سامانە سروشتییەکانە.

سەبارەت بە بەستنەوەی ئەو ناوچانە بە بۆڕیی نەوتی کوردستان — تورکیا، سەرچاوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بە بۆڕی نەوتی کوردستانەوە بەستراونەتەوە و نەوتی ئەو کێڵگانە دەگوازرێنەوە بۆ کێڵگەی نەوتی خورمەڵە و لەوێشەوە بۆ بەندەری جەیهان.

بەپێی زانیاریی ئەو سەرچاوەیە، 80%ی پرۆسەی بەستنەوەی کێڵگە نەوتیەکانی ڕۆژئاوای دیجلە بە بۆڕی نەوتی کوردستانەوە کە کێڵگە نەوتییەکانی زوممار و عەین زالە دەگرێتەوە، تەواو بووە.

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە بەهیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی نەوتی خۆی ناداتە دەست بەغدا.

دڵشاد شەعبان جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی 17%ی نەوتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی بەشە بودجەی خۆی دابین بکات". گوتیشی نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکووک بە بۆڕی نەوتی کوردستانەوە بەستراونەتەوە.

ئەو ئەندامەی لیژنەی سامانە سروشتییەکان دەڵێت، پێشبینی دەکات ڕێککەوتنێک لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا واژۆ بکرێت بۆئەوەی نەوتی باکووری عێراق کە هەرێمی کوردستان و کەرکووک و مووسڵ دەگرێتەوە، لە ڕێگای بۆڕی نەوتی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا بکرێت و هەرێمی کوردستانیش لەو نەوتەی کە خۆی بەرهەمی دێنێت 150 هەزار بەرمیل بخاتە ژێر ڕکێفی سۆمۆ، بەڵام خۆشی بەشدار دەبێت لەگەڵ سۆمۆ، لە بەرامبەردا دەبێت حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی بنێرێت، هەروەها گوتی "باوەڕ ناکەم هەرێمی کوردستان لە 150 هەزار بەرمیل نەوت زیاتر بدات بە حکومەتی عێراق".

دەربارەی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، دڵشاد شەعبان گوتی "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کۆمپانیای نەوتی باکوور بە هاوبەشی کێڵگە نەوتییەکان بەڕێوە دەبەن و ئەو کێڵگانەی کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نۆژەنی دەکاتەوە".

خەریکە گەڕانەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ببێتە ئەمری واقیع، لەو حاڵەتەشدا یەدەگی نەوتی کوردستان زۆر بەرز دەبێتەوە.

بێوار خنسی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەوت لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان دەڵێت، ڕۆژئاوای دیجلە 7 کێڵگەی نەوتی تێدایە، یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگانە 7 ملیار بەرمیلە و ئێستا ئەو کێڵگانە لە ژێر سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەدان.

هەروەها گوتی "یەدەگی نەوتی کەرکوک لە نێوان 12 — 15 ملیار بەرمیلە، ئەگەر یەدەگی نەوتی کەرکووک و ڕۆژئاوای دیجلە بخرێتە سەر یەدەگی نەوتی کوردستان، ئەوا ئەوکات یەدەگی کوردستان لە نەوت دەگاتە 65 ملیار بەرمیل، بەمەش پێگەی ئابووری و سیاسی کوردستان زۆر لەوەی ئێستا بەهێزتر دەبێت".

هاوکات ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی کە ئەوان پاڵپشتی ئەوە دەکەن نەوتی کەرکووک لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوە بفرۆشرێت.

فوئاد حوسێن ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە (ڕووداو)ی گوت، لە سەرەتای مانگی شوباتەوە هەناردەی نەوتی کەرکووک وەستاوە، لەوکاتەوە تا ئێستا نەوتی کەرکووک هەناردە نەکراوە، جگە لەو 150 هەزار بەرمیلەی کە هەرێمی کوردستان ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆی دەکات و لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەفرۆشرێت.

دەربارەی کاروبارەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەو پارێزگایە ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی ئێستا ئەو کۆمپانیایە تەنیا کارە کارگێڕییەکان دەکات، چونکە بەهۆی شکاندنی ئەو بۆڕیانەوە کە نەوتی کەرکووکیان دەگواستەوە، هەناردەی نەوتی کەرکووک بە تەواوی وەستاوە.

ئەو کێڵگانەی کە کۆمپانیای باکوور سەرپەرشتییان دەکات بریتین لە کێڵگەکانی بابەگوڕگوڕ، زەمبور و کەرکووک. بەڵام فوئاد حوسێن گوتی "ئێستا هیچ نەوتێک لەو کێڵگانەوە هەناردە ناکرێت و هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئەو کێڵگانە جگە لە هێڵی بۆڕی نەوتی کوردستان، ئەو کۆمپانیایە تەنیا دەتوانێت ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت بۆ پاڵاوگەیەکی بچووک لە کەرکووک دابین بکات بۆ ئەوەی نەوتی سپی و بەنزین و گازۆیل بەرهەمبێنێ".



# کوردستان پڕ دەبێ لە ئاژەڵی قاچاخ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کەرەنتین لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت ئەمساڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هیچ مۆڵەتێکیان بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو لە سووریا، ئێران و تورکیا نەداوە، بۆیە هەر ئاژەڵێک لەو وڵاتانەوە هاتبێتە کوردستان "نایاسایی" هاتووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە بە هەزاران ئاژەڵی سووری لە مەیدانی ئاژەڵانی دهۆک و هەولێر هەن.

بەپێی سەرژمێریی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە لە ڕێگەی تیمەکانی کوتان بۆ ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان کراوە، 5 ملیۆن و 743 هەزار سەر ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان هەن.

## داوای ئاژەڵی سووری دەکەن

دکتۆر جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ڕایگەیاند زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خواستی خەڵک لەسەر گۆشتی سوور یەکناگرێتەوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ ڕێگە بەهاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و بەستوو دەدەن، بەڵام مەرجیان بۆ هاوردەکردن هەیە "ئەو وڵاتەی ئاژەڵیان لێوە هاوردە دەکرێ، نابێت نەخۆشی لە نێو ئاژەڵەکانیاندا هەبێت". هەر لەبەر ئەو مەرجەش لەسەرەتای ئەمساڵەوە هاوردەکردنی ئاژەڵیان لە سووریا، ئێران و تورکیاوە قەدەغە کردووە.

دکتۆر جەمال شوکری گوتی کە ئەمساڵ زیاتر لە 5 بازرگان داوای مۆڵەتی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوویان لە سووریا کردووە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ئەو بارودۆخەی لەسووریا هەیە، مۆڵەتیان نەداوە تەنیا بە هەندێ ئاژەڵ نەبێت کە لەکاتی ئاوارەبوونی خەڵکی شنگال و زوممار و کوردی ڕۆژئاوای کوردستان مۆڵەتی هاتنیان پێدراوە.

## بەڵام ئاژەڵی سووری هەیە

هەرچەندە قەدەغەکراوە، بەڵام مەیدانی ئاژەڵان لە هەولێر و دهۆک پڕن لە ئاژەڵی سووری. دکتۆر جەمال شوکری دەڵێت "ئێمەش زانیومانە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی سووری لە مەیدانەکانی ئاژەڵان لە هەولێر و دهۆک هەن، بۆیە بڕیارمانداوە سەردانی خاڵی سنووری پێشخابوور بکەین، تا بزانین سەرچاوەی هێنانی ئەم ئاژەڵانە لەم خاڵە سنوورییەیە یان لەرێگەی دیکەوە دێت".

## سامانی ئاژەڵ "گومان"ی هەیە

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو ئاژەڵانەی هێنراونەتە شارەکانی دهۆک و هەولێر و ناوچەکانی دیکە زیاتر لە ڕێگەی خاڵی سنووریی پێشخابوورەوە ڕێگەیان پێدراوە، گوایە ئەم ئاژەڵانە هی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانن، بەڵام بەهۆی زۆریی ژمارەیان لەمەیدان، گومان دەکەین جۆرێک لە بازرگانی تێکەوتبێ".

گوتیشی "ڕێگەدان بە هاتنە ژوورەوەی ئەم هەموو ئاژەڵە، زیانی زۆر بەکەرتی ئاژەڵداری گەیاندووە، لەلایەک بووەتە هۆی دابەزینی نرخ، لەلایەکی دیکەش بەهۆی بوونی نەخۆشی لە سووریا مەترسیی ئەوەمان هەیە لەداهاتوودا ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی مەترسیدار".

سەبارەت بەژمارەی ئەو ئاژەڵانەی ڕۆژانە دەگەنە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ لە هەولێر، دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری هەولێر گوتی "بەپێی ئەو زانیاریانەی ڕۆژانە لە بنکەی ڤێتەرنەری مەیدانی هەولێر پێماندەگات، ژمارەی هێنانی ئاژەڵی سووری زۆر زۆرە، بەجۆرێک زۆرجار خۆی دەدات لە 3 هەزار ئاژەڵ لە ڕۆژێکدا".

هەروەها ئاشکرای کرد "بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە یەکێک لە کەرەنتینەکان بۆمان هاتووە، لە خاڵی سنووریی پێشخابوور لەکاتی هێنانی ئەم ئاژەڵانە گومرگ وەردەگیرێت، ئەمەش جێی گومانە، چونکە ئەگەر ئەو ئاژەڵانە هی ئاوارە ئاژەڵدارەکانە بۆ دەبێت گومرگ بکرێت!".

دکتۆر مامەند محەممەد گوتیشی "بەنووسراوی فەرمی لە 2014/8/31 وەزارەتی کشتوکاڵمان ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان تەنیا گوتیان ئەگەر ئەو ئاژەڵانە هی ئاوارەکان بن، دەکرێت ئاسانکارییان بۆ بکرێت".

بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری هەولێر، ئاشکرای کرد کە سەرەڕای قەدەغەکردنی هاوردەکردنی ئاژەڵی تورکی، بەڵام لەوێشەوە بە قاچاخ دەهێنرێتە کوردستان. وەک ئەو گوتی "هاوردەکردنی ئاژەڵ تەنیا لە سووریاوە نییە، بەڵکو لە قەزای مێرگەسوور لە ناوچەی شێروان مەزن و لە خاڵی هەلانیا، ڕۆژانە چەند لۆرییەک ئاژەڵ بەقاچاخ لەتورکیاوە دەهێنرێتە هەولێر، ئێمەش بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵ و تەنانەت پارێزگاری هەولێریشمان ئاگادارکردەوە، ئەوانیش نووسراویان بۆ گشت یەکە ئیدارییەکان کرد کە ڕێگری لەو قاچاخچێتییە بکەن، بەڵام هەر بەردەوامە".

## "ئاژەڵی سووری بەلێشاو دێت"

دەڵاڵەکانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ لە شاری هەولێر دەڵێن ڕۆژانە بە لێشاو ئاژەڵی سووری بە لۆری دەگاتە هەولێر.

یوسف ئیسماعیل، دەڵاڵی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ لە مەیدانی ئاژەڵانی هەولێر، ماوەیەک لەمەوبەر 550 سەر کاوڕی کڕیوە بۆ قەڵەوکردن و دواتر فرۆشتنەوەیان، بەڵام دەڵێت بەهۆی هاوردەکردنی ئاژەڵی سووری، نرخی ئاژەڵ دابەزیوە، بۆیە لە جیاتی قازانج، زەرەری کردووە. یوسف گوتی "لێشاوی هاوردەکردنی ئاژەڵی سووری بەناوی ئاوارەکانەوە لەلایەن هەندێ کەس لە خاڵی سنوری پێشخابوورەوە نرخی ئاژەڵی زۆر دابەزاندووە، بەم هۆیەشەوە بازاڕ وەستاوە، بە تەنیا من 19 ملیۆن دینارم زەرەر کرد".

یوسف ئاشکرای کرد "ڕۆژانە زیاتر لە 15 تاوەکو 20 ترێلە ئاژەڵی سووری دەگاتە مەیدانی ئاژەڵانی هەولێر، ئەمەش زیانی زۆری بەئاژەڵداران گەیاندووە، چونکە بەهۆی کەمیی نرخی ئەو ئاژەڵانەوە کەس ئاژەڵی خۆماڵی ناکڕێت".

یوسف ڕەتیکردەوە سەرجەم ئەو ئاژەڵانە هی ئاوارەکان بن و گوتی "ئێمە ئاگادارین هەندێ کەسی سووری ئاژەڵ لە ناوچەکانی داعش دەکڕن و گومرگی دەدەن و بەناوی ئاوارەوە هاوردەی دەکەن بۆ کوردستان، لەسەر سنووریش دەیفرۆشنەوە بە بازرگانەکانی خۆمان و هەندێجاریش بۆ ئەوەی پارەی باشتر بکات خۆیان دەیهێننە مەیدان".

خەلەف ئەحمەد مەعروف، پەلەمانتار و ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت "بەرپرسانی حکومەت بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە، ئەوان ڕێگەی هاوردەکردنی ئاژەڵیان بۆ بازرگانان لە وڵاتانی دەوروبەر نەکردووەتەوە، بۆیە جگە لە مەڕوماڵاتی ئاوارەکان، تەواوی ئەو ئاژەڵانەی هاوردە کراون لەڕێگەی قاچاخەوە بووە و پێویستە لەسەر حکومەت سزای سەرپێچیکەران بدات و خاڵە سنوورییەکانیش توندوتۆڵتر بکات".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "هەر بەڵگەیەکمان بۆ بێت کە ئاژەڵی دیکە بەناوی ئاوارەکانەوە هاوردە دەکرێت، لیژنەی نەزاهەی لێ ئاگادار دەکەینەوە، تاوەکو بەدواداچوونی بۆ بکات، چونکە ئەو کارە دەچێتە چوارچێوەی کاری قاچاخچێتی".



# نەجمەدین کەریم: بەڵێ سەردانی بارزانیم کردووە

## ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە کەرکووک:
## دوای سەردانەکەی د.نەجمەدین بۆ لای بارزانی شەڕی راگەیاندنمان راگرت



**هیوا حوسامەددین**
**رووداو- کەرکووک**

دوور لە چاوی کامێرا و بەنهێنی، نەجمەددین کەریم دەچێتە پیرمام و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدوو قۆڵی کۆدەبنەوە و تاوتوێی چەند پرسێکی گرنگ دەکەن. پارێزگاری کەرکووک پشتڕاستی دەکاتەوە کە سەردانی بارزانیی کردووە، بەڵام دەڵێت "لەبارەی ئەو سەردانە قسە ناکەم، بەڵام سەردانەکە دەستکەوتی گەورەی هەبوو بۆ کەرکووک".

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بەرپرسانی پارتی لە کەرکووک باسی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەڵێن بارزانی نایەوێت پارێزگاری کەرکووک ببینێ، تەنانەت مانگی ئابی ئەمساڵ کاتێک بارزانی سەردانی کەرکووکی کرد، د.نەجمەدین کەریم کەرکووکی جێهێشت، ئەمەش هێندەی دیکە گومانەکانی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان بارزانی و د.نەجمەدینی تۆختر کردەوە.

محەممەد کەمال، بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "پارتی و یەکێتی لە کەرکووک پەیوەندییەکانیان لاواز بووە، بەڵام ئێمە کێشەمان لەنێواندا نییە، بەڵکو کێشەکە لە نێوان پارتی و نەجمەدین کەریمە، ئەم کێشەیەش دەبێت کۆتایی بێت".

سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی بارزانی و د.نەجمەدین، محەممەد کەمال گوتی "ئەو کۆبوونەوەیە بەبێ ئاگاداری ئێمە کراوە، دوای گەڕانەوەی پارێزگاریش، هێشتا سەردانی ئێمەی نەکردووە".

مەحەمەد کەمال دەڵێت "کێشەی نێوان ئێمە و یەکێتی لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردن سەری هەڵداوە و هێشتا نەگەیشتووەتە بنبڕ و دەرفەت هەیە بۆ بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانمان و درێژەدانیش بە کۆبوونەوەکانی لق و مەڵبەند کارئاسانیمان بۆ دەکات".

دوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی و پارێزگاری کەرکووک، بە بڕیاری نەجمەدین کەریم فەرمانبەر و کارمەندانی قایمقامیەتی قەزای کەرکووک کێشرانەوە و ئۆتۆمبێلی قایمقامیش وەرگیرایەوە و کار گەیشتە هەڵدانەوەی دۆسیەی گەندەڵی و تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر کادرانی یەکدی و شەڕی راگەیاندنی نێوان پارێزگار و پارتی لە کەرکووک دەستپێکرد.

بەپێی زانیاریی (رووداو) کۆبوونەوەکەی نێوان بارزانی و د.نەجمەدین کەریم، لە رۆژی دووشەممەی رابردوو دوور لە زوومی کامێراکان لە پیرمام کراوە.

ئەندامێکی یەکێتی کە نزیکە لە نەجمەدین کەریم، بە (رووداو)ی راگەیاند "لە کۆبوونەوەکەی بارزانی و د.نەجمەدین باسی کێشەکانی کەرکووک کرا کە دەبێت لە ئەمڕۆ بەدواوە هەموومان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەڕانەوەی ئەو شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان".

ئەحمەد عەسکەری راشیگەیاند "دوای دیداری نێوان نەجمەدین کەریم و مەسعود بارزانی شەڕی راگەیاندن لە نێوان پارتی و یەکێتی لە کەرکووک زۆر کاڵ بووەتەوە، ئەو پرسە یەکلایی کراوەتەوە و رێوشوێن دانراوە و قسە لەسەر ئەوە کراوە کە دەبێت هەردوو لایەن شتێکی گەورە نەکەنە قوربانی شتێکی بچووک. ئەم دیدارە هەنگاوی یەکەم بووە و هەنگاوی دیکەشی بەدوادا دێت".

نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک ئامادە نەبوو قسە لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بکات. تەنیا گوتی "من چوومەتە دیداری بارزانی و هیچ کاتێک کێشەم لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا نەبووە و قسە لەسەر ئەو سەردانە ناکەم".

نەجمەدین کەریم بە (رووداو)ی گوت "سەردانەکەم بۆ لای بارزانی دەستکەوتی گەورەی هەبووە بۆ کەرکووک".

رۆژی چوارشەممەی رابردوو ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەبەردەم پارێزگای هەولێر تەقییەوە کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج پۆلیس و هاووڵاتی. دوای تەقینەوەکە نەجمەدین کەریم پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

بەوتەی سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک_گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیداری نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکووکدا باسی پرسی نەوتی کەرکووکیش کراوە.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "دیدارەکە لەسەر داوای پارێزگاری کەرکووک رێکخراوە و بەدوو قۆڵی باسی زۆر شتیان کردووە، بەتایبەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی و پارتی و نەجمەدین کەریم و پرسی نەوتی کەرکووک و هەناردەکردنی لە رێگای هەرێمی کوردستانەوە و بارزانیش بەڵێنی بەدواداچوونی بۆ ئەو کێشانە داوە کە لە کۆبوونەوەکە باسکراون". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئێستا یەکێتی و پارتی ئامادەکاری دەکەن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و لەیەکەم هەنگاویشدا شەڕی راگەیاندنی نێوانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا راگرتووە".

# کورد بۆ دروستکردنی پاسەوانی نیشتیمانی مەرجی هەیە

**هیوا حوسامەدین**
**رووداو- کەرکووک**

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بڕیاری داوە بەپێکهێنانی لێژنەیەک بۆ دارشتنی پرۆژە یاسای پێکهێنانی هێزێکی نوێی سەربازی بەناوی (پاسەوانی نیشتیمانی). بڕیارە ئەو هێزە لە کەرکووکیش دروست بکرێت، بەڵام کورد و کریسیتان دژی دروستکردنی پاسەوانی نیشتیمانین لە کەرکووک و دەڵێن ناچنە ناو ئەو هێزەوە.

تاکە لایەن کە لە کەرکووک پێشوازی لە دروستکردنی ئەو هێزە دەکەن، تورکمانەکانن. سوننە هێشتا هەڵوێستی خۆیان لەبارەی ئەو هێزەوە یەکلایی نەکردووەتەوە، شیعەکانیش دەڵێن ئەو هێزە نەخشەی ئەمنی و سەربازیی عێراق تێکدەدات.

دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران و لەیەکەم کۆبوونەوەیدا لە 9ی مانگی ئەیلوول، حەیدەر عەبادی بڕیاری پێکهێنانی هێزێکی سەربازیی نوێی دا بەناوی "پاسەوانی نیشتیمانی"، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پشتگیری ئەم هەنگاوە دەکات، بەڵام کورد ئەو پرۆژەیەی عەبادی رەتدەکاتەوە، ئەگەر مەرجەکانی جێبەجێ نەکرێن.

شێرزاد عادل، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "دروستکردنی ئەو هێزە لە کەرکووک بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەن و ئیدارەی کەرکووک، پێکهاتەکانی ئەم شارە تووشی کێشەی گەورە دەکات، چونکە لە دابەشکردنی رێژەی پێکهاتەی ئەو هێزە، رەچاوی هەموو پێکهاتەکان نەکراوە بەیەکسانی. بەمشێوەیەش بێت ئێمە وەکو کورد ئەو بڕیارە رەتدەکەینەوە و رێگە بەدروستکردنی ئەو هێزە نادەین لە سنووری کەرکووک.

گوتیشی "دەبێت لەدابەشکردنی پێکهاتەی ئەو هێزە سەربازییەدا رێژەی 32% بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و 4% بۆ کلدۆئاشووری بێت. هەروەها دەبێت ئەو هێزە بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک بجوڵێتەوە".

جگە لە هەرێمی کوردستان، ئەو هێزە لە پارێزگاکانی عێراق و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش دروست دەکرێت و سیستەمی ئەو هێزە لە هەر پارێزگایەک لەگەڵ هێزی پارێزگاکەی دیکە جیاوازە و ئەندامانی ئەو هێزە بۆیان نییە بچنە دەرەوەی پارێزگاکەی خۆیان.

حەیدەر عەبادی دەڵێت ئامانج لە دروستکردنی ئەو هێزە کۆکردنەوەی ئەو چەکدارە خۆبەخشانەیە کە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش چوونەتە بەرەکانی شەڕ. ئێستا رەشنووسی یاسای دروستکردنی ئەو هێزە لە پەرلەمانی عێراقە.

لە رەشنووسەکەدا هاتووە سەرباز و ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراق بەبێ لێپێچینەوە دەگەڕێندرێنەوە ریزەکانی پاسەوانی نیشتیمانی و وەکو رێزگرتنێکیش پلەکانیان بەرز دەکرێتەوە.


(فۆتۆ: AFP)

### شیعەکان بەکارێکی خراپی دەزانن

مەهدی تەقی فەرماندەی هێزە چەکدارە شیعەکان لە سنووری خورماتوو و کەرکووک دەڵێت "پێویست ناکات هەر پارێزگایەک هێزی تایبەتی خۆی هەبێت. باشتر وایە عێراق لەو دابەشکردنە سیاسییە رزگار بکرێت کە لەسەر نەخشەی ئەم وڵاتە دروستکراوە و هەموو هێزە ئەمنییەکان لەژێر سایەی ئاڵای عێراق و بەناوی سوپای عێراق سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە".

بارەگای سەرەکی هێزی پاسەوانی نیشتیمانی لە چەقی شاری کەرکووک دەبێت، بارەگای لیوا و فەوج و سرییەکانیشی دەگوازرێنەوە بۆ سنووری شارۆچکە و شارەدێیەکانی کەرکووک و راستەوخۆ فەرمان لە وەزیری بەرگری عێراق وەردەگرن.

### هەڵوێستی عەرەب روون نییە

عەرەبە سوننەکان ماوەیەکی زۆرە داوای دروستکردنی هێزێکی سەربازی دەکەن بۆ کەرکووک، بەمەرجێک پێکهاتەی ئەو هێزە لە دانیشتووانی کەرکووک بێت، بەڵام بۆ پێکهێنانی هێزی پاسەوانی نیشتیمانی هیچ هەڵوێستێکیان نییە.

محەممەد خەلیل جبوری، ئەندامی لیستی گردبوونەوەی کۆماری کە نوێنەرایەتی بەشێک عەرەبە سوننەکانی کەرکووک دەکات دەڵێت "جارێ زووە هەڵوێستی خۆمان لەو هێزە دەربڕین و پێویستە هەیکەلی ئەو هێزە ببینین و لەو نێوەندەشدا رێژەی عەرەبی سوننە ببینین، ئەوکات هەڵوێستێکی روونمان دەبێت".

جبوری هەروەها دەڵێت "بۆ پاراستنی کەرکووک و پێکهاتەکانی وا باشترە ئەو هێزە لەژێر فەرمانی بەغدا بێت و هیچ نەتەوە و مەزهەبێک توانای جوڵەپێکردنی ئەو هێزەی نەبێت، ئەفسەرەکانیشی بەیەکسانی دیاری بکرێت و لەڕووی کەرەستە و پێداویستی سەربازیشەوە تۆکمە بێت".

### تورکمان پشتگیری دەکەن

گویلەن ئەحمەد، وتەبێژی کاتی بەرەی تورکمانی و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "بە راشکاوانە پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە دەکەین لەبەر ئەوەی کەرکووک پێویستی بەهێزێکی ئەمنی تۆکمە هەیە کە لە پێکهاتەکانی ئەم شارە بێت و وەلائیان بۆ خاک و پارێزگاکەیان هەبێت". گوتیشی "وەکو تورکمان هیچ کەموکوڕییەک لەو پرۆژەیە نابینین و پێمان باشە هەموو لایەنە سیاسییەکانیش هەمان تێڕوانینی ئێمەیان هەبێت و هەوڵی کاراکردنی ئەو پرۆژەیە بدەن".

گولە پێیوایە پشتگیری نەکردنی دروستکردنی ئەو هێزە لەلایەن کوردەوە لە دژی پێکهاتەکانی تورکمان و عەرەبی کەرکووکە "چونکە کورد دوو ئاسایش و دوو دەزگای زانیاری و پێشمەرگە و بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتیە ئەمنیەکانی ئەم شارەی هەیە، تەنیا تورکمان و عەرەب لە پۆستی ئەمنی بێبەشن"

### ئاشوورییەکان داوای پێشمەرگە دەکەن

ئیدوارد ئۆرەها نوێنەری کریستیانەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت "ئێمە دروستکردنی هەموو هێزێک رەتدەکەینەوە بەڵکو لەگەڵ بەهێزکردنی ئەو هێزە ئەمنیانەین کە ئێستا لە کەرکووک کاردەکەن، چونکە ئەو هێزانە لە نەتەوەکانی کەرکووک پێکهاتوون و شارەزان لە رەوشی شارەکە" ناوبراو گوتیشی "ئێمە وەکو ئاشووری و کریستیانەکانی کەرکووک داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە فەوجێکی تایبەت لە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە کریستیانەکان بکاتەوە بۆ پاراستنی ناوچەکانی خۆیان هەر وەکو چۆن لە هەولێر ئەو بڕیارە دراوە و دەمانەوێت ئەو بڕیارە کەرکووکیش بگرێتەوە".

# پارتی یەکێک لە گرنگترین پۆستەکانی خۆی دەداتە گۆڕان

## پارتی: داواکەی یەکێتی ڕەتکرایەوە و قابیلی جێبەجێکردن نییە

## یەکێتی هەڕەشە لە پارتی دەکات: ئەگەر داواکانی ئێمە جێبەجێ نەکرێ مانای وایە کوردستان دابەشکراوە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە یەکێک لە گرنگترین پۆستەکانی خۆی لە هەولێر بداتە بزووتنەوەی گۆڕان بکات، بەڵام یەکێتی هەڕەشە دەکات کە ئەگەر پارتی داواکانی ئەوان جێبەجێ نەکات، ئەوا مانای وایە کوردستان لە رووی سیاسییەوە دابەش دەکرێ. بەڵام پارتی دەڵێ داواکانی یەکێتی قابیلی جێبەجێکردن نین.

پارتی ئێستا ئیدارەی پارێزگای هەولێر بە تەنیا بەڕێوەدەبات. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی گوتی "موشکیلەمان نییە لە بەڕێوەبردنی هەولێر، بەڵام دەمانەوێ لایەنەکانی دیکەش بەشداربن".

ئەحمەد کانی کە ئەندامی لێژنەی دانوستاندنی پارتییە بۆ پارێزگای هەولێر، ئاشکرای کرد کە حیزبەکەی ئێستا زیاتر لە هەر لایەنێک لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕێککەوتن نزیکە. گوتیشی "هەرچەندە جارێ هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی نەکراوە، بەڵام لە گۆڕان زۆر نزیکین".

بزووتنەوەی گۆڕان داوای پۆستی دووەمی پارێزگای هەولێر دەکات، بەڵام محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "پارتی لە جێی پۆستی جێگری پارێزگاری هەولێر کە داوامان کردبوو پێشنیازی قایمقامی ناوەندیی هەولێری کرد بۆ گۆڕان".

محەممەد حاجی کە ئێستا سەرپەرشتی مەلەفەکەی گۆڕان دەکات لەبارەی پۆستە ئیدارییەکانی هەولێر، نەیشاردەوە کە ئەوان پێشنیازەکەی پارتی ڕەتناکەنەوە "بەرەوپێشچوون هەیە لەگەڵ پارتی و قایمقامی ناوەندیی هەولێر پۆستێکی خراپ نییە بۆ گۆڕان".

یەکێکی دیکە لە داواکانی گۆڕان بۆ بەشداریکردنی لەپۆستە ئیدارییەکانی هەولێر بەڕێوەبەری ناحیەکانە. لە کۆی سنووری پارێزگای هەولێریش 34 ناحیە هەن.

داواکەی گۆڕان بۆ پۆستە ئیدارییەکانی هەولێر لە قایمقام زیاترە. محەممەد حاجی دەڵێ "گۆڕان داوای شەش بەڕێوەبەری ناحیەکانی پارێزگای هەولێری کردووە و پارتیش بە پێنج بەڕێوەبەر رازی بووە". هەروەها گوتی داوای دوو بەڕێوەبەری گشتیمان کردووە لە هەولێر.

بەڵام پێناچێ ئەو نزیکییەی لە نێوان پارتی و گۆڕان هەیە لەبارەی پۆستە ئیدارییەکانی هەولێر، لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبێ.

ڕێباز بێرکۆتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر نارەحەتە لە وەڵامەکانی پارتی بەرامبەر بە داواکانی یەکێتی "لەگەڵ پارتی نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک و پارتی داواکانی ئێمەی ڕەتکردەوە".

بیرکۆتی داواکانی حیزبەکەی بۆ ئیدارەی هەولێر ئاشکرا کرد و گوتی "داوای سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و 24%ی پۆستە ئیدارییەکانی هەولێرمان کردووە". بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێ "پارتی گوتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و چاودێری هەمووی لەدەستی ئێمە دەبێ و هیچی نادەینە یەکێتی". ڕێباز بێرکۆتی لەبارەی ڕەتکردنەوەی داواکانیان لەلایەن پارتییەوە هۆشداریی دا و ڕایگەیاند کە ئەوە کوردستان بەرەو دابەشبوونەوەی سیاسی و ئیداری دەبات "گوتمان دەبێ ئێوەش چاوەڕێ بکەن لە شوێنی دیکە کاتێ داوای پۆست دەکەن ڕەتبکرێتەوە".

(ڕووداو) زانیویەتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕوون و ئاشکرا بە پارتی گوتووە، ئەگەر ئێوە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بدەنە یەکێتی، ئەوا ئێمەش داوای جێگری پارێزگار دەکەین و لەسەر داوای خۆمان سوور دەبین.

بەڵام پارتی ئەو پۆستەی بۆ خۆی یەکلایی کردووتەوە. ئەحمەد کانی گوتی "سەرۆکی ئەنجوومەن نادەین بە یەکێتی و ئەم پۆستە بۆ پارتییە و کۆتایی هاتووە".

پارتی بە نیازە ئەگەر یەکێتی بێتە پێش بۆ حکومەتی نێوخۆی هەولێر، دوو جێگر بۆ پارێزگاری هەولێر دابنرێ، یەکێک بۆ پارتی و ئەوی دیکە بدرێ بە یەکێتی. ڕێباز بێرکۆتیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەوڵێکی لەو شێوەیە لەئارادایە، بەڵام دژی ڕەفتارەکانی پارتین "پارتی لە ڕێگەی کەسی سێیەم داوای کردووە جێگری پارێزگاری هەولێر بدرێ بە یەکێتی و ئێمەش ئەو شێواز و ڕەفتارە ڕەتدەکەینەوە، چونکە لێژنەی دانوستاندنمان هەیە بۆچی لەڕێگەی کەسی سێیەمەوە ئاگادار بکرێین".

جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی، هەریەک لە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش داوا دەکەن بەشدار بکرێن لە ئیدارەی پارێزگای هەولێر، بەڵام ڕەخنەیان لە پارتی هەیە.

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ئاشکرای دەکات کە لیستی خزمەت داواکانی خۆی بە نووسراو پێشکەشی پارتی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان وەرنەگرتووە. سەبارەت بە داواکانی لیستی خزمەت لە پارێزگای هەولێر دەڵێ "داوای پۆستی جێگری پارێزگار و دوو قایمقام و چوار بەڕێوەبەری گشتیمان کردووە، داواکانی خۆمان بە لیست پێشکەش کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا پارتی وەڵامی نەداوەتەوە".

---

## دڵشاد شەهاب، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# لەگەڵ گۆڕان زۆر چووینەتە پێش و باسی پۆستی قایمقامی هەولێریش کراوە

**داعش تەنیا پارتی بەخەبەر نەهێنا**

**ئەم هەموو شەڕە نەبووە هۆی کەمکردنەوەی هەیبەتی پارتی**

**شوکری خوا دەکات کە کورد لە شەڕی داعشدا هەر بەوەندە لێی دەرچوو؛ هەموو ئەو ڕەخنانەش ڕەتدەکاتەوە کە حیزبەکەی خەتابار دەکەن بە کەمتەرخەمی لە سەرەتای هێرشی داعشدا. دڵشاد شەهاب، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ "لەشەڕی داعشدا هەیبەتی پارتی نەشکاوە". لەبارەی ڕێککەوتنی ستراتیژیش دەڵێ "ئەگەر یەکێتی سەت لەسەت قەناعەتی بەو ڕێککەوتنە نەبێ ئیمزا ناکرێ". گوتیشی "لەگەڵ گۆڕان لەسەر ئیدارەی هەولێر زۆر چووینەتە پێش و پۆستی قایمقامی هەولێریش قسەی لەسەر کراوە".**

**هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد**



**ڕووداو: دەگوترێ پێش شەڕی داعش پارتی تووشی غرور ببوو، ئێستا هۆشیار بووەتەوە؟**

**دڵشاد شەهاب:** پێموانییە داعش تەنیا پارتی بەخەبەرهێنابێ، زۆر کەس پێیوابوو کوردستان لە زۆر مەترسی دوورکەوتووەتەوە، خەڵک لە خۆشگوزەرانیدا بوو. ئەو وڵاتانەی ئێستا داوای هاوکاریی سەربازییان لێدەکەین، ئەوکات داوامان لێدەکردن کۆمپانیاکانیان بێننە کوردستان و کاری سەرمایەگوزاری بکەن.

**ڕووداو: دوای ئەم شەڕە چی بۆ پارتی دەرکەوت؟**

**دڵشاد شەهاب:** بۆمان دەرکەوت کە قۆناغێکی مەترسیدار لەپێش ماوەو دەبوایە زووتر کار لەسەر پێکهێنانی هێزێکی ڕێکخراوی نیشتیمانی و یەکگرتوو بکەین و بۆشمان دەرکەوت کە دەبووایە زۆرتر گرنگی بە پێشمەرگە و تەجهیز و ڕاهێنانی و پەرەپێدانی تواناکانی بدەین. ئەوەی ڕوویدا مەترسییەکی ئەوەندە گەورە بوو تەسەور ناکەم لە حیساباتی هیچ کەس و لایەنێکدا هەبووبێ نەک تەنیا پارتی. ئەگەری ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستی هەمیشە لەحیساباتدا هەبووە، بەڵام مەترسییەک بەم قەبارەیە نا.

**ڕووداو: چەندی ئەوە خەتای پارتی بوو؟**

**دڵشاد شەهاب:** ئێمە لایەنی سەرەکی پێکهاتەی حکومەتین و پێشتریش هەروا بووین و خۆمان پێ بەرپرسیارە بەرامبەر هەموو کەموکورتییەک بەپێی قەبارەی خۆمان و لە سەرکەوتنەکانیش بەهەمان شێوە، لە هیچ کامیان ڕاناکەین و بەپێی قەبارەی خۆمان هەڵەبووین.

بەداخەوە لە کاتی شەڕەکە هێرشی زۆر لە زۆنی سەوزەوە کرایە سەر پارتی و ئەم بابەتە ئیستیغلال کرا لە دژی پارتی، ڕاستە زەرەرمان پێگەیشت، بەڵام ئەم بابەتە زۆر گەورە کرا. پارتی بڕیاری نەداوە وەکو حیزب لە شەڕدابێ، بەڵکو هەرێمی کوردستان لەشەڕدایە، ئەگەر پێشمەرگە لە جەلەولا و زوممار و ڕەبیعە سەرکەوتن ئەوا کوردستان سەردەکەوێ و ئەگەر شکستی خوارد ئەوا کوردستان شکستی خواردووە.

**ڕووداو: بەڵام بەشێکی زۆری ڕەخنەکان لە پارتی لەلایەن یەکێتییەوە بوو کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێوە بوو؟**

**دڵشاد شەهاب:** من حەزناکەم ئەم لاپەڕانە هەڵبدەینەوە، بەیەک شت زۆر سەربەرزین: ئەم هەموو شەڕە نەبووە هۆی کەمکردنەوەی هەیبەتی پارتی لە دەسەڵاتدا. ڕەنگە لە قۆناغێکی دیاریکراودا گورزێکی گەورە بە سەری هەموو کورد کەوتبێ و بەر پارتیش کەوت، بەڵام ئێستا خۆمان ڕێکخستووە. گوندی وا هەیە دەیان کەسی تێدا شەهید بوونە، ئایا دەکرێ گومان لای خەڵکی ئەو گوندە مابێ کە بەدەیان پێشمەرگەی لەسەر بەکوشتدراوە؟ من دەڵێم ئەوەی ڕوویدا مەترسییەکی زۆر گەورە بوو، ئێستا کە هەندێ شت ڕوونتر دەبنەوە سەبارەت بە قەبارەی هێزی بەرامبەر، من دەڵێم لە زەربەی یەکەم باش بوو هەر بەوەندە لێی ڕزگاربووین و بەوەندە خەسارەتە لێیدەرچووین و پێشمەرگە توانی خۆڕاگرییەکی زۆر گەورە بکات، چونکە ئەمانە هێزێکی گەورەن و بچووک نین. ئێستا دەرکەوت ئەوان هێزێکی گەورەن و چەکی قورسیان هەیە.

**ڕووداو: دوای شەڕی داعش قسەی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێ کە دەبێ پێداچوونەوە بە پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتیدا بکرێ؟**

**دڵشاد شەهاب:** ئەگەر تۆزێک بەرەو دوا بگەڕێینەوە، هەرچەندە مەجبوور نەبی نابێ بگەڕێیەوە بۆ دواوە. ئەوەی کە یەکێک بڵێ درز و یەکێک بڵێ ناکۆکی، ململانێ یاخود بۆچی ساردییەک دروست بوو. بە تێڕوانینی من ئەو پەیوەندییە ساردیی تێکەوت دوای ئەوەی بەرپرس و دامودەزگاکانی یەکێتی کەوتنە هێرشکردن بۆ سەر ڕێککەوتنی ستراتیژی، بەشێوەیەک کە ئەوان خاوەنی ئەو ڕێککەوتنە نین و پارتی بە زۆر دەستی بەو ڕێککەوتنەوە گرتووە. قەناعەتی من وایە ئەو قۆناغەی کەوا بۆی دانرابوو تێپەڕمانکرد و ئامانجی سەرەکیی پێکا و پارتیش لەو ڕێککەوتنە پەشیمان نییە. قەناعەتی پارتی وایە ئەو ئامانجانەی ڕێککەوتنەکەی بۆ کرا بەدیهاتوون.

**ڕووداو: ئێستا شتێک بەناوی ڕێککەوتنی ستراتیژی ماوە؟**

**دڵشاد شەهاب:** ڕێککەوتنی ستراتیژی ماوە. بەمانای ئەوەی کاری هاوبەشمان لەگەڵ یەکێتی کۆتایی نەهاتووە کە بەشێکی ڕێککەوتنەکە بەڕێوەبردنی وڵاتە. بەڵام لەبەرئەوەی قۆناغەکە گۆڕاوە، ڕێککەوتنەکە پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە. دیارە ئەگەر ئەمجارە پارتی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی دارشتەوە، دەبێ یەکێتی سەت لە سەت قەناعەتی پێی هەبێ و بەرگریی لێ بکات.

**ڕووداو: ئێستا یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو هەموویان داوا دەکەن سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکرێ بە پەرلەمانی لەکاتێکدا ئەو ماوەیەی بۆ ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان درێژکرایەوە بەرەو تەواوبوون دەچێ، پارتی ڕازییە سیستەمە بکرێ بە پەرلەمانی؟**

**دڵشاد شەهاب:** دەستوور بۆ حیزبێک نانووسرێ، پارتیش هیچ مەبەستێکی حیزبی لەدەستووردا نییە و هیچ هێڵی سوورمان لەسەر دەستوور نییە و بۆچوونی پێشوەختەشمان نییە کە دەبێ دەستوور بەوشێوەیە بێ. ڕاستە چەند مانگێک ماوە بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کاتێک سەرۆک بارزانی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی هێنا، دەنگی ئەو بە هەزاران دەنگ لە دەنگی پارتی زیاتر بوو، بۆیە ئەوە تەنیا پارتی نییە قسە لەوبارەیەوە بکات. ئێمە دەبێ بپرسین ئایا دۆخەکە لەبارە لەم کاتەدا باسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێ؟ دەبێ زۆر بە وردی دیراسەتی ئەو بابەتە بکرێ.

**ڕووداو: ڕەخنەی زۆر لە یەکێتی دەگیرێ کە ناتوانێ کۆنگرەی خۆی ببەستێ لەبەر کێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە. پارتیش وادەکەی تەواو بوو، دەبێ لەم ڕۆژانەدا کۆنگرەی 14هەمی خۆی ببەستێ. کۆنگرە دەبەستن؟**

**دڵشاد شەهاب:** بەپێی پێڕەوی نێوخۆی پارتی، مەکتەبی سیاسی پارتی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە گەر دۆخێکی ناهەموار هەبێ دەتوانێ بۆ ساڵێک درێژی بکاتەوە، بەڵام هیچ کێشەیەک نییە لەنێو پارتی و تەنیا ئەوەندەیە کە دۆخەکە بە گونجاو نازانین بۆئەوەی پارتی لەم کاتەدا کۆنگرە ببەستێ. پارتی کێشەی بەستنی کۆنگرەی نییە.

**ڕووداو: هەندێک دەڵێن بۆچی بارزانییەکان سەرپەرشتی میحوەرەکانی شەڕ دەکەن، پارتی بڕوای بە کەسێکی دیکە نییە؟**

**دڵشاد شەهاب:** بەرەی جەنگ ئیمتیاز نییە کە وا بیر بکەیتەوە ئەمە ئیمتیازێکە بۆ بارزانییەکان. ئەمە قەدەری بارزانییەکانە لە دەستپێکی شۆڕشەکانی کوردەوە تاوەکو ئێستا و هەمیشە بەشێکی بەرچاوی قوربانییەکان بەر بارزانییەکان کەوتووە.

**ڕووداو: لەم شەڕەدا چ زیانێک بەر کورد کەوتووە؟**

**دڵشاد شەهاب:** لەشەڕدا براوەش هەر زەرەر دەکات، کورد لەم شەڕەدا لە ڕووی سیاسییەوە ستۆپی نەکردووە، بگرە پێشکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، ڕەنگە لە بواری ئابووری هەندێ ستۆپی کردبێ.

**ڕووداو: وەکو پارتی چۆن تەماشای ململانێی نێو یەکێتی دەکەن؟**

**دڵشاد شەهاب:** ململانێکانی ناو یەکێتی کاریگەری لەسەر هەموو شتێک بەجێهێشتووە تەنانەت لەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیش. تاوەکو مام جەلال لە مەیدان بوو، ئەو خاوەنی ڕێککەوتنی ستراتیژی بوو لەگەڵ کاک مەسعود. یەکێتی هێزێکی سیاسی ئەم وڵاتەیە و هەر شڵەژانێکی یەکێتی کاریگەری دەبێ و ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر بارودۆخی کوردستان. زۆرجار کە کێشە لە پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی دروست دەبوو تەنیا بە دانیشتنێکی نێوان مام جەلال و سەرۆک بارزانی چارەسەر دەبوو، بەڵام ئێستا ئەوە ڕوون نییە کە بڕیار لەنێو یەکێتی چۆن دەردەچێ.

**ڕووداو: نزیکەی هەشت مانگە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوەو تاوەکو ئێستا پۆستی پارێزگار لەسلێمانی یەکلایی نەکراوەتەوە، ئێوە وەکو پارتی چیتان پێدەکرێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە؟**

**دڵشاد شەهاب:** پارتی دەنگی یەکلاکەرەوەی نییە لە سلێمانی، ئەگەر ئەو دەنگەی هەبووایە بەهەر شێوەیەک بووایە ئەو پۆستەی حەسمدەکرد. بەڵام بەدەنگی ئێمە یەکلایی نابێتەوە. ئەمە مەسەلەیەکی یاساییە و هەڵبژاردن کراوەو لەنێوان دوو لایەن ماوە: گۆڕان و یەکێتی.

**ڕووداو: پارتی هێشتا لەگەڵ گۆڕان لە مانگی هەنگوینیدایە؟**

**دڵشاد شەهاب:** لەگەڵ گۆڕان نایشارینەوە ئەزموونێکی سەرکەوتووی کارکردنمان هەیە لە حکومەتدا. شتێکی باشە کە ئەو پەیوەندییە هەیەو لەگەڵ یەکێتییش دەمانەوێ پەیوەندیی باشمان هەبێ. ئێستا لەگەڵ گۆڕان زۆر چووینەتە پێش و زۆر نزیکین لە ڕێککەوتن، بەڵام تێبینیمان لەسەر داواکانی یەکێتی هەیە.

**ڕووداو: داواکانی یەکێتی چین؟**

**دڵشاد شەهاب:** یەکێتی داوای سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەکات، ئێمەش دەڵێین هەڵبژاردن کراوەو لەگەڵ کۆمەڵ لایەنی دیکە هاوپەیمانی کراوەو ئەم بابەتە یەکلایی بووەتەوە و دەبێ ڕێز لە هەڵبژاردن بگیرێ. بەڵام دەیان پۆستی دیکە لە پارێزگای هەولێر هەن و دەمانەوێ لەگەڵ یەکێتی بگەینە ئەنجام. لەگەڵ گۆڕانیش زۆر چووینەتە پێش و باسی پۆستی قایمقامی هەولێریش کراوە، بەڵام نامانەوێ شتەکان ئاشکرا بکەین تاوەکو ڕێککەوتنەکە ئیمزا دەکەین.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24



### پارێزەرانی کورد لە سوێد ئەنجوومەنێک پێکدێنن

**ڕووداو – سوێد**

ڕۆژی هەینی ڕابردوو ژمارەیەک پارێزەر و یاساناسی کورد لە ستۆکهۆڵم کۆبوونەوە و ئەنجامی کۆبوونەوەکەیان جگە لە یەکترناسین، دروستکردنی ئەنجوومەنی یاساناسانی کورد بوو لە ستۆکهۆڵم. دەبە نوژەن، کە ئامادەکاری بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کرد گوتی ئامانجی یەکەمی ئەوان بە یەکدی ناساندنی یاساناس و پارێزەرانی کوردە لە سوێد. سەبارەت بە ژمارەی یاساناسانی کورد لە سوێد، ناوبراو گوتی زەحمەتە ژمارەی دروست بزانین. تاوەکو ئێستا 50 پارێزەری کورد بڕیاریان داوە بچنە نێو ئەنجوومەنی یاساناسانی کورد لە سوێد.

# کوردێک 10 ساڵە لە لیستی کەسایەتییە یەکەمەکانی سوێددایە

## گۆڤاری فۆکۆس:
## سۆران لە وەزیرێکی سوێد دەستڕۆیشتووترە

**شاد محەممەد**
**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

بۆ جارێکی دیکە و دوای هەڵبژاردنی لە دەیان ڕاپرسی و دیاریکردنی کەسایەتییەکانی ساڵ لەلایەن ڕۆژنامەکانی سوید، گۆڤاری (فۆکۆس)ی بەناوبانگی سویدی، سۆران ئیسماعیلی وەک یەکێک لە 100 کەسە بەهێزە کاریگەرەکەی ئەو وڵاتە بۆ ساڵی 2014 هەڵبژارد.

سۆران ئیسماعیل کە لە ریزبەندی 78دایە، لەلایەن گۆڤارەکەوە وەک یەکێک لە 100 کەسی هەرە بەهێزی وڵات ناسراوە کە ئەوانە بەبێ دەنگدان و بێ بوونی پشتیوانی لەلایەن پارتێکی سیاسی بوونەتە خاوەنی ئەو پێگەیە.

سۆان ئیسماعیل، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی سوید لە بواری کۆمیدیا، جگە لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی، گۆشەنووسی ڕۆژنامەی (سیدسڤینسکا)یە، هاوکات چالاکیی بەردەوامی لە پەیجی تایبەتی خۆیدا هەیە.

سۆران خەڵکی باشووری کوردستانە. لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی دژە ڕەگەزپەرستییە لە سوێد، ناوی ئەو لەم لیستەدا دەیان جاری دیکە دانراوەتەوە.

ئەو زنجیرە کارەی لە سوید بۆ دژایەتی ڕەگەزپەرستی دەیکات و هەروەها دوای هێرشی دوو ئەندامی پەرلەمانی پێشووی پارتی سڤیریە دیموکرات (سویدییە دیموکراتەکان) بۆ سەر سۆران ئیسماعیل کە هەردووکیان تووشی لێپرسینەوەی توند بوون و لە کارەکانیان ڕاگیران، زیاتر سۆرانی لەلای سوێدییەکان خۆشەویست کرد.

لە لێدوانی پێشووتریدا بۆ (ڕووداو)، سۆران گوتبووی "من خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەم". هەروەها گوتیشی "من تەنیا کارێکی مرۆڤانەم جێبەجێ کردووە، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستییە".

کوردی سوێد شوێندەستیان لەو وڵاتەدا دیارە، ئێستا 6 کورد کە وڵاتینامەی سوێدیان هەیە ئەندامی پەرلەمانن کە هەندێکیان بۆ دوو خولە هەڵدەبژێردرێنەوە، هەروەها کچێکی کورد بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێکی دەوڵەتە. جگە لەوەش چەندین سیاسەتمەداری کورد لە نێو پارتەکانی سوێد کار دەکەن. هەروەها دارین کە یەکێک لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی سوید، کوردە.

گۆڤاری فۆکۆس لەبارەی سۆران ئیسماعیلەوە دەڵێت "سۆران لە سیاسەتڤانان زیاتر سیاسەت دەکات". گوتووشیەتی "ئەو زیاتر لە 200،000 لایەنگری هەیە، لە ڕووی پراکتیکیشەوە زیاتر لە وەزیرێک دەستی دەڕوات".

لە گوتارێکیدا کە پێشتر سۆران لە ڕۆژنامەی سڤینسکا داگبلادیت بڵاوی کردەوە، بە توندی ڕەخنە لە فراوانبوونی هزری ڕەگەزپەرستی دەگرێت و دەڵێت "ئەو دەربڕینانەی دژ بە منداڵە بیانییەک دەکرێت لەبەر ئەوەی چاوی شین و پرچی زەرد نییە، هیوادارم تەنیا دەربڕینی کەسێکی نەخۆش بێت، نەک کۆمەڵگە و جیهانێکی نەخۆش".

ئەم گوتارەی دەنگدانەوەیەکی زۆر و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر خوێنەران و توێژی ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە هەبوو. لایەنگرانی پارتی ڕەگەزپەرستی ئەو وڵاتەی تووڕە کرد.

سۆران ئیسماعیل کە بۆ ئەمساڵیش وەک یەکێک لە 100 کەسایەتییە دیارەکەی سوید ناسێنرا، یەکێکە لە دەیان گەنجی کوردی ئەو وڵاتە کە کاریگەرییان لەسەر کەلتوور و سیاسەتی ئەو وڵاتە هەبووە. لەپاڵ ئەم، ئەرکان ئەسعەد بۆ سێجار وەک باشترین نووسەری سوید و ئۆز نۆژەن و فادیمە خەزەر وەک باشترین مێدیاکار چەندینجار خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە و لە لیستی کەسایەتییە ناسراوەکانی سوێددا بوون.




# پەرلەمانتارانی سوێد پشتیوانی بۆ کورد پەیدا دەکەن



## پەرلەمانتارێکی سوێدی:
## ناکرێ وەک بەشێک لە عێراق سەیری کوردستان بکەین

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی سوید، پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەو وڵاتە هەوڵ دەدەن پردێکی سیاسی و ئابووریی پتەو لەنێوان سوید و کوردستاندا دروست بکەن. هاوکات دەیانەوێت ئاوڕێکی خێرا لە کۆبانی بدرێتەوە.

فرێدریک مالم کە لەسەر لیستی پارتی گەل پەرلەمانتارە، دەڵێت پێویستە هاوکارییەکی باشتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

ئەو دەڵێت "هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حوکمڕانییەکی عەلمانییە. بۆیە سوید و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێویستە یارمەتیی کوردستان بدەن کە لەم ناوچە ناجێگیرەدا هەست بە ئارامی بکات."

مالم هەروەها دەڵێت "پێویستە بە چاوێکی دیکەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەین. ناکرێ وەک بەشێک لە عێراق سەیری بکەین، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدەین ڕاستەوخۆ بکەوینە پەیوەندی ئابووری لەگەڵی."

گرووپی پەرلەمانتارانی کورد و سوێد لە ساڵی 2010 پێکهات. ئەم گرووپە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان و دواتریش بۆ کۆبانێ، توانی پاڵپشتییەکی زیاتر بۆ کورد پەیدا بکات.

لەم مانگەدا ئانا لینا سۆرێنسۆن کە پەرلەمانتارێکی سەر بە سۆسیال دیموکراتەکانە، وەک سەرۆکی تازەی گرووپەکە هەڵبژێردرا.

مالم دەڵێت "ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێستا پاڵپشتییەکی فراوانتر بۆ کورد لە پەرلەماندا هەیە و تەنیا یەک لیست و حیزب داکۆکیی لێ ناکەن."

گرووپەکە دەیانەوێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕفاندنی نزیکەی 500 ئافرەتی ئێزدی و خەڵکانی دیکە کە لەلایەن داعشەوە لە عێراق و سووریا بێسەروشوێن کراون، پاڵپشتی دروست بکەن. نزیکەی 88 هەزار کورد لە سوید نیشتەجێن و بە یەکێک لە گەورەترین ڕەوەندەکانی کورد لە ئەورووپا دەناسرێن. ئێستاش 6 کورد ئەندامی پەرلەمانی سویدن.

لاوین ڕێدار کە لەسەر لیستی سۆسیال دیموکراتەکان ئەندامی پەرلەمانە، دەڵێت سوید دەبێ گوشار بۆ وڵاتانی عەرەبی بهێنێت بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو ئافرەتە ڕفێنراوانە ڕوون ببێتەوە کە بەشێکیان بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان لەو وڵاتانەدا فرۆشراون.

مالم کە پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات، دەڵێت یارمەتیدانی سەربازیی کوردستان باشترین ڕێگەی دۆزینەوەی ئەو ئافرەتە بێسەروشوێنانەیە.

ئەو دەڵێت "داعش خوازیاری دانوستاندنی دیپلۆماسی نییە. بۆیە تەنیا یەک ڕێگەمان لەبەردەمدایە. ئەویش تێکشکاندنی داعشە".

ئەم گرووپە پەرلەمانییە هەروەها هەوڵدەدات کار بۆ ئەوە بکات کە 16ی ئادار وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بناسرێ.

ساڵی 2012 سوید وەک یەکەم وڵات کۆمەڵکوژیی کوردی بە دەستی سوپای سەددام بە جینۆساید ناساند.

مالم دەڵێت "هەڵەبجە هێمای یەک لە قێزەونترین تاوانەکانە کە مرۆڤ بە چاوی خۆی بینیویەتی. بۆیە ئەگەر دانی پێدا بنرێت، مانای ئەوەیە کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە پاڵپشتی لە قوربانیانی کراوە".

ڕۆزا گوجلو هێدین لەسەر لیستی سۆسیال دیموکراتەکان دەڵێت "چەکی کیمیایی لە سووریاش بەکارهێنراوە، بۆیە گرنگە بە دانانی ڕۆژێکی نێونەتەوەیی وەک 16ی ئادار دژایەتی بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە بکرێت."

گوجلو هێدین هەروەها دەڵێت کە لە خولی تازەدا گرنگییەکی زیاتر بە کۆبانێ دەدەین و هەوڵ دەدەین ئەو ڕێکخراوانەی لەوێن یان نزیکی ئەوێن بانگهێشت بکەین بۆ ئەوەی باسی حاڵی شارەکە بکەن.

گوجلو هێدین دەڵێت "هیواداریین بتوانین لە ڕێگەی ئەم گرووپەوە گوشار بۆ حیزبەکانی ناو پەرلەمان بهێنین بۆ ئەوەی پاڵپشتیی زیاتر بۆ کورد دەستەبەر بکەین."

# داعش کوردی تاراوگە کۆدەکاتەوە

## نوێنەری یەکێتی لە هۆڵەندا:
## ئێستا ناپرسین کێ ئەم خۆپێشاندانەی ڕێکخستووە

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو– ئەمستردام**

بەختیار بەکر، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هۆڵەندا دەڵێت شەڕی دژی داعش هاوکار بوو بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە کوردییەکان لە هەندەران "پارتە کوردییەکان ئێستا بە بەردەوامی کۆدەبنەوە. دۆخەکە زۆر لە جاران باشترە".

زیاتر لە یەک ملیۆن کورد لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەژین، زۆربەی ئەوانە ئەو کەسانەن کە خێزانەکانیان لە ساڵانی شەستەکاندا لە تورکیاوە بۆ ئەورووپا کۆچیان کردووە. دواتر پەنابەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە گەیشتنە ئەورووپا.

نوێترین گرووپی پەنابەری کورد ئەو کوردانەن کە بەم دواییە لە جەنگی ناوخۆی سووریا هەڵاتوون.

کوردی ئەورووپا، هەروەکو کوردستان دابەشی سەر گرووپی جیاواز بوون. ئەمە لە ڕابردوودا هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و کەمیی هاوئاهەنگی بووە، بەڵام بە وتەی بەختیار ڕووداوەکانی ئەم دواییە هەموو ئەوانەی گۆڕی.

دوای ئەوەی کە پارتە کوردییەکانی سووریا لە دهۆک گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان وەلا بنێن لەمەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، لایەنگرەکانیشیان لە ئەورووپا هەمان هەنگاویان نا.

"ئێستا ئەگەر بچینە خۆپێشاندانێک بۆ پشتگیری لە شەڕڤانانی کۆبانی، پرسیار ناکەین کێ خۆپیشاندانەکەی ڕێکخستووە".

بەختیار دەڵێت "هەمووومان هەمان خەممان هەیە، ئەگەر بە یەک دەنگ قسە بکەین پشتگیری زیاتر بەدەست دێنین".

کۆبانی کە دوو مانگە لەژێر هەڕەشەی داعشدایە، بۆچوونی کوردی کە پێشتر دابەش ببوو، یەکخستەوە. بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی شەڕڤانانی کۆبانی، وەکو خاڵێکی وەرچەرخان دەبینرێت.

لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەورووپا ڕێکخراوترین گرووپی کوردیی پەناهەندەن کە زۆرجار خۆپێشاندانی گەورە سازدەکەن، ئەگەرچی لە ڕابردوودا زۆرجار بوونەتە هۆی دروستکردنی بارگرژی لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی دیکە، بەڵام بە قسەی بەختیار بەهۆی کۆبانییەوە، هەموو ئەمانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

کوردی سەر بە گرووپ و لایەنە جیاوازەکان مانگی ڕابردوو پێکەوە خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا سازکرد، هەمان شت لە زۆربەی ئەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆر پەنابەری کوردیان تێدایە ئەنجامدراوە.

لە لاهای، خۆپیشاندەران بە زەبری هێز چوونە نێو باڵەخانەی پەرلەمانەوە، ئەمەش هەندێک لە پەرلەمانتارە دیموکراتەکانی بێزارکرد و ئەو هەنگاوەیان بە هەنگاوێکی نادیموکراسی ناوبرد.

بەختیار دەڵێت ئەو دەیزانی کە هەنگاوی لەو جۆرە زۆر کەس و لایەن تووڕە دەکات، بەڵام دەڵێت خۆپیشاندەران لە نێو هۆڵی باڵەخانەی پەرلەماندا مانەوە و هەڵسوکەوتیان ئاشتیانە بوو، هیچ زیانێکیان بە کەلوپەل و باڵەخانەکە نەگەیاند "دۆزەکە زۆر گرنگە و سۆزی خۆپیشاندەران زۆر بەرزبووەوە. ئەگەر هاوکاریی نێودەوڵەتی نەکرابایە، ئەگەری جینۆساید لە کۆبانی زۆر بوو".

خۆپیشاندانەکە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی کوردی لێکەوتەوە لەگەڵ شاندێکی پەرلەمانی هۆڵەندا کە ڕۆژی دواتر بەسترا و بەختیاریش یەکێک بوو لە بەشداربووان "پشتگیرییان کردین و لێکتێگەیشتن هەبوو. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە تەنیا کورد نییە لەژێر مەترسی داعشدایە، ئێمە شەڕ بۆ پاراستنی زۆر کەس و لایەنی دیکەش دەکەین".

هەروەها دەڵێت، زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵیان دەدوێین کاردانەوەیەکی باشیان هەیە "شۆفێرێکی تاکسی، کاتێک کە باسی شەڕی خۆمانم لە دژی داعش بۆ کرد باوەشی پێدا کردم". بەختیار هەروەها دەڵێت "کاتێک لە بنکەی وەستانی پاسەکاندا خەڵک دەمناسنەوە، تەوقەم لەگەڵ دەکەن".





## میکائیل ون دەبێت

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان میکائیل تێکستێکی شێرکۆ بێکەس بەناوی پەیامی ونبوون دەکاتە گۆرانی.

هەڵکەوت زاهیر ئاوازدانەری گۆرانییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نوێترین گۆرانی هونەرمەند میکائیل بەناوی پەیامی ونبوونە، ئەمەش یەکەم کاری منە لەگەڵ میکائیل، بەشێوازێکی تازە کارمان کردووە، لەم ڕۆژانە دەست بە وێنەگرتنی گۆرانییەکە دەکەین". هەڵکەوت زاهیر گوتیشی "جگە لەم کارە، ئێستا لەگەڵ هونەرمەند پەیوەند جاف خەریکی بەرهەمێکی هونەرین کە ئامادەکاری تەواومان بۆ کردووە، دوای تەواوبوونی کارەکانی بڵاوی دەکەینەوە".



# فیلمێک لەسەر قومارچییەکان دروست دەکات

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- سلێمانی**

کچە دەرهێنەرێکی کورد کە بە بچووکترین دەرهێنەری کورد دادەنرێت، سەرقاڵی دروستکردنی کورتە فیلمێکە لەسەر قومارچییەکان.

ئەژین کاوە جوتیار یەکێکە لەو لاوانەی کە دەیەوێت ڕووداوەکانی ژیان بنووسێتەوە و لە ڕێگای کورتە فیلمەوە پێشانیان بداتەوە. ئەو بەلایەوە گرنگە کۆمەڵگای کوردی لە کاری خراپ دووربخاتەوە و بە هاوێنەی کامێراکەی کرێتی و نەشیاوییەکانی کۆمەڵگا نیشان بدات.

ئەژین هەرچەندە ساڵی 1988 لە سلێمانی لەدایکبووە و تەمەنێکی بچووکی هەیە، وەلێ هەگبەیەکی پڕ لەکاری هونەری لەکۆڵناوە. خۆی دەڵێت کە باوکی هەمیشە وەکو قەڵایەک لە پشتی وەستاوە و هاوکاریی کردووە، بەردەوامیش ڕێنوێنی دەکات، هەر بۆیە لە ڕێگای باوکییەوە باوەشی بۆ هونەر کردووە و ئەو دونیایەی خۆشویست.

ئەژین لە تەمەنی 13 ساڵیدا لە ساڵی 2001 تێکەڵی هونەری سینەما بووە. یەکەم کاری هونەری کە وەکو ئەکتەر تێیدا بەشدار بووە، کورتە فیلمی "تەنیا دەنگی با" بوو لە دەرهێنانی کاوە جوتیاری باوکی. ئەژین دەڵێت "ئەو فیلمە بۆ من بووە دەستپێکێکی باش بۆ هاتنە نێو بواری فیلم و هونەری حەوتەم".

ژمارەی دەرهێنەری ژن لە کوردستان لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن، ئەژین سەرەڕای کەمیی تەمەنی، بەڵام دەیەوێت ئەو بوارە تاقیبکاتەوە.

جگە لە کاری سینەما کە زیاتر وەکو ئەکتەرێک لەو بوارەدا کاری کردووە، بەشێوەیەکی ئەکادیمی بواری هونەری خوێندووە. ئەژین گوتی "من جگە لە دەرهێنانی فیلم و ڕۆڵ بینین وەک ئەکتەر، کاری فۆتۆگرافی و ڤیدیۆگرافیم بە شێوازی ئەکادیمی خوێندووە و خۆشبەختانە خاوەنی چەند بڕوانامەیەکم لەم بوارانەدا".

### باسی قومارچییەکان دەکات


ئەم فیلمەی ئێستا لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە، یەکەم کاری دەرهێنانی ئەژینە، بەڵام هێندە بە بەرنامە و سیستەم کار دەکات، لەوە ناچێت کە ئەمە یەکەم کاری بێت. ئەژین نهێنی ئەم گورج وگۆڵییەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "لە نێو کۆمەڵگای کوردی گەلێک کێشەی هەمیشەیی ڕەگیانداکوتاوە و بە شادەماری هەندێک کەسدا شۆڕبوونەتەوە و زۆر لە خانەوادەکانی تووشی گێژاوی گەورە کردووە، فیلمەکەی ئێمەش باسی یەکێک لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات کە ئاڵوودەبوونە بە قومارکردن. تەواوکردنی فیلمەکە و نیشاندانی ئەوماڵوێرانیەی بەهۆی قومارکردن بۆ خێزانەکان دروست دەبێت، بەلای منەوە زۆر گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا دەمویست بابەتێک هەڵبژێرم جیاواز بێت لەو بابەتانەی پێشتر کاریان لەسەر کراوە".

ئەژین بەنیازە دوای تەواوبوونی فیلمەکەی بەشداریی چەند فێستیڤاڵێکی سینەمایی ناوخۆ و دەرەوە بکات.

هەرێم عەبدوڵڵا، کە یەکێکە لە ستافی بەرهەمهێنانی ئەو کورتە فیلمە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە بۆ سەرخستن و دروستکردنی ئەم فیلمە، ئەو بە زوومی کامێراکەی وێنەی تاریکی و شتە شاراوەکانی ژیان ڕووناک دەکاتەوە و دەیخاتە بەرچاوی بینەر.

هەرێم لەبارەی ئەو فیلمە بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا ئەژین ئاگاداری کردمەوە کە دەیەوێت من کاری وێنەگرتنی بۆ بکەم، دوای ئەوەی سیناریۆی کارەکەم بینی هەستم کرد کە کارێکی زۆر جوانە و سوود بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، بۆیە بڕیارم دا ئەرکی وێنەگرتنی بگرمە ئەستۆ، بەڕاستی زۆر ئاسوودە بووم و هەستم بە هیلاکی نەکردووە لەو کارەدا".

هەرێم پێیوایە ئەم کارەی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کارەکانی پێشووی هەیە، لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەم کورتە فیلمە بەشێوازێکی جیاواز لەکارەکانی پێشووم کراوە، وەک تەکنیکی وێنەگرتنی کارەکە لە زۆر لە دیمەنەکان بە تەکنیکی جیاواز وێنەگیراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی زیاتری بینەر".





# هونەرمەندان پەنا دەبەنە بەر بازرگان و بەڵێندەران

**ئەرزە و شادیە**
**ڕووداو- سلێمانی**

یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی، دەڵێ لەوەتەی قەیرانی دارایی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەت پارەی نەماوە "گرووپە ڕۆشنبیرییەکان و هونەرمەندان بۆ سپۆنسەر دەگەڕێن". گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستانیش دەڵێ "هەندێک لەو هونەرمەندانە سیدییەکانیان نافرۆشرێ، بۆیە سپۆنسەر ناکرێن".

بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە هەر زوو بە زوویی کاریگەرییەکەی بەسەر کار و چالاکی هونەرمەندانیشەوە دەرکەوت، چونکە لەوەتەی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا ڕووی لە گرژی کردووە، حکومەت تەنیا دەرگای نەوتفرۆشتن لە ڕێگای تورکیاوە شک دەبات بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرەکانی، چالاکییە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکانیش کەمتر بوونەتەوە.

هۆشیار ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی دەڵێ گیرۆدەی بێ بودجەیی بووین، چونکە ئەگەر بمانەوێ دەستگیرۆیی تیپێک یان ڕێکخراوێکی هونەری بکەین بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک "هەر 500 هەزارێکمان پێ هەڵدەسوڕێ". لەکاتێکدا دەشزانێ کە ئەو بڕە پارەیە "هیچ کارێکی هونەریی پێ بەڕێوەنابرێت".

بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی، کاری ئەوەیە کاروباری ڕێکخرا و و سەنتەر و دەزگا هونەری و ڕۆشنبیری و کەلتورییەکان ڕێکبخات و لەڕووی داراییەوە دەستیان بگرێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمهێن بن. نەخوازە لە شارێکی وەک سلێمانی کە بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسراوە، بەڵام ئێستا حکومەت پارەی نییە و بەڕێوەبەرێتییەکە بۆخۆشی بەدوای دەرگای دیکەدا دەگەڕێ تاوەکو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان بەردەوام بن.

ئێستا ئەو کار و چالاکییە هونەریانەی کە لە سلێمانی دەکرێن "هەمووی لەسەر ئەرکی خەڵک و بازرگانەکانە". هوشیار ئەحمەد دەڵێ چالاکیی هونەرمەندان هەر ئەوە نییە لەنێو شارەکاندا ئەنجامی بدەن "زۆرجار بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانیش داوەت دەکرێن و پارەیان نییە بڕۆن. تێچووی سەفەرەکانیش هەندێکی دەکەوێتە سەر ئەو لایەنە پەیوەندیدارەی کە ئێمە بانگێشت دەکات و هەندێکی دیکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە". گوتیشی "حکومەت تەنیا ئەوەندەی پێ هەڵدەسووڕێ بلیتێکی فڕۆکەمان بۆ ببڕێ".

حکومەت بە جۆرێک پشتی لە هونەرمەندان کردووە، تەنانەت ئامادە نییە چوارچێوەی تابلۆیەکیشیان بۆ بکڕێت. هۆشیار ئەحمەد نموونەی بە کردنەوەی پێشەنگایەکی شێوەکاری هێنایەوە لەسەر کۆبانی و شنگال و گوتی "لەم ماوەیەدا گەورەترین پێشەنگەی شێوەکاری لەسەر ئەرکی خۆمان دەکەینەوە، تێچووەکەی زۆر نەبوو، بەڵام حکومەت نەیتوانی پارەی کڕینی چوارچێوەی تابلۆکانیشمان بۆ دابین بکات".

بەڵام بێ پارەیی هەندێک چالاکی هونەری نەوەستاندووە. هۆشیار ئەحمەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی دەڵێ کۆڕی شانۆی با، ئەمساڵ سێ بەرهەمی شانۆیی هەبووە، ئێستاش سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێن.

هۆڕێن غەریب، دەرهێنەری گرووپی کۆڕی شانۆی با گوتی "بەرهەمی یەکەممان کە لە سەرەتای ساڵی 2014 نمایشکرد، بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانی بوو، بەڵام دوو بەرهەمەکەی دیکە هەمووی لەسەر ئەرکی خۆمان بووە".

هۆڕێن هەروەها دەڵێ "بۆ کارە نوێیەکەمان کە ئێستا ڕاهێنان دەکەین، قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شانۆ کردووە کە بودجەمان بۆ دابین بکەن، ئەوانیش بەڵێنیان داوە ئەگەر بودجەیان هەبێت هاوکار دەبن، ئەگەرنا جارێکی دیکە پارەی گیرفانی خۆمان دەچێتە ناو پرۆژەکەوە".

سپۆنسەر دۆزینەوە خەریکە وەک تاکە کەناڵی بەردەوامبوونی کار و پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی لێدێت. یەکێک لە هونەرمەندانی سلێمانی کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ "نابێ بازرگانان منەت بەسەر ئێمەوە بکەن بۆ سپۆنسەر، چونکە ئەوانیش بەسەرشانی خەڵکەوە بوونەتە ملیۆنێر و وەبەرهێن".

بەڵام ئەو قەیرانە داراییە، هەندێک لە بەڵێندەرانیشی هێنایە سەر ساجی عەلی و ئیفلاسبوونی خۆیان ڕاگەیاند. ئەو بازرگان و بەڵێندەرانەی تاکە هیوان بۆ ئەو هونەرمەندانەی دەزانن حکومەت هیچ لە گیرفانیدا نەماوە، تاوەکو داوای لێبکەن.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، دڵخۆشە بەوەی سلێمانی بووە بە پایتەختی ڕۆشنبیری. بەڵام دەڵێت لەم کاتەدا کە قەیرانی ئابووری هەیە، نەمانتوانی وەکو پێویست هاوکاری هونەرمەندان و کارە هونەرییەکان بکەین ئەگەرچی دەڵێت "بۆ فیستیڤاڵەکانی ساڵی 2014 بەتایبەتی نەورۆز زیاتر لە 400 ملیۆن دینارمان بۆ گرووپە هونەرییەکان خەرجکردووە".

ناوبراو ئاشکرایکرد کە لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانەوە داوایان لێکراوە چەند گرووپێکی هونەری بنێرنە دەرەوە تاوەکو بەشداری فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان بکەن.

بەپێی قسەی گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بێجگە لە گرووپە هونەرییەکان، گۆرانیبێژەکانیش پەیوەندیان بە وەبەرهێنەران و بازرگانانی سلێمانییەوە کردووە تاوەکو سپۆنسەری کلیپ و سیدیەکانیان بن.

یاسین مەحموود، باس لەوە دەکات کە هەندێک لەو هونەرمەندانەی داوای هاوکارییان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی سیدیەکانیان وەک پێویست یارمەتییان نەدراوە "نەمانتوانیوە هاوکاری ئەو هونەرمەندانە بکەین، چونکە هەندێک لەوانە ڕەواجیان نییە و کەمترین بەرهەمیان دەفرۆشرێت، بۆیە کۆمپانیاکان ئامادە نەبوون سپۆنسەرییان بکەن". گوتیشی بەپێچەوانەی ئەوانەوە "هونەرمەند عەدنان کەریم، زۆرترین کۆمپانیا دەیانەوێت سپۆنسەری کارەکانی بکەن، چونکە سیدییەکانی زۆرترین فرۆشیان هەیە".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
$1500
بەبۆنەی سەری ساڵی تازە، پرۆژەی ئیسکانی نوێ ئۆفەرێکی نوێ پێشکەش دەکات بە قیستی مانگانەی 1500دۆلاری ئەمریکی پەلە بکەن بۆ کڕینی شوقەکان
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

## ئاگر خێزانێک لە ناو دەبات



**ڕووداو – بنەسڵاوە**

بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، لە گەڕەکێکی شاری هەولێر ماڵێک بەتەواوی سووتاوە و بەهۆیەوە ژن و مێردێک و منداڵە 11 مانگەکەیان سووتاون و گیانیان لەدەستدا. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێر ماڵێک لە گەڕەکی "بلۆک 10" ی شاری هەولێر بە تەواوی سووتا، لەناو ماڵەکەشدا ئۆتۆمبیلێکی تێدابوو لە جۆری "گۆڵف" ئەویش سووتاوە. بەهۆی سووتانی ماڵەکەش ژن و مێردێک و منداڵە 11 مانگەکەیان سووتاون و گیانیان لەدەستداوە. پیاوەکە ناوی (ه.ن) لەدایکبووی 1989 یە و خێزانەکەشی ناوی (ف.م) لەدایکبووی 1986، منداڵەکەشیان بەناوی (ژیر) تەمەنی 11 مانگە و کوڕە.

بەپێی ئامارەکان

# هیچ مانگێک لە هەولێر بێ کوشتنی ژنێک تێنەپەڕیوە

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

هیچ مانگێک تێنەپەڕیوە کە لە هەولێر ژنێک نەکوژرابێت، ئەوە لەکاتێکدا لە زۆربەی مانگەکانی ئەمساڵدا هیچ ژنێک لە پارێزگاکانی دیکە و ئیدارەی گەرمیان نەکوژراوە، یان خۆی نەکوشتووە.

لە تۆمارکردنی سکاڵاشدا ژنانی هەولێر پێشەنگی ژنانی پارێزگاکانی دیکەن. ئەمەش دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێ: یەکەم، زۆربوونی توندوتیژی و دووەم، هۆشیاربوونەوەی ژنان.

### 55%ی ژنە کوژراوەکان لە هەولێرن

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کە تاوەکو ئێستا ئاماری 9 مانگی ئەمساڵی لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاوکردووەتەوە، لە ماوەی ئەم 9 مانگەدا 27 ژن لە هەرێمی کوردستان کوژراون، نیوە زیاتری ئەو قوربانیانە لە پارێزگای هەولێر کوژراون.

وەک لە ئامارەکەدا دیارە (15 ژن لە هەولێر کوژراون، 3 ژن لە دهۆک، 2 ژن لە سلێمانی، ژنێک لە گەرمیان، 3 ژن لە ڕاپەڕین و 3 ژنیش لە سۆران).

زۆرترین تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە مانگی ئاداردا بووە. لەو مانگەدا 5 ژن کوژران (4 ژن لە هەولێر و ژنێکیش لە سۆران). کەمترین ژمارەی تاوانەکانیش لە مانگی حوزەیراندا بووە کە تەنیا 2 ژن کوژراون (ژنێک لە هەولێر و ژنێکیش لە ڕاپەڕین).

هیچ مانگێک تێنەپەڕیوە کە لە هەولێر کۆتایی بە ژیانی ئافرەتێک نەهێنرابێت. وەک لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت، لە مانگی کانوونی دووەم 1 ژن، مانگی شوبات 1 ژن، مانگی ئادار 4 ژن، مانگی نیسان 1 ژن، مانگی ئایار 1 ژن، مانگی حوزەیران 1 ژن، مانگی تەمموز 3 ژن، مانگی ئاب 1 ژن و مانگی سێپتەمبەریش 2 ژن لە هەولێر کوژراون.

بەڵام بە بەراوردکردنی نۆ مانگی ئەمساڵ لەگەڵ نۆ مانگی ساڵی ڕابردوو، دەردەکەوێت کە ژمارەی کوشتنی ژنان کەمی کردووە.

بەپێی ئامارەکە لە نۆ مانگی ساڵی ڕابردوودا 41 ژن کوژراون کە بەمشێوەیە بووە: هەولێر و سۆران 23 ژن. لە دهۆک 10 ژن، لە سلێمانی 3 ژن، گەرمیان 4 ژن و لە ڕاپەڕینیش یەک ژن کوژراون.

ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر، هۆکاری زۆریی تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە هەولێر ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "لە شوێنەکانی دیکەش هاوشێوەی هەولێر کوشتنی ژنان هەبووە، بەڵام ئاماری هەولێر زۆر وردە، بۆ نموونە لە هەولێر تاوەکو ئێستا هیچ تەرمێکی نەناسراو نییە، یان ونبوونی ژنان نییە، هەموویان دۆزراونەتەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە وا نییە و ڕەنگە زۆر ڕووداو هەر تۆمار نەکرێن".

### شەڕی داعش تاوانەکەی کەم نەکردووە

کەم ژن هەن لە کوردستان کوژرابن و ڕاگەیاندن باسی نەکردبێت، بەڵام شەڕی داعش خەریکە کوشتنی ژنان لەبیری خەڵک و ڕاگەیاندن دەباتەوە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی دوو مانگی یەکەمی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، واتە لە مانگی ئاب و ئەیلول، 7 ژن کوژراون (5 لە هەولێر، ژنێک لە ڕاپەڕن و ژنێکیش لە سۆران)، بەڵام لەم ماوەیەدا هیچ ژنێک لە سلێمانی، دهۆک و گەرمیان نەکوژراون.

ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت شەڕی داعش ئەوەندە کاریگەری نەبووە لەسەر کەمبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، سکاڵا هەر هەیە.

لە خۆکوشتنی ژنانیشدا هەولێر پلەی یەکەمی گرتووە، لە ماوەی ئەو 9 مانگەدا 33 ژن خۆیان کوشتووە لە (هەولێر 10 ژن، دهۆک 7 ژن، سلێمانی 7 ژن، گەرمیان 3 ژن، ڕاپەڕین 4 ژن و لە سۆرانیش 2 ژن).

### هێشتا ئاگر جەستەی ژنان دەسووتێنێ

پەنابردن بۆ ئاگر ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی ژنان کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن، زۆر لەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن کۆتایی بە ژیانیان دێت، چونکە زۆربەی جار ڕێژەی سووتانەکەیان دەگاتە سەرووی 70%، ئەو ڕێژەیەش ئومێدی زیندوومانەوەی کەمە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی 9 مانگی ڕابردوودا 162 ژن لە هەرێمی کوردستان سووتاون (62 ژن لە هەولێر، 12 ژن لە دهۆک، 26 ژن لە سلێمانی، 18 ژن لە گەرمیان، 19 ژن لە ڕاپەڕین و 25 ژنیش لە سۆران).

هەروەها لە ماوەی ئەو 9 مانگەدا 70 ژن لە هەرێمی کوردستان خۆیان سووتاندووە (24 ژن لە هەولێر، 18 ژن لە دهۆک، 10 ژن لە سلێمانی، 6 ژن لە گەرمیان، 11 ژن لە ڕاپەڕین و ژنێکیش لە سۆران)، بەڵام لە ئامارەکەدا ئەوە نەخراوەتە ڕوو کە چەند لەو ژنانەی خۆیان سووتاندووە، گیانیان لەدەستداوە.

### ڕۆژانە 18 ژن سکاڵا تۆمار دەکەن

گەورەترین ژمارەی نێو ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ماوەی 9 مانگی ڕابردوودا ژمارەی سکاڵای ژنانە کە لە هەندێک مانگدا لە 700 سکاڵای تێپەڕاندووە.

بەپێی ئەو ئامارە، لە ماوەی 9 مانگدا (1/1/ تاوەکو 2014/9/30) کە دەکاتە 273 ڕۆژ، 5105 سکاڵا لەلایەن ژنانەوە لە نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراون، بەپێی ئەو ئامارە ڕۆژانە زیاتر لە 18 ژن سکاڵایان تۆمار کردووە.

لەوەشدا دیارە زۆرترین سکاڵا لەلایەن ژنانی هەولێرەوە تۆمار کراون کە 1966 سکاڵا بووە، هەروەها (1201 ژن لە دهۆک، 843 ژن لە سلێمانی، 689 ژن لە گەرمیان، 269 ژن لە ڕاپەڕین و 137 ژنیش لە سۆران) سکاڵایان تۆمار کردووە.

ڕائید ژیلەمۆ پێیوایە زۆربوونی سکاڵاکان لە هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پایتەختە و ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عەرەب و کوردی ڕۆژئاوای تێدایە و ئەوانیش سکاڵا تۆمار دەکەن، جگە لەوەش ئێستا ژنان کەمتر دەچنە لای ڕێکخراوەکانی ژنان، زیاتر متمانەیان بە دەزگاکانی پۆلیسە.

### زۆرترین دەستدرێژی لە سلێمانییە

105 ژن پەنایان بردووەتە بەر نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و سکاڵایان لەسەر ئەو پیاوانە تۆمارکردووە کە دەستدرێژییان کردوونەتە سەر. زۆرترین قوربانیانی دەستدرێژیش لە پارێزگای سلێمانین.

وەک لە ئامارەکەدا هاتووە، لە ماوەی ئەو 9 مانگەدا (9 ژن لە هەولێر، 24 ژن لە دهۆک، 46 ژن لە سلێمانی، 9 ژن لە گەرمیان و 17 ژن لە ڕاپەڕین) سکاڵایان لەسەر دەستدرێژی تۆمار کردووە، بەڵام لە شارۆچکەی سۆران لەم ماوەیەدا هیچ ژنێک لەسەر دەستدرێژی سکاڵای تۆمار نەکردووە.



### ئاماری توندوتیژی دژی ژنان لە 1/1/ 2014 تاوەکو 2014/9/30

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 15 | 10 | 62 | 24 | 1966 | 9 |
| دهۆک | 3 | 7 | 12 | 18 | 1201 | 24 |
| سلێمانی | 2 | 7 | 26 | 10 | 843 | 46 |
| گەرمیان | 1 | 3 | 18 | 6 | 689 | 9 |
| ڕاپەڕین | 3 | 4 | 19 | 11 | 269 | 17 |
| سۆران | 3 | 2 | 25 | 1 | 137 | 0 |
| کۆی گشتی | 27 | 33 | 162 | 70 | 5105 | 105 |

# بۆ ترساندنی مێردەکەی خۆی دەسووتێنێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ژنێک بە مەبەستی "ترساندن و تەمبێکردن"ی هاوسەرەکەی بە ئەنقەست ئاگر لە جلەکانی بەردەدات، بەڵام ئاگرەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و جەستەی دەسووتێنێ. ئەو ژنە دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و دواتر گیانی لەدەستدا.

ئەو ژنە کە ناوی لاوین ئەحمەد ڕەفیق بوو، تەمەنی 18 ساڵ بوو، هیچ سکاڵایەکی تۆمار نەکرد لەسەر هاوسەرەکەی بەر لەوەی گیان لەدەست بدات، تەنیا داوای گەردن ئازادی لە کەسوکارەکەی کرد و داواشی کرد کچەکەی بە باشی پەروەردە بکەن.

کەسوکاری ژنەکە ڕەتیدەکەنەوە کە مێردی لاوین هۆکار بووبێت بۆ خوسووتاندنی کچەکەیان، هەر بۆیەش سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکرد.

سەرکەوت ڕەفیق، مامی لاوێن پشتڕاستیکردەوە کە برازاکەی، خۆی سووتاندووە، بەڵام هۆکارەکەی نازانن "چونکە دوای خۆی هیچ بەڵگەیەکی جێنەهێشتووە تاوەکو بزانرێت بۆچی خۆی سووتاندووە، لە نەخۆشخانەش بەر لەوەی گیان لەدەست بدات، هیچ شتێکی نەدرکاند، تەنیا پەشیمان بوو لەو کارەی کردوویەتی، هەروەها داوای گەردن ئازادیی لێکردین، یەک وەسیەتیشی هەبوو گوتی زۆر ئاگاتان لە کچەکەم بێت و بە باشی پەروەردەی بکەن".

مامی لاوێن دەڵێت لاوین بە خواستی خۆی و بەبێ هیچ گوشارێک شووی بەو کوڕە کردووە، کێشەی ئابوورییان نەبووە و باری داراییان باش بوو، نەشیانزانیوە لەگەڵ ئەو کوڕە کێشەی هەبووبێت.

مامی لاوێن زانیارییەکی لەبارەی خۆسووتاندنی برازاکەی ئاشکرا کرد و گوتی "وەکو زانیومانە دەمەقاڵەیەک لە نێوان لاوێن و مێردەکەی دروستبووە، لاوێن ویستوویەتی مێردەکەی بترسێنێ، هەندێک نەوتی بە جلەکانی خۆیدا کردووە و ئاگری لە دامێنی جلەکانی بەرداوە، بەڵام دواتر ئاگرەکە تەشەنەی کردووە و لە کۆنترۆڵ دەرچووە و پێی نەکوژاوەتەوە، بەو هۆیەوە زۆربەی جەستەی سووتاوە".

سەرکەوت پێیوایە لاوێن لە تەمەنێکی زۆر کەمدا چووەتە ژێرباری بەرپرسیارێتییەکی گەورە، ئەویش ژیانی هاوسەرییە، هەر بچووکی تەمەنیش وایکردووە بەسەر کێشەکانی لەگەڵ مێردەکەی زاڵ نەبێت و پەنا بۆ ڕێگەیەکی هەڵە ببات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

هەرچەندە کەسوکاری لاوین سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەڵام پۆلیس مێردی لاوینی دەستگیرکردووە. سەرکەوت داوای کرد کە پۆلیس مێردی لاوین ئازاد بکات، چونکە ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ماڵی کوڕەکەدا نییە و ناسیاوی یەکدیشن، ئەگەر کێشەشیان هەبێت لە نێو خۆیاندا چارەسەری دەکەن.

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە بنەماڵەی هاوسەری لاوێن، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک بدەن و گوتیان کە ڕاستیی ڕووداوەکە لای ماڵی باوکی لاوینە، نازانن ئەو کچە بۆچی خۆی سووتاندووە.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو) ڕایگەیاند "ئەو ژنە کە دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی ناحیەی چوارقوڕنەیە، لە 2014/11/15 خۆی سووتاندووە. دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتایدایە، هێشتا ڕوون نییە ئەو ژنە بۆچی خۆی سووتاندووە".

ڕائید مستەفا گوتیشی، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، قوربانییەکە لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام دوای ڕۆژێک گیانی لە دەستدا، بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر بە فەرمانی دادوەر و بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی هاوسەرەکەی لە لایەن پۆلیسەوە ڕاگیراوە".

روودا و
کۆمەڵایەتی
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24

## پۆلیسی هەولێر: کەسمان لە دژی عەرەبەکان هان نەداوە

**روودا و- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رەتیدەکاتەوە کە خەڵکیان هان دابێت بۆ لە دژی ئاوارە عەرەبەکانی هەولێر. پۆلیسی هەولێر لە روونکردنەوەیەکدا دەڵێت "چەندین کەناڵی عەرەبی و عێراقی باس لە بریارێکی هەڵبەستراو دەکەن کە ئامانجیان گڵاوە و دەیانەوێت دووبەرەکی بێخنە نێو کورد و عەرەب لە هەولێر، بریارە هەڵبستراوەکەیان بریتیە لەوەی کەوا لێژنەی ئەمنی شاری هەولێر بریاریداوە هەموو کەسێکی کورد دەتوانێت هاووڵاتیە عەرەبەکانی شاری هەولێر بپشکنێت و داوای ناسنامەی بکاو وە هەروەها پشکنینی ئۆتۆمبێلیان بکات، ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ئەم دەنگۆیانە رەتدەکەینەوە دوورە لە راستی".



# 531 پیاو سکاڵایان لەدژی ژن تۆمار کردووە



### سەرۆکی یەکێتی پیاوان:
## 19 پیاو لە ماڵ دەرکراون

### رائید ژیلەمۆ:
## داوای کردنەوەی سەنتەرێکی داڵدەدانی پیاوانمان کردووە



**ساڵح قادر**
**روودا و- هەولێر**

نزیکەی چارەکێکی ئەوانەی روودەکەنە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، پیاون و لەوێ سکاڵا لەسەر کەسە نزیکەکانیان تۆمار دەکەن. بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش دەڵێت داوایان کردووە شێڵتەرێک بۆ داڵدەدانی پیاوان بکرێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان/ هەولێر، لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا 2169 کەس لەو بەڕێوەبەرایەتییە سکاڵایان تۆمار کردووە (1638 ژن و 531 پیاو). بەپێی ئەو ئامارە 24%ی سکاڵاکارەکان لە رەگەزی نێرن.

هەرچەندە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی 2007 کراوەتەوە، بەڵام ئەمساڵ بڕیاری داوە سکاڵای ئەو پیاوانەش وەربگرێت کە کێشەی خێزانییان هەیە، ئەمەش باری بەڕێوەبەرایەتییەکەی قورستر کردووە.

رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر دەڵێت بەڕێوەبەرایەتیەکەیان کار بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکات. بەپێی ئەو یاسایە پیاوانیش بۆیان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن. گوتیشی "ئێستا هیچ بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای خێزانی وەرناگرێت و دەینرێت بۆ لای ئێمە".

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە ژمارە 8 لە ساڵی 2011 دەرچووە. یاساکە لە 10 مادە پێکهاتووە، رۆژی 2011/6/21 لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە و لە ژمارە 132ی رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) لە 2011/8/11 بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی ئەو یاسایە "خێزان کۆمەڵە کەسێکی سروشتین، پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی پێکەوە دەیانبەستێتەوە تاوەکو پلە چوار و هەر کەسێک لەوانەی بە یاسا خراوەتە پاڵ خێزان".

رائید ژیلەمۆ دەڵێت بەپێی ئەو یاسایە خێزان تاوەکو پلەی چوار کە دەکاتە ئامۆزا و خاڵۆزا دەتوانن لەلای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن. گوتیشی "مەرج نییە هەموو ئەوانەی سکاڵایان تۆمار کردووە لەسەر خێزان و خوشک و دایکیان بێت، هەیە سکاڵای لەسەر باوکی تۆمار کردووە، یان باوک لەسەر کوڕ، برا سکاڵای لەسەر برا تۆمار کردووە".

هەندێک لەو پیاوانەی سکاڵایان تۆمار کردووە، بەپێی قسەی رائید ژیلەمۆ، ئەو پیاوانەن کە لەلایەن ژنەکانیانەوە لەماڵ دەرکراون، بەڵام گوتی ئەوانە ژمارەیان کەمە". ماڵێک بۆ داڵدەدانی پیاوان وەک لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتووە، "فەرمانی پاراستن" بۆ ئەوانە جێبەجێ دەکرێت کە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

یەکێک لە خاڵەکانی ئەم فەرمانی پاراستنەش بریتییە لە "رێگا نەدان بە کەسی سکاڵالێکراو بۆ چوونە ناوماڵی خێزانی بەبڕیاری دادگا بۆ ئەو ماوەیەی کە بەباشی دەزانێت، لە حاڵەتی بوونی مەترسی لەسەر سکاڵالێکراو یان هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان".

بەپێی ئەو یاسایە بێت، دادوەر دەتوانێت کەسی سکاڵالێکراو لە ماڵەکەی دووربخاتەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەڕەشە بوو بۆ سەر خێزانەکەی.

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر دەڵێت ئەوانەی ئەو سزایەیان بەسەردا دەسەپێنرێت، زۆرجار کێشە بۆ ئەوان دروست دەکەن، چونکە هەندێکیان هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن، تەنانەت پارەی هوتێلیشیان نییە. بۆیە دەڵێت پێشنیازیان کردووە هاوشێوەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، خانەیەکی داڵدەدان بۆ ئەو پیاوانە بکرێتەوە کە ئەو سزایەیان بەسەردا دەسەپێنرێت، یان لە ماڵەوە دەردەکرێن.

### 19 پیاو دەرکراون

بەپێی ئاماری یەکێتی پیاوانی کوردستان، لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا 396 پیاو لەو رێکخراوە سکاڵایان لە دژی ژن و کەسوکاری ژنەکانیان تۆمار کردووە. هەروەها 51 پیاو خۆیان کوشتووە یان خۆیان خنکاندووە. جگە لەوەش 5 پیاو کوژراون کە ژنەکانیان دەستیان لە کوشتنیاندا هەبووە.

بورهان عەلی، سەرۆکی یەکێتی پیاوانی کوردستان بە (روودا و)ی راگەیاند، لەماوەی 10 مانگی رابردوودا 19 پیاو لەلایەن کەسوکار و ژنەکانیانەوە لەماڵ دەرکراون.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو سکاڵایانەی لەلای ئەو رێکخراوە تۆمار کراون، بورهان عەلی گوتی "50%ی کێشەکان چارەسەرکراون، 30%ی کێشەکانیش بە جیابوونەوە کۆتایی هاتووە و 20%ی سکاڵاکانیش کاریان لەسەر دەکرێت".

ناوبراو باسی ئەو کێشانەشی کرد کە زۆرتر روو لە رێکخراوەکەی دەکەن و گوتی "زۆرتر کێشەکان لەسەر تەدەخولی کەسوکارە لە ژیانی هاوسەرەکان، یان دەستبەسەرداگرتنی منداڵە لەلایەن ژنانەوە".



**رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

## بێ دەرەتانکردنی ژن

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا ئاگادار کراینەوە کە ژنێکیان بۆ هاتووە جەستەی سووتاوە. کاتێک ئەفسەری لێکۆڵینەوە قسەی لەگەڵ ژنەکە کرد، ژنەکە گوتی لە مەتبەخ لەکاتی ئامادەکردنی خواردن تەباخ تەقی و ئاگر لە جەستەم بەربوو، مێردەکەم فریامکەوت و منی گەیاندە نەخۆشخانە، بۆیە سووتانەکە قەزا و قەدەر بوو.

بەڵام ئەفسەری لێکۆڵینەوە بە قسەی ژنەکە وازناهێنێت و پشکنین بۆ شوێنی رووداوەکە دەکات، دەردەکەوێت کە شوێنەوارێکی سووتان لە مەتبەخەکەدا نییە، بەڵام کاتێک دەچێتە گەرماوی ماڵەکە دەبینێت دیوارەکانی رەش داگەڕاوە و ژنەکە لەوێ ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە. بۆیە کاتێک پرسیار لە مێردی دەکرێت بۆچی شوێنی رووداوەکە لەگەڵ قسەی خێزانت تێکناکاتەوە، پیاوەکە یەکسەر دەڵێت ژنەکەم خۆی سووتاندووە. ئینجا باسی کێشەی خۆی و ژنەکەی کرد و گوتی ژنەکەی چەند جارێک توراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام ئەوان ناردوویانەتەوە. ئەمڕۆش بە هەمانشێوە چووەتە ماڵی براکەی، بەڵام ئەویش پێیگوتووە ئەگەر بەبێ منداڵ دەمێنێتەوە بەسەرچاو، ئەگەرنا بڕۆوە ماڵی مێردت.

کاتێک ژنەکە دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، یەکسەر دەچێتە گەرماو و دەبەیەک نەوت بەخۆیدا دەکات و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. ئەو پیاوە دەیگوت من هیچ تاوانم نییە، چەند جارێک پێمگوتووە ئەگەر بە من رازی نیت با جیا ببینەوە. بەڵام ئەو نە جیادەبووەوە و نە لەلای منیش دادەنیشت، ماڵی باوکیشی بەو مەرجە ئامادە بوون بەخێوی بکەن، بە تەنیا بچێتەوە لایان و واز لە منداڵەکانی بهێنێت، بەڵام ئەو دەستبەرداری منداڵەکانی نەدەبوو.

کاتێک ئەفسەری لێکۆڵینەوە گەڕایەوە لای ژنەکە لە نەخۆشخانە، لێی پرسی: بۆچی راستییەکان دەشاریتەوە؟ ژنەکە بە گریانەوە گوتی "چی بڵێم، تازە هەرچییەک بڵێم ژیانم فەوتا. شەش ساڵە شووم کردووە، بەڵام ژیانێکی زۆر ناخۆشم هەیە، ویستم جیا ببمەوە، بەڵام کەسوکارەکەم رازی نەدەبوون، دەیانگوت منداڵەکانت بەجێبێڵە و وەرەوە لای ئێمە، مێردەکەشم زۆر بێ منەت بوو، دەیگوت تەڵاق وەربگرە و مافی خۆت دەدەمێ".

ژنەکە باسی هۆکاری خۆسووتاندنەکەی کرد و گوتی "ئەمڕۆ چوومە ماڵی برام، ئەویش هەمان قسەی باوکمی دووبارە کردەوە، منیش زۆرم خەفەت خوارد و هەڕەشەی خۆسووتاندنم کرد، مێردەکەشم گوتی ئەگەر ژنیت خۆت دەسووتێنی، بۆیە منیش خۆم سووتاند، بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانم".

لەسەر داوای ژنەکە دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی پیاوەکەی دا بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، بەڵام پیاوەکە نکوڵی لەوە کرد کە هانی دابێت خۆی بسووتێنێ. پیاوەکە بەند کرا، بەڵام بەداخەوە ژنەکە دوای دوو رۆژ لە رووداوەکە مرد.

لە دۆسیەی ئەو ژنەدا دەرکەوێت کە پیاوەکە خراپ بووە لەگەڵی، لە هەمانکاتدا رێگری لە جیابوونەوەی نەکردووە. بەڵام ئەوەی برینەکەی قووڵتر کردووەتەوە، کەسوکاری ژنەکە بوون کە رێگەیان پێنەداوە جیاببێتەوە، بۆیە ئەو ژنە پێیوابووە هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نەماوە، تەنیا پەنابردن نەبێت بۆ رێگەیەکی زۆر هەڵە کە ئەویش خۆسووتاندنە. دەبووایە ئەو ژنە زیاتر ئارامی بگرتایە و هەوڵی دابا قەناعەت بە دایک و باوکی بهێنێت کە بە جیابوونەوەکەی رازی ببن و منداڵەکانیشی لەباوەش بگرن، چونکە مێردەکەی لاری نەبووە نەفەقەی منداڵەکان بکێشێت.

بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، هەر کەسێک هاندەر بێت بۆ خۆکوشتنی کەسێک، سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە 7 ساڵ زیاتر نەبێت.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### لە کوردستان

# تەڵاق بەرزدەبێتەوە و هاوسەرگیری کەم دەکات



### توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:
## لە 5 حاڵەتی تەڵاق سێیان پەیوەندی بە فەیسبووکەوە هەیە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**روودا و- هەولێر**

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دەڵێت بەهۆی راگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران گرێبەستی هاوسەرگیری لەدادگاکان کەمی کردووە و تەڵاق و جیابوونەوە لەهەڵکشاندایە. ئەمەشی بەئاماژەیەکی "مەترسیدار" بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان لە کوردستان وەسفکرد.

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی کوردستان، لەدوو ساڵ و نۆ مانگی رابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووە، بەجۆرێک لەساڵی 2012دا 56 هەزار گرێبەست تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی رابردوودا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 52.749.

هەر بەپێی ئاماری ئەو ئەنجوومەنە، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 13.548 گرێبەستی هاوسەرگیری کراوە، بەڵام لە سێ مانگی دووەمی ئەمساڵدا ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 12.223 گرێبەست، لەو سێ مانگەی کۆتاییشدا کە شەڕی داعش دەستیپێکردووە ژمارەکە زۆر کەمی کردووە، بە جۆرێک لەو سێ مانگەدا تەنیا 9.917 گرێبەست کراوە.

دادوەر ئومێد موحسین حەمەدەمین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دەڵێت هۆکاری کەمبوونەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری فرە رەهەندە، بەڵام ئەمساڵ هۆکارەکەی زیاتر بۆ راگرتنی پێشینەکانی هاوسەرگیری و خانووبەرە، دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و زیادبوونی کرێی خانوو دەگەڕێتەوە. گوتیشی "رەنگە بێ هیوابوونی گەنجان لەم بارودۆخە نائارامەی بەهۆی هێرشەکانی داعش و ئەو قەیرانی داراییەی بەهۆی بڕینی بودجە لەلایەن بەغداوە دروستبووە، هۆکارێکی دیکەی پاشەکشێی گرێبەستی هاوسەرگیری بێت لە هەرێمی کوردستان".

دادوەر ئومێد موحسین، کەمبوونەوەی هاوسەرگیری بە ئاماژەی زۆر مەترسیدار وەسف دەکات و دەڵێت "ئەم بابەتە زۆر مەترسیدارە، چونکە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر تێبینی ئامارەکان بکەین دەبینین ئەو تاوانانەی دەچنە چوارچێوەی ئەخلاقەوە بەرەو هەڵکشان چووە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت و پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێنە سەر خەت، ئەم بابەتە بەجددی وەربگرن و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە".

### تەڵاق زیادی کردووە

بە پێچەوانەی گرێبەستی هاوسەرگیری، رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لەهەڵکشاندایە، بەجۆرێک لەساڵی 2012دا 6.079 حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە، بەڵام ساڵی رابردوو ژمارەکە هەڵکشاوە بۆ 6.417.

ئەگەر ئاماری نۆ مانگی رابردووی ئەمساڵیش بەنموونە وەربگرین، دەبینین لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1.677 حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوە، لەسێ مانگی دووەمدا رێژەکە بۆ 2.191 حاڵەت هەڵکشاوە، لە سێ مانگی سێیەمیشدا ژمارەکە گەیشتووەتە 2.217 حاڵەت.

سەروین عەباس، توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسی هەولێر، پێیوایە هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری و هەڵکشانی تەڵاق، بە پلەی یەک بۆ قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، پاشان نەمانی متمانە لە نێو خێزانەکان.

ئەو توێژەرە گوتی "90%ی هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوسەرگیرییە، هۆکاری سەرەکیش بۆ خراپ بەکارهێنانی فەیسبووک و مۆبایل دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی فەیسبووک رۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕێ، بۆ نموونە ئەگەر 5 حاڵەتی تەڵاقمان هەبێت، لانیکەم 3 حاڵەتیان پەیوەندی بە فەیسبووکەوە هەیە".

سەروین عەباس، باسی هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی تەڵاق دەکات و دەڵێت "هاتنی ئاوارە عەرەبەکان رۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕاوە بۆ خیانەتی هاوسەرگیری، چونکە بەشێک لەو ژنە عارەبانەی هاتوونەتە هەولێر تەنیا بۆ ئەوەی مافی نیشتەجێبوون و کردنەوەی ئارایشگایەک وەربگرن بۆ ماوەیەک بەدزی شوو بەکوڕێک یان پیاوێکی خاوەن ژن دەکەن، ئێستا خەریکە ئەم حاڵەتە ببێتە دیاردە و چەندین خێزانیش بەو هۆیەوە هەڵوەشاونەتەوە".

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی کوردستان پێیوایە یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان یاسای باری کەسییە، بۆیە بەنیازن یاساکە هەموار بکەنەوە "یاساکە کەموکورپی زۆری تێدایە و یاساناسان وەک پێویست نەیانتوانیوە یاساکە لەگەڵ کەلتوور و دابونەریتی خەڵکی کوردستان بگونجێنن، بۆیە بڕیارماندواە لەسەرەتای ساڵی ئایندەدا یەکەمین کۆنگرەی دەسەڵاتی دادوەری ببەستین کە یەکێ لەکارەکانی گفتوگۆکردن دەبێ لەبارەی هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسی".

کەژاڵ هادی فەقێ، جێگری سەرۆکی لێژنەی داکۆکی لەمافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لێژنەکەیان تێبینی کردووە کە قەیرانی دارایی و راگرتنی پێشینە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و هەڵکشانی تەڵاق هەبووە.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "ساڵی ئایندە ئەگەر ئەم قەیرانە بەردەوام بێت، هەوڵ دەدەین حکومەت ناچار بکەین بڕێک پارە بۆ پێشینەکان بەگشتی و پێشینەی هاوسەرگیری بەتایبەت دابین بکات".

### ئاماری تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان لە 2009 تاوەکو 2014/9/30

| ساڵ | هاوسەرگیری | تەڵاق |
|---|---|---|
| 2009 | 40547 | 4237 |
| 2010 | 39414 | 3728 |
| 2011 | 50418 | 4516 |
| 2012 | 56002 | 6079 |
| 2013 | 52749 | 6417 |
| 2014 (9 مانگ) | 35688 | 6085 |

# ڕێکخراوێک گەنجانی کورد فێری بزنس دەکات




**ئەلێکساندەر ویتکامب**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک ماڵپەڕێکی هەواڵی سویدی بەناوی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەکەت" بانگەوازی کۆبوونەوەیەکی لە هەولێر بۆ ئەو کەسانە کرد کە خولیای بزنسکردنیان هەیە، گرووپێک لە گەنجی کوردی دڵگەرم کە زۆربەیان ژنن، خۆیان گەیاندە ئەو کۆبوونەوەیە بەهیوای دەستپێکردنی بزنسی نوێ لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای خراپیی ڕەوشی ئابووری.

"لێرە بیرۆکە و وزەی باش هەیە بۆ کار" جۆرجێن لیندستۆم، باڵیۆزی سوید لە عێراق لە هۆتێل دیڤان بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند "زۆر لە ئێوە بیرۆکەتان هەیە، بەڵام پێویستتان بە پاڵنەرێکە یارمەتیتان بدات تا بیرۆکەکانتان بخەنە کار".

کەواتە چۆن بیرۆکەیەک دەگۆڕی بۆ بزنسێکی سەرکەوتوو لە کوردستان؟

ئارۆێ بێلفرەیج، هاودامەزرێنەری کۆمپانیای دیجیتاڵ گیفتکاردین، باقی کۆبوونەوەکەی بە ڕاهێنانی ئامادەبووان بەسەربرد لە چۆنیەتی ڕەواندنەوەی هەستی ترس و چوونە ناو جیهان. دەبێت باوەڕیان وابێت کە ئەوان دەتوانن ببنە ملیۆنێرێک لە داهاتوودا و بیرۆکەکانیان جیهان دەهەژێنێ.

بێلفرەیج لەسەر تەختی شانۆکە ڕۆڵی مامۆستایەکی ڕۆحیی بزنسی دەبینی، هەوڵیدەدا وا لە ئامادەبووان بکات هەمان جۆش و خرۆشی مارک زوکەربێرگ و ستیڤ جۆبزیان هەبێت وەک دوو نموونەی سەرکەوتن لە جیهانی بزنسدا.

بێلفرەیج بە ئینگلیزییەکی ڕەوان قسەی دەکرد، بەڵام ئەو دیالێکتە تایبەتەی بەکاری دەهێنا کە بە هەولێر ئاشنا نەبوو "دیالێکتی سلیکۆن ڤالی" لەوشوێنەی کە خەڵک شتی لەم جۆرە دەڵێ "کۆڵنەدەی کاتێک بیرۆکەکەت سەرکەوتوو نەبوو، تۆ سەنتەری هەموو شتێکی".

تەنیا فێربوونی ئەم زمانە نوێیە بەس نییە، بەڵکو بزنسمانێکی سەرکەوتوو دەبێت تەماشای ئەودیوی چاکە و خراپەکان بکات.

"بۆ ئەوەی لە بازاڕەکەدا ڕەواجت هەبێت، پێویستە ختووکەی یەکێک لە 7 گوناهە کوشندەکە بدەی". بێلفرەیج ئاماژەی بۆ سێرچی کۆمپانیاکەی کرد لەلایەن زۆر لە بەکارهێنەرانی فەیسبووکەوە کاتێک تەماشای پرۆفایلەکانی خۆیان دەکەن، ئەوە نیشاندانی هێز و شانازییەکی زۆرە.

هەموو ئەم زانیاریانە ئامادەبووانی دڵخۆش کرد کە پەرۆشی فێربوونی ئەو زمانە بوون.

بانو عەلی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکە کار دەکات، باسی ئەزموونی خۆی کرد وەک دامەزرێنەری یەکەمین بۆنەی لەو جۆرە لەساڵی 2012.

"لەو باوەڕەدا نەبووین کە خەڵکێکی زۆر بێت و بیرۆکەکانیان پێشنیاز بکەن. بەڵام ئێمە هەڵە بووین". ئەو ئافرەتە کوردە گوتی "ئێستا کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ دەستپێکردنی بزنس لە کوردستان و عێراق، چونکە زۆر لە بیرۆکەکان هێشتا دەرنەکەوتوون".

بەپێی ئەزموونی ئەو، گەنجانی کورد بیرۆکەی باشیان هەیە لەسەر ئەپلیکەیشنی تەلەفۆن "هەستدەکەن ناتوانن بیرۆکەکانیان بخەنەکار لەبەرئەوەی ئەوان پرۆگرامەر نین، ئەوان تەنیا پێویستیان بە دۆزینەوەی کەسێکە کە دڵگەرم بێت بۆ تەکنەلۆژیا و یارمەتییان بدات لە پرۆسەکەدا".

چەند بەربەستێکی گەورە هەن کە ڕووبەڕووی خوازیارانی بزنس دەبنەوە لە کوردستان "پارە گەورەترین کێشەیە، بۆیە خەڵک هەستدەکەن ناتوانن بیرۆکەکانیان بخەنە کار، چونکە سەرمایەی پێویستیان نییە".

هێشتا کلتووری وەبەرهێنان لە دەستپێکردنی بیرۆکە و تەکنەلۆژیا لە کوردستان نییە، چونکە زۆر لە وەبەرهێنانەکانی کوردستان لە سێکتەری تەقلیدیی وەک خانووبەرە و هۆتێلدا دەکرێن. لە کوردستان دەوڵەمەند نییە سەرمایە و چاودێری بۆ کۆمپانیا نوێیەکان دابین بکات لە کاتی پرۆسەی گەشەکردنیان.

"پێویستمان بە پرۆگرامێکی مەشقپێکردنە بۆ ئەم جۆرە کەسانە" بێلفرەج پێشنیازی کرد "دەتوانین ئەوە بگۆڕین و گرووپێک لە بزنسکار بکەینە دادوەر".

ڕێژنە عەلائەدین کۆمپانیایەکی یاسایی لە هەولێر دامەزراند کاتێک بێزار بوو لە کارکردن بۆ کەسێکی دیکە. بەڵام دابینکردنی ستاف بۆ کۆمپانیا نوێیەکەی بەربەستی سەرەکی بوو.

"کارکردن لەگەڵ هەندێک لە تازە دەرچووانی کۆلێژی یاسا بە تایبەت پیاوان ئاسان نەبوو". ئەو بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند "پیاوانی ڕۆژهەڵاتی تەنانەت گەنجەکانیشیان حەزناکەن فەرمان لە ژنان وەربگرن".

ڕێژنە گوتی مەودایەکی زۆر هەیە بۆ چەمکی کۆن و نوێ لێرە، لەبەرئەوەی کواڵیتی نییە. هێشتا باشترین شێوازی بازاڕ پەیداکردن بڵاوبوونەوەی ناوبانگە لە ڕێگەی قسەی دەماو دەم، ئیدی گرنگ نییە چەندە کورد بەردەوام لەسەر تەلەفۆنەکانیان و فەیسبووکن.

بێلفرەج هانی ئامادەبووانی دا قسە لەسەر بزنسەکانیان بکەن ئەگەرچی هێشتا بیرۆکەش بێت لە مێشکیاندا "بە هەموو کەسێک بڵێن، بیرۆکەکانتان بە کەسانی دیکە بڵێن".



# دزەکان لە سلێمانی ڕوودەکەنە بانکەکان

## پۆلیسی سلێمانی: 60%ی دزەکان بیانین





**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی بەهۆی زۆربوونی تاوانی دزییەوە، دەستخۆشی لەو هاووڵاتیانە دەکات کە کامێرای چاودێری لە ماڵ و شوێنی کارەکانیان دادەنێن و دزەکانیش ڕوویانکردووەتە بانکەکان. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سلێمانی دەڵێ "هەندێکجار ئەو دزانە پێش ئەوەی دزییەکە بکەن، پارەکە لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن".

شێرزاد عەلی کە سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی کۆمپانیایەکە لە سلێمانی، چووەتە بانکێک بۆ ئەوەی پارە ڕابکێشێت و ئاگادار نەبووە کە لەلایەن چەند کەسێکەوە خراوەتە ژێر چاودێری.

"کاتێک لە بانک گەڕامەوە، چەند کەسێک کە عەرەب بوون، چاودێرییان کردبووم و تاوەکو گەیشتبوومەوە شوێنی کارەکەم بەدوامەوە بوون، کاتێک لە ئۆتۆمبێلەکەم دابەزیم پارەکەم لەناو ئۆتۆمبێلەکە دانابوو، جامی ئۆتۆمبێلەکەیان شکاندبووم و بڕی 84 ملیۆن دیناریان لێ دزیم".

ئەو هاووڵاتییە دەڵێ زۆر نائومێد بووە و پێیوابووە ئەو پارەیەی دەستناکەوێتەوە "پەنام بۆ کامێرای چاودێریی ئەو بانکە برد، چەند کەسێکی گومانلێکراو دەرکەوتن و دوای گەڕان بەدوای دەموچاوەکان گومانلێکراوەکان دەستگیرکران و ڕادەستی پۆلیس کران، بەڵام کەسوکاری تاوانبارەکان لە بەغداوە هاتنە سلێمانی و داوای ئەوەیان لێکردم کە خۆمان ڕێکبکەوین و سکاڵاکە بکێشمەوە، منیش قبووڵمکرد چونکە گوتم زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە".

شێرزاد تەنیا 60 ملیۆنی لە ڕێککەوتنە عەشایەرییەکە دەستکەوتەوە و 24 ملیۆن دینار زیانی کردووە، بەڵام دەڵێ "ئەگەر ئەوان حوکمیش بدرابان، هیچم دەستنەدەکەوتەوە".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، باسی حاڵەتەکانی دزیکردن دەکات و دەڵێ، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشتر لەگەڵ دزە دەستگیرکراوەکان کراوە، دەرکەوتووە ئەوانە لە دەوروبەری بانکەکان چاودێریی خەڵک دەکەن کاتێک پارە وەردەگرن "هەندێکجار ئەوان لای خۆیانەوە پێش دزینی پارەکە لەنێوان خۆیاندا ڕێککەوتوون".

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، ئەو قسانە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ "ئەو جۆرە دزییەی ئێستا دەکرێت، بە زۆری بڕینی گیرفانی خەڵکە لە بانکەکان ئەویش بە چاودێریکردنی ئەو کەسانەی دەڕۆنە بانکەکان بۆ ڕاکێشانی پارە، چاودێرییان دەکەن و پارەکە دەدزن، بەڵام زۆربەی ئەو دزیانەی دەکرێت لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە دەدۆزرێنەوە".

ناوبراو گوتیشی لەماوەی ڕابردوودا باندێک دروستبوون چاودێریی ئەو کەسانەیان دەکرد کە دەچوونە بانک بۆ ڕاکێشانی پارە، بەڵام ئەو باندە دەستگیرکران، بۆیە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی بەو چارەسەرە گەیشتین کە کاتێک باڵەخانەیەک یان هەر شوێنێک دروست دەکرێت دانانی کامێرای چاودێری بکەنە مەرج بۆ ئاسانکاری و دۆزینەوەی ئەوانەی تاوان دەکەن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی، لە ساڵی 2013 دا، 2158 کەس بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا، 115 حاڵەتی دزیکردن تۆمارکراوە. لە نێویشیاندا مۆبایل دزین لەزۆرترین جۆری دزیکردن بووە کە 44 حاڵەت بووە.

هەر بەپێی ئاماری پۆلیسی سلێمانی، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا نزیکەی 200 ژن دەستگیرکراون بە تۆمەتی دزیکردن.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت ئەوانەی لەسەر دزیکردن دەستگیردەکرێن هەمەجۆرن "60%ی خەڵکی بیانین، بەڵام لەو ڕێژەیە بەشێکی زۆریان عەرەبن".

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، کەمترین سزا بۆ ئەم تاوانە شەش مانگ زیندانیکردنە و زۆرترین سزاش 10 ساڵە.

سەرکەوت ئەحمەد، ئەنجامی زۆربەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دزەکان ئاشکرا دەکات و دەڵێ "زۆربەی ئەو کەسانەی دزی دەکەن بەهۆی نەبوونیە، بەڵام لە جۆری دزیکردن جیاوازییان هەیە، زۆربەی ئەو دزییانەی لە نێو بازاڕدا دەکرێن ئافرەتن، بەڵام جۆرەکانی دیکەی دزیکردن زۆر جار پیاوانن".

ئەمڕۆ کامێراکانی چاودێری خزمەتێکی زۆر بە تیمەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان دەکەن. هەڤاڵ محەممەد، دووکانی کامێرای چاودێریی هەیە لە شاری سلێمانی، دەڵێت ئەم ئامێرە سیستمێکی تازەیە و دڵنیاییەکی باشی بە خەڵک بەخشیوە "ئێستا خەڵک زیاتر ڕوو لە کڕینی ئەم کامێرایانە دەکەن بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ناوشار".

# "هەناری سووری لە هەولێر نییە"

لە ژمارە 333ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا کە لە ڕێکەوتی 2014/11/10 دەرچووە، لە لاپەڕە 2ی هەفتەنامەکەدا دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە. یەکەمیان ڕاپۆرتێکی بەڕێز ڕەوا عەبدوڵڵا، بە ناونیشانی (شەوانە 5 لۆری هەنار لەنێو داعشەوە دەهێنرێتە هەولێر) ئێمە بە پێویستی دەزانین ئەو ڕوونکردنەوەیە بخەینە ڕوو:

ناونیشانی ڕاپۆرتەکە نەگونجاوە و زۆر دوورە لە ڕاستی، تەنیا مەبەست لەم ڕاپۆرتە دروستکردنی دڵەڕاوکێیە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، ئێمە وەک بەرپرسیاری کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگای هەولێر خەڵکی شارەکەمان دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم ڕاپۆرتە هیچ بنەمایەکی زانستی و ڕاستی تێدا بەدی ناکرێت، بە هیچ جۆرێک بەروبوومی ناوچەی داعش هاوردەی هەرێمی کوردستان نابێت، هەروەها ڕوون و ئاشکرایە سنووری پارێزگای هەولێر لەگەڵ ناوچەکانی داعش هێڵێکی سەربازییە، بەهەموو شێوەیەک هاتوچۆکردن قەدەغەیە، بۆ زانین و خستنەڕووی ڕاستییەکان ئێمە لێژنەی کشتوکاڵی تایبەتمان هەیە لە نێو گومرگی هەولێر کە بەدواداچوونی تەواو دەکات و دەست بەسەر گشت ئەو بەروبوومانە دادەگرێت کە بە بڕیاری وەزارەت قەدەغە کراون و هەناریش یەکێکە لەو بەروبوومانە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر جێبەجێ دەکرێت کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە سزادانی سەرپێچیکارەکان .دووبارە دەڵێین هەناری سووری لە بازاڕی هەولێردا نییە.

سەبارەت بە ڕاپۆرتی پەیامنێر کاک (ساڵح قادر) کە لە هەمان لاپەڕەدا بە ناونیشانی (جوتیارانی کوردستان جۆی داعش بە حکومەت دەفرۆشنەوە). ئێمە ئەم ڕوونکردنەوەیە دەخەینە ڕوو:

بەرهەمی ئەمساڵی جوتیارانی کوردستان نزیکەی 100 هەزار تەن بووە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تەنیا 14 هەزار تەن جۆی لە جوتیاران وەرگرتووە، واتە دەکاتە 14%ی بەرهەمی جوتیاران. ئەم وەرگرتنەش بەپێی سیستمێکی پڕ لە مەرج و ڕێنمایی بووە لەگەڵ وردبینی لەلایەن لێژنەی وەرگرتن، بۆیە وەرگرتنی جۆر 120 ڕۆژی درێژەی کێشا لە هەولێر. ئێمە دەپرسین لە ڕاپۆرتی بەڕێز ساڵح قادر وەزارەتی کشتوکاڵ گشت بەرهەمی جۆی جوتیارانی هەولێری وەرنەگرتووە و تەنیا 14%ی وەرگرتووە، باشە چۆن جۆی داعش گەیشتە لێژنەکانی وەرگرتنی جۆر لە پارێزگای هەولێر؟!

**د.عەبدولڕەحیم عومەر مستەفا**
**بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر**


ڕووداو
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10
"شەوانە 5 لۆری هەنار لەنێو داعشەوە دەهێنرێتە هەولێر"
بە 10 هەزار سیم کارتەوە دەستگیردەکرێن
"جوتیارانی کوردستان جۆی داعش بە حکومەت دەفرۆشنەوە"

ڕووداو ھەمەجۆر
ژمارە (335) دووشەممە 2014/11/24

## گۆرانی بۆ شەڕی کەرامەت دەڵێ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند حەمید مستەفا نوێترین گۆرانی نیشتیمانی خۆی بەناوی (کۆبانی شەڕی کەرامەت) تۆمارکرد.

حەمید مستەفا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی گۆرانییەکی نیشتیمانی بۆ بەرخودانی کۆبانێ بڵێم کە باس لە قارەمانێتی شەڕڤانان و پێشمەرگە بکات". گۆرانییەکە لە ئاوازو هۆنراوەی خۆیەتی و ئیسماعیل شەمزینیش کاری وێنەگرتن و دەرهێنانی بۆ کردووە.

دوای تۆمارکردنی گۆرانییەکە، حەمید لەگەڵ ستافێکدا لە نێو گەریلاکانی سەر قەندیل گۆرانییەکەی کلیپکرد و ئێستا کلیپەکە ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە.

# نارینا کوردی دەبێتە پۆلیس



**ڕووداو- هەولێر**

کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان نارینا کوردی دەیەوێت لە ڕێگای گۆرانییەک پاڵپشتی خۆی بۆ پۆلیسی کوردستان دەرببڕێت.

نارین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەکو خۆشەویستییەک بۆ ئەو ڕۆڵە مەزنەی پۆلیسی کوردستان لەپێناوی پاراستنی یاسا و ئاسایش بینیویەتی، حەزم کرد بە گۆرانییەک پاڵپشتی خۆم بۆ ئەوان دەرببڕم، بۆیە گۆرانییەکم بە ناوی پۆلیسی کوردستان تۆمار کردووە و لەم ڕۆژانە کلیپی بۆ دەکەین". گۆرانییەکە لە ئاواز و تێکستی هۆزانڤانی کورد ئەدیب چەلکییە.

نارینا کوردی ئاشکراشی کرد ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی سروودێکە بۆ پێشمەرگە، بەڵام دواتر زانیارییەکان لەبارەی ئەو سرووده بڵاودەکاتەوە.

# مژدین خۆی ڕووت دەکاتەوە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد مژدین ئامادەیە بۆ ڕزگارکردنی کچە ئێزدییەکان قسە لەگەڵ بەرپرسانی داعش بکات.

مژدین لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە زۆرجار بیری لەوە کردووەتەوە قسە لەگەڵ چەکدارانی داعش بکات بۆ ئەوەی کچە ئێزدییەکان ئازار نەدەن و واز لە گەلی کورد بهێنن، ئەو دەڵێت "ڕەنگە کەس وەکو من بیر نەکاتەوە، من هەمیشە لە خەیاڵمدا بەدوای ئەو ڕێگایانە دەگەڕێم کە بتوانم لەگەڵ داعش قسە بکەم و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەم کچە ئێزدییەکان ئازاد بکەن".

مژدین ئامادەیی خۆی دەربڕی وێنەی ڕووتی خۆی لەسەر گۆڤارە جیهانییەکان بڵاویکاتەوە، تاوەکو لەبەرامبەردا پارەیەکی دەستبکەوێت و بۆ ئاوارەکانی کۆبانێ و شنگالی بنێرێت. ئەو دەڵێت "ڕەنگە تووشی ڕەخنەیەکی زۆر ببمەوە، بەڵام لە پێناو ئەو ئاوارانە ئامادەم خۆم ڕووت بکەمەوە".

# ئۆرکێسترای کوردستان دەچێتە ڕۆمانیا



**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر بانگهێشتی باڵیۆزی عێراق لە ڕۆمانیا، ئۆرکێسترای کوردستان کۆنسێرتێکی گەورەی میوزیکی کوردی و جیهانی لە ڕۆمانیا سازدەکات.

هەڤاڵ حەمەد، سەرۆکی ئۆرکێسترای کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئۆرکێسترای کوردستان سەردانی ڕۆمانیا بکات و لەوێ چەندین پارچە میوزیک و گۆرانی کوردی و جیهانی پێشکەش بکات".

هەڤاڵ گوتیشی "لەم کۆنسێرتەدا دوو گۆرانی نوێ کە لەسەر پێشمەرگە گوتراوە، لە ڕۆمانیا پێشکەشی دەکەین، هەروەها دوو ڕۆژ بەر لە چوونمان بۆ ڕۆمانیا کۆنسێرتێکیش لەشاری هەولێر ساز دەکەین".

# لەنجە بە خورشیدی دەیچڕێت



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند لەنجە عەلی لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکات بۆ یادی هونەرمەندی کورد محەممەدی ماملێ و گۆرانییەکی ئەو هونەرمەندەش دەڵێتەوە.

لەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "یادمکە ناوی نوێترین بەرهەمی هونەریی منە کە بڕیارم دابوو هەر ساڵێک بۆ یادی ماملێ گۆرانییەکی بکەمە دیاریی ڕۆحی ئەو، بۆیە ئەم گۆرانییە کە پێشتر ماملێ بە دەنگی خۆی چڕیویەتی من دووبارەی دەکەمەوە".

لەنجە بۆ یەکەمجارە گۆرانییەک لە ئاوازی خۆی تۆمار دەکات، دەربارەی ئەو گۆرانییە گوتی" ئێستا تێکستێکی شاعیری مەزنی کورد سافی هیرانیم لەبەردەستە کە بۆ یەکەمجارە وەک ئاوازدانەر کارم لەسەر کردووە، ئاوازم کردووەتە بەر ئەم تێکستە جوانە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یەکەمجارە ژنێک مقامی خورشیدی بچڕێت، من ئەو کارەم کردووە و هیوادارم بەدڵی هەوادارانم بێت".

# سوڵتانە هەیام کرێچییە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی تورکی مریم ئۆزیرلی کە بە سوڵتانە هەیام ناسراوە، ڕەتیکردەوە دیاری لە هیچ ملیاردێرێکی ئیماراتی وەرگرتبێت.

مریم گوتی "من تاوەکو ئێستا خانووی خۆم نییە، ئەو خانووەی کە من و کچەکەم تێیدا دەژین بەکرێ گرتوومانە، جگە لەوە من ئۆتۆمبێلیشم نییە و جگە لە پاسکیلێک خاوەنی هیچ موڵکێک نیم".

مریم بە هەموو شێوەیەک ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن پارەیەکی خەیاڵی لە ملیاردێرێکی ئیماراتی وەرگرتبێت. ڕاشیگەیاند کە ئەو بەو ژیانەی ئێستای خۆی و کچەکەی ڕازییە و بەختەوەرە، نایەوێت بیریش لە پارە بکاتەوە، تەنیا ژیانی کچەکەی لا گرنگە.

# ئاراس 50 هەزار کەس کۆدەکاتەوە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئاراس فاتیح ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانی گەورەترین کاری هونەرییە لە کوردستان کە زیاتر لە 50 هەزار کەس بەشداریی تێدا دەکەن.

ئاراس بۆ یەکەمجار ناوەڕۆکی نوێترین بەرهەمی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "پەلکە زێڕینەی کوردی ناوی ئەو بەرهەمە نوێیەمە کە دەمێکە خەریکی ئامادەکارییەکانیم، هەموو شتێک تەواو بووە و ئاواز و هۆنراوە و سیناریۆکەشی ئامادەیە، تەنیا ماوە دەست بەکارکردن بکەین".

ئاراس گوتیشی "ئەم گۆرانیە بە زمانی ئینگلیزی دەبێت و کەسایەتییەکی کورد بە خەڵک دەناسێنێ کە دەیەوێت هەموو جیهان لە کاری خراپ ڕزگار بکات، وەکو باتمان مرۆڤێکی خێرخواز و ئاشتی دۆست و ڕزگارکەری لێقەوماوان دەبێت".

ئاراس نەیویست زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بەرهەمەی بدرکێنێ، چونکە دەیەوێت وەکو سوپرایزێک بێت بۆ خەڵکی.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
کۆنترۆڵی ئەو فرسەتانە بکە کە ڕەنگە بەدەگمەن دووبارە ببنەوە، چالاکیتان زیاد دەبێت و لەجاران زیاتر پێویستتان بەسۆز و خۆشەویستی هەیە. لەم کاتەدا ناتوانن بڕیاری سەفەرکردن بدەن. حەزو ئارەزووەکان زیاتر دەبن و پێویستتان بەپشووە.

**گا**
چەند هەوڵ بۆ دڵخۆشکردنی چواردەورەکەت بدەیت ئەوەندە لە بەختەوەری نزیک دەبیتەوە. چەند کارێکی گرنگ بۆ هاوڕێ و هاوکارەکانتان ئەنجام دەدەن و دەبنە جێی سەرنجیان. کاتی ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە داهاتی زیاترت بۆ دابین دەکەن.

**جمک**
لەو کارانە دووربکەونەوە کە ڕاڕاییتان بۆ دروست دەکەن. ئاگاداربن هیچ جۆرە گرفتێک لەگەڵ هاوکارەکانتان دروست مەکەن تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووشتان ببنەوە. خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ زۆر پێویستە، بەتایبەت لەگەڵ نزیکەکان و ئازیزانتان.

**قرژاڵ**
خۆشەویست و سەرنجڕاکێش دەبن. ئەو دەرگایانەی دەمێکە چاوەڕوانی کردنەوەیان دەکەن، ئێستا بەئاسانی بەڕووتاندا دەکرێنەوە. باری دارایی باش دەبێت. ئیرەیی بە خەڵکانی دیکە مەبە، لە ڕۆژانی داهاتوو وەک کەسێکی سەرکەوتوو لەخۆت دەڕوانیت.

**شێر**
پێویستە ئاگاداربن دەروونتان هانتان دەدات بۆ دروستکردنی گرفتی سۆزداری کە پاشان بە قورسی لەسەرتان دەشکێتەوە. ئەنجامدانی هەر کارێک لەکاتی گونجاودا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ. قسەکردن و گوتەکانتان بەتەواوی سەرنجڕاکێش دەبێت. کەشێکی نوێی بەختەوەریتان دەستپێدەکات.

**گوڵەگەنم**
ڕاڕاییەکی زۆرت هەیە بۆ دەستپێکی یەکەم هەنگاوی کارەکان، هەریەک لەکارەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەوڵ بدەن بەزووترین کات بڕیاری خۆتان بدەن، دواکەوتن تووشی گومانی زیاترتان دەکات. هەندێک پاڵنەر وادەکات ئاراستەی ئامانجەکانت بەرەو ڕێگەیەکی ڕوونتر بگۆڕیت.

**تەرازوو**
هەفتەیەکی باشە بەڵام چەند هەواڵێکی تێدایە کە بە بیستنیان خۆشحاڵ نابن، چاوەڕوانی و پەلەنەکردن هەموو ئەنجامەکان بەقازانجی ئێوە ڕێکدەخات. پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسی کارەکەتان باشتر بکەن و متمانەی بەدەستبهێنن.

**دووپشک**
لەکارەکان زیاتر ماندوودەبن. بەڵام دەبێتە هۆی دەرکەوتنی تواناکانتان و چەند پێشنیارێکت دەخەنە بەردەست. ئەو کارە گرنگانەی بەنیازی ئەنجامدانیت خۆئامادەکردنێکی باشی پێویستە. خەرجییە زیادەکان کەم بکەنەوە.

**کەوان**
هەسارەی ڤینۆس لە بورجەکەتە، خۆشەویست دەبیت، کاریگەرییەکی بەهێز دەخەیتە سەر چواردەورەکەت، یارمەتیدەرت لە کاردا بۆ پەیدا دەبێت. هەرچەند کارەکان کەمبوون بەڵام سەرقاڵییەکی زۆرتان پێوە دیارە. هەموو بابەتەکان بەقەبارەی خۆیان ببینە.

**کاژۆلە**
بوونی مارس لەبورجەکەتان کەمێک هەراسانتان دەکات بەوەی ڕاڕایی و گومانەکانتان زیاد دەبێت، بەڵام توانای خۆڕاگریشتان کەم دەکاتەوە، بۆیە ئاگاداری هەڵچوونتان بن بەسەر چواردەورەکەتاندا. لەو شتانە دووربکەوە کە دەبنە مایەی بێزاری یان تووڕەبوونت.

**سەتڵ**
لە هەوڵەکانت بەردەوام بە بۆئەوەی کارەکانت بەشێوەیەکی سەردەمیانە ڕێکبخەیتەوە. پلان و بەرنامەی بەهێز ئەنجامێکی دڵنیاکەرەوەت دەداتێ. بۆ کۆتاییهێنان بە گرفتەکان بڕیارێکی گەورەت پێویستە. بڕوا بەو شتانە مەکە کە دەیانبیستی بەڵکو بەو شتانە بکە کە دەیانبینی.

**نەهەنگ**
هەرگیز ڕق لە کەس هەڵمەگرە، ئەو کاتانەی قینت لەدڵ بێت، هەستکردنت بە بەختیاری لێ تێکدەچێ. کارە پەرشوبڵاوەکان ڕێکدەخەیتەوە و بەرەو ئەنجامی کۆتاییان دەبەیت. پەلە لە بڕیارە گرنگەکان مەکە، چەند پەلەش بکەیت هیچ لەئەنجامەکان ناگۆڕێت.

# بەریتانیا مەرج بۆ گەڕانەوەی جیهادییەکان دادەنێ

## چالاکوانێکی کورد: ئەم بڕیارە بۆ کوردیش خراپە

**فیۆنا لێنی**
**ڕووداو- لەندەن**

بەریتانیا یاسای توندی بۆ ئەو هاووڵاتیانەی دەرکردووە کە لە سووریا و عێراق لە ریزی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیدا شەڕ دەکەن. ئەو هاووڵاتیانە بۆ ماوەی 2 ساڵ ڕێگەیان نادرێت بۆ بەریتانیا بگەڕێنەوە.

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە ئەم ڕێوشوێنە تایبەتانە دوای تاوتوێکردنێکی درێژ گیراونەتە بەر و بە مەرجێک ڕێگە بەو هاووڵاتییە گومانلێکراوانە دەدرێت بۆ بەریتانیا بگەڕێنەوە کە ئامادەی دادگا بن و ئەگەر یاسا بە گونجاوی زانی لە ماڵەوە دەستبەسەر بکرێن و لەلایەن پۆلیسەوە چاودێریی بەردەوامیان لەسەر بێت، هەروەها بەشداری بکەن لە خولی دژی توندڕۆیی.

دەیڤید کامیرۆن گوتی "ئێمە دەبێ ڕێوشوێن بدۆزینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شەڕکەرە بیانیانەی بە بەرنامەوە دەیانەوێت هێرش بۆ سەر خەڵکی ئێمە بکەن". ئەو گوتی "دەسەڵاتە تازەکانی دەوڵەت ڕێگە لە گەڕانەوەی شەڕکەری بیانی دەگرێت ئەگەر بە مەرجەکانی ئێمە ڕازی نەبێ".

بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا دەیانەوێت ڕێ لە گەڕانەوەی ئەو کەسانە بگرن کە گومانیان لێدەکرێ لە ریزی گرووپە تیرۆریستییەکاندا شەڕیان کردبێت. ماوەیەک لەمەوبەر فەرەنسا دەسەڵاتی بە دەزگاکانی وڵات دا پاسپۆرت و کارتی ناسنامە لەو کەسانە وەربگرنەوە کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت دەستیان لەکاری جیهادیدا هەبێت.

تا ئێستا زیاتر لە 30 گومانلێکراو لە ئەڵمانیا دراون بە دادگا. ئەڵمانیا دەیەوێت زۆر توندتر ڕێگە لەو کەسانە بگرێت کە دەیانەوێ بچنە ریزی گرووپە جیهادییەکانی عێراق و سووریاوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، تا ئێستا نزیکەی 400 کەس لە ئەڵمانیاوە بە نیازی جیهاد بەرەو ئەو دوو وڵاتە چوون.

بەمدواییە هەندێک زانیاریی تازە لەوبارەیەوە لە ئەڵمانیا بڵاوکرانەوە. نزیکەی 240 پۆلیس لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا تۆڕێکی گومانلێکراوی توندڕۆکانیان لە چەند شوێنێکی ئەڵمانیا دەستگیر کرد. ئەو تۆڕە گومانی ئەوەی لێ دەکرا کە یارمەتیی جیهادییەکانی دابێت بۆ گەیشتن بە سووریا و عێراق و هەروەها بە ڕێگەی نایاسایی یارمەتی دارایی بۆ توندڕۆکان دەستەبەر کردبێت.

لە یەک شوێندا لە ئانتوێرپ، 46 کەس دەستگیرکران کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا هاوکاریی بەرفراوانی توندڕۆکانیان کردبێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی سۆفان گرووپ کە بنکەکەی لە نیویۆرکە، زیاتر لە 3000 ئەورووپایی بۆ یارمەتیدانی جیهادییەکان بەرەو سووریا چوون. هێزە ئەمنییەکانی بەریتانیا دەڵێن لەم ژمارەیە نزیکەی 500 کەسیان ڕەگەزنامەی بەریتانیایان هەیە و تا ئێستا نزیکەی 250یان گەڕاونەتەوە بەریتانیا، بۆیە مەترسیی کاری تیرۆریستی لەناو بەریتانیا بەرز بووەتەوە. ئامارەکان نیشان دەدەن کە زۆرینەی ئەو گومانلێکراوانە لەنێوان تەمەنی 16 تاوەکو 21 ساڵیدان.

پلانەکەی بەریتانیا بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە کەمترین سەرئێشەی یاسایی بۆ بەریتانیا دروست دەکات لەلایەن ئەو جیهادییانەی ڕێگەیان پێ نادرێت بۆ خاکی بەریتانیا بگەڕێنەوە. ئەم یاسایە دوای ئەوە هات کە جێمس فۆڵی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی بە دەستی داعشێکی بە ڕەگەزنامە بەریتانی سەری لە جەستەی جیاکرایەوە.

بەڵام شامی چاکرابارتی بەڕێوەبەری گرووپی هەڵمەتی ئازادی لە لەندەن ڕەخنە لەو ڕێکارە دەگرێت و دەڵێت ئەم بڕیارە هەندێک کەس بە تەواوی بێ دەوڵەت دەکات.

ئەو دەڵێت "ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە، چونکە ناکرێت بە ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی ئەو گومانلێکراوانە، کۆمەڵێک خەڵک بە سەرگەردانی لەناو وڵاتاندا بخولێنەوە. ئەمە وەک ئەوە وایە پاشماوەی ژەهراویی خۆمان فڕێ بدەینە دەرەوەی حەوشەی ماڵی خۆمان".

سونگول بەهار کە چالاکوانێکی کوردی نیشتەجێی لەندەنە، دەڵێت کوردی ئەورووپا بە گشتی دەمێکە داواکارە کە دژ بە جیهادییەکان ڕێوشوێن بگرنەبەر. بەڵام بە باوەڕی ئەو، ئەم پلانەی ئێستا وا دەکات تەنانەت ئەو کوردانەی کە دەیانەوێت بە هانای کۆبانێشەوە بچن نەتوانن ئەو کارە بکەن.

بەهار دەڵێت "زۆر کورد لێرەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو ئاوارانە بدەن. ئێمە نابێ بەو هۆیەوە سزا بدرێین."

دانیمارک نزیکەی 100 گومانلێکراوی هەیە کە بەمەبەستی جیهاد بۆ سووریا و عێراق ڕۆیشتوون. بەڵام بە گوێرەی یاسای دانیمارک ئەگەر لە ریزی جیهادییەکاندا شەڕ نەکەیت، ئاساییە لە سووریا بیت و دژی جیهادییەکان شەڕ بکەیت. یاسای دانیمارک بە گشتی ناتوانێت ڕێگە لە خەڵک بگرێت کە سەفەر بکەن.

دانیمارک هەروەها چەند خولێکی کردووەتەوە کە یارمەتیی گەنجان دەدات بۆئەوەی چۆن خۆیان لە هزری توندڕۆیی بپارێزن. ئەمە تەنانەت ئەوانەش دەگرێتەوە کە وەک جیهادی دەگەڕێنەوە دانیمارک.

پریبێن بەرتەلسەن، پرۆفیسۆری دەروونشیکاری لە زانکۆی ئارهووس دەڵێت "ئەگەر هیچ تاوانێکت نەکردبێت، ئێمە یارمەتیت دەدەین بگەڕێیتەوە."

بەڵام زۆر لە سیاسییەکانی دانیمارک داوای ڕێوشوێنی توندتریان کردووە. لارس ئەسلان ڕاسموسێن کە باوکی کوردە و دایکی دانیمارکییە و خۆی لەناو سۆسیال دیمۆکراتەکان چالاکە، دەڵێت پێویستە لایەنگرانی داعش لە دانیمارک دەربکرێن.

# کەتەلۆنیا.. خەونی سەربەخۆیی دوورکەوتەوە

**ئالا شالی**
**ڕووداو- بارسێلۆنا**

کەتەلۆنییەکان خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن، بەڵام دەسەڵاتدارانی مەدرید ڕێگەیان لە بەدیهێنانی گرت و بەمجۆرەش وەک پرۆفیسۆرێکی زانستە سیاسییەکان دەڵێت "خەونی سەربەخۆیی لە کەتەلۆنیا دوورکەوتەوە".

کەتەلۆنیا یەکێکە لە 17 هەرێمەکەی ئیسپانیا و لە ساڵی 1978 وەکو هەرێمێک مافی ئۆتۆنۆمی پێدرا، سنووری کەتەلۆنیا لە باکوورەوە لەگەڵ فەرەنسا و ئەندۆرایە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست و لە ڕۆژئاوا و باشووریشەوە هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی ئاراگۆن و ڤالێنسیا.

ژمارەی دانیشتووانی کەتەلۆنیا 7 ملیۆن و 500 هەزار کەسە. ئەو هەرێمە لە چوار شار پێکدێت کە بریتین لە بارسێلۆنای پایتەخت، لیێدا، تاراگۆنا و خیرۆنا.

سەربەخۆیی بۆ کەتەلۆنیا خەونێکی لەمێژینەی خەڵکەکەیەتی، بەڵام دەسەڵاتدارانی مەدرید تائێستا توانیویانە ئەو هەرێمە لە چوارچێوەی یەکێتی وڵاتدا ڕابگرن.

لە سەردەمی "فرانکۆ"ی دیکتاتۆری ئیسپانیادا، زمانی کەتەلۆنی قەدەغە بوو، چەندین کەسایەتی دیاری ئەو هەرێمەش لەسێدارە دران.

دوو ساڵ دوای ئەوەی ژەنەراڵ فرانکۆ لە ساڵی 1975دا مرد، هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکانی شارەکانی کەتەلۆنیا و داوای سەربەخۆییان کرد، بەڵام مەدرید تەنیا مافی ئۆتۆنۆمی بەو هەرێمە دا.

مانوێل خەڵکی بارسێلۆنایە، کاتێک باسی سەربەخۆی کەتەلۆنیا دەکات، دەڵێ "شانازی دەکەم بە وڵاتەکەمەوە". ئەو خۆی دەبوارد لە بەکارهێنانی وشەی "هەرێم" و دەیگوت "من وڵاتەکەم زۆر خۆشدەوێت، وڵاتەکەم خاوەنی مێژوویەکی زۆر کۆنە. ئێمە خاوەنی زمانی کەتەلانین کە لە ئاستی زمانی ئیسپانیدایە. خەڵکی کەتەلۆنیا خەڵکێکی ئیشکەرن و وڵاتەکەشمان خاوەنی کارگە و ئابوورییەکی باشە، گەشتیاری زۆر ڕووی تێدەکات".

مانوێل گوتیشی "ئەگەر ریفراندۆم بکرێت ئەوا زۆر باش دەتوانین خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە ببەین".

سەرەتای هەوڵەکانی جیابوونەوەی کەتەلۆنیا لە مەدرید بۆ 2006 دەگەڕێتەوە، لە 2006/6/18 دا دەستوور خرایە دەنگدانەوە، نزیکەی 49%ی خەڵکی کەتەلۆنیا بەشداربوون و 73.9%ی بەشداربووان بە "بەڵێ" دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە دا. دەستوورەکە لە پەرلەمانی مەدرید قبوڵکراو لەلایەن "کارلۆس شا" ئیمزاکرا و پەسەندکرا، بەڵام پارتە کۆنزەرڤاتیڤەکان قبوڵیان نەکرد و سکاڵایان لەدژی دەستوورەکە خستە بەردەم دادگای باڵای دەستوور.

پاش 4 ساڵ، دادگا لە 223 بڕگەی یاساکە، تەنیا 14 بڕگەی پەسەندنەبوو، هەروەها 27یشی نادیاربوو.

لە کەتەلۆنیا پێنج پارت بەشداری بەڕێوەبردنی حکومەتی ئەم هەرێمە دەکەن. پارتی CU، پارتی ناسیۆنالستی کەتەلۆنیا، هەمیشە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەدەن، بەڵام هەرسێ پارتەکەی دیکە پارتی PP و PSC و کیفی دژی سەربەخۆی کەتەلۆنیان.

ساڵی 2010 هەڵبژاردن لە کەتەلۆنیا ئەنجامدرا، پارتی کۆنزەرڤاتیڤەکان دەنگی زۆریان بەدەستنهێنا و پارتی دیموکراتی کەتەلۆنیا هاتە سەر دەسەڵات بە سەرۆکایەتی "ئاتور ماس". لەو کاتەوە ئەم پارتە داوای سەربەخۆی بۆ کەتەلۆنیا دەکات. لە 2012/9/11 دا کە ڕۆژی نیشتمانیی کەتەلۆنیا بوو، لە شاری بارسێلۆنا نزیکەی 2 ملیۆن کەس خۆپیشاندانیان کرد لە ژێر دروشمی کەتەلۆنیا وڵاتێکی سەربەخۆیە.

لە2012/9/25 داوای لە پەرلەمان کرد گشتپرسی بکرێت. هەروەها لە ساڵی 2013 دا، داوای لە پەرلەمانی مەرکەزی لە مەدرید کرد ئەنجامدانی گشتپرسی قبوڵ بکات. بۆ گشتپرسییەکە ئەم پرسیارانەی خستە بەردەم پەرلەمان: دەخوازیت کەتەلۆنیا ببێتە دەوڵەت؟ (بەڵێ) یاخود (نەخێر). بەڕێزتان دەخوازن ئەم دەوڵەتە سەربەخۆ بێت؟ داوای کرد ئەم گشتپرسیە لە 2014/9/11 ئەنجامبدرێت، بەڵام حکومەتی مەرکەزی لە مەدرید ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە . نەک هەر حکومەتی مەدرید ڕەزامەند نییە، بەڵکو خەڵکی مەدریدیش لەگەڵ ئەوەدا نەبوون.

هاووڵاتییەکی مەدریدی دەڵێت "ڕەوا نییە کەتەلۆنییەکان داوای جیابوونەوە بکەن، چونکە زیانمان پێدەگات، پێویستە ئێمە هەموومان خۆمان بە ئیسپانی بزانین نەک بە کەتەلۆنی یان باسکی یان هەر هەرێمێکی دیکە".

هۆکاری ئابووری یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ماس-ی هاندا لە 2014/9/11 دا، لە کەتەلۆنیا گشتپرسییەکی سیمبوڵی ئەنجامبدرێت. بەڵام سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا داوای لە کەتەلۆنیا کرد، واز لە خەونی سەربەخۆیی بێنن. گوتیشی "گشتپرسییەکە هیچ کاریگەری نابێت بۆ سەر ڕەوشی وڵاتەکە".

دادگای باڵای ئیسپانیاش ئەو گشتپرسییەی بە نادەستووری ئەژمار کرد، ئەگەرچی ئەو ڕۆژە نزیکەی یەک لەسەر سێی کەتەلۆنیا، واتە 2 ملیۆن و 800 هەزار کەس، بەشدارییان لە گشتپرسی کرد و 80% بە "بەڵێ" دەنگیان دا.

هەرچەندە گشتپرسییەکە سیمبولی بوو، بەڵام پرۆفیسۆر د.شتێڤان مارشال، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی دوسلدۆرف دەڵێ "ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ جیابوونەوە، ئەم کارە سیمبولییە کارێکی گرنگ بوو بۆ کەتەلۆنییەکان. ئەم ڕیفراندۆمە نافەرمییەیان بەکارهێنا بۆ خۆ ئامادەکردن و دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و ڕاکێشانی خەڵک بۆ ئەم مەبەستە، مەرج نییە بە بڕیارێک کۆتایی بێت، گرنگ ئەوەیە پێشانیاندا کە میللەتێک ئامادەیە بڕیاری خۆی بدات و دەنگی خۆی بەرزدەکاتەوە".





هەرچەندە زۆربەی خەڵکی کەتەلۆنیا خەون بە سەرخۆییەوە دەبین، بەڵام پرۆفیسۆر دکتۆر شتێڤان مارشال دەڵێ ئەگەر گشتپرسییەکە سیمبۆلی نەبووایە، ڕەنگە ئەوەندە خەڵکە بە بەڵێ دەنگیان نەدابا "لەبەرئەوەی ریفراندۆمەکە سیمبۆلی بوو، بۆیە زۆر جیاوازە. ئەگەر فەرمی بووایە ئەوا ژمارەی دەنگدەران زیاتر دەبوو، هەروەها بڕیاری دەنگەکانیش جیاواز دەبوو. ئێستا تەنیا ئەو کەسانە بۆ دەنگدان چوون کە لەگەڵ جیابوونەوەن، بەڵام ڕەنگە لە ریفراندۆمی فەرمیدا خەڵکی دیکە بەشداربن کە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نین. واتا ئەنجامەکە زۆر جیاوازتر دەبوو".

پرۆفیسۆر مارشال دەڵێ جیابوونەوەی هەرێمێک لە وڵاتی دایک هەمیشە کاریگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت. بۆیە حکومەتی ئیسپانیا ڕەزامەند نییە، چونکە کەتەلۆنیا لە هەمانکاتدا لەڕووی ئابوورییەوە گرنگە بۆ ئیسپانیا.

حکومەتی مەدرید دەترسێ لەوەی جیابوونەوەی کەتەلۆنیا هەرێمەکانی دیکەی وەکو باسک هانبدات بۆ جیابوونەوە و بەوجۆرەش وڵاتەکە لەبەریەک هەڵدەوەشێ.

ئەو پرۆفیسۆرە پێیوایە یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ بە دەوڵەتبوونی هەرێمەکانی وڵاتانی ئەورووپا نییە "یەکێتی ئەورووپا ئەوەندە پابەند نییە بە جیابوونەوەی کەتەلۆنیا. ئەگەر کەتەلۆنیا ریفراندۆم بکات بۆ یەکێتی ئەورووپا پرسیار دروستدەبێت، ئایا دەتوانین ئەم وڵاتە وەرگرین و ببێتە ئەندام لە یەکێتییەکە، ئایا چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەبێت.

گوتیشی "ڕەنگە ببێتە هاندەر بۆ ئەو هەرێمانەی دیکەی ئەورووپا کە داوای جیابوونەوە دەکەن، بۆ نموونە کێشەی نێوان فەرەنسی و هۆڵەندی زمانەکانی بەلجیکا. واتە ئەمە یەکێتی ئەورووپا بێهێز دەکات. هەڵوەشانەوەی وڵاتانی ئەورووپا لە بەرژەوەندی یەکێتی ئەورووپا نییە، بۆیە من بەمزووانە ئەگەری سازکردنی ریفراندۆمی فەرمی لە کەتەلۆنیا نابینم، ڕەنگە لە داهاتوویەکی زۆر دوور بکرێت".

# 20 هەزار تووشبووی شەکرە لە سلێمانی تۆمارکراوە

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
ڕووداو- سلێمانی



پزیشکان هۆشداری دەدەن کە شەکرە هەموو کاتێک بە نیشانە نموونەییەکانی خۆی نانوێنێت، بەڵکو بە نیشانەی جیاواز لە کەسێک بۆ یەکێکی دی خۆی پیشان دەدات، تەنانەت هەندێکجار تووشبوو بێ ئەوەی هەست بە هیچ نیشانەیەک بکات شەکرەی هەیە.

نەخۆشی شەکرە کە چاو کوێر دەکات و قاچەکان دەمرێنێت و بەرەو بڕینەوەیان دەبات و هەشتەمین هۆکاری مردنە لەسەر ئاستی جیهاندا.

د.کارلۆس دیل رایۆن سەرۆکی بەشی تەندروستی کۆمەڵ لە زانکۆی ئیموری ئەمریکا دەڵێت "من ئەوەندەی ترسم لە شەکرە هەیە، لە ئیبۆلا نیمە".

شەکرەش بکوژی بێدەنگە

نیشانە کلاسیکییەکانی شەکرە بریتین لە "میزکردنی زۆر بەتایبەت لە شەودا، تینوێتی زۆر، گۆڕان لە کێشدا بە زۆربوون یان کەمبوون، هەمیشە هەست بە ماندوێتی کردن".

بەڵام وەک د.سەربەست فەخرەدین پزیشکی پسپۆڕی شەکرە بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێکجار شەکرە هیچ نیشانەیەکی نییە، بۆیە ئەنجامدانی پشکنینی شەکرە بۆ ئەو کەسانەش گرنگە کە نیشانەیان نییە بە تایبەت ئەوانەی کەسی نزیکیان شەکرەی هەیە".

هەندێکجار تاکە نیشانەی شەکرە لاوازبوونی توانای سێکسیی پیاوە، یاخود سڕبوونی پەلەکانە یاخود ئەوەیە کاتێک کەسەکە تووشی برینێک دەبێت، زۆر درەنگ چاکدەبێتەوە.

بەگشتی چیرۆکی نەخۆشەکانیش لەگەڵ سەرەتای دەستنیشانکردنی شەکرەدا لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە.

بەدیعە محەممەد، 60 ساڵ، دەڵێت "پشکنینێکی گشتیم ئەنجامدا بۆ دڵنیایی، کەچی پزیشک گوتی شەکرەتە، من نەمزانیبو شەکرەم هەیە". حەسەن عەبدولڕەحمانی تەمەن 55 ساڵانیش دەڵێت "ماوەیەک بوو هەستم بە گێژی دەکرد، بۆ دڵنیایی پشکنینێکی شەکرەم ئەنجامدا، دەرکەوت شەکرەم هەیە".

لەسەر ئاستی جیهاندا و لەساڵی 2012 دا ژمارەی تووشبووانی دەستنیشانکراوی شەکرە 382 ملیۆن کەس بووە. لە ئەمریکاش 12%ی خەڵکی شەکرەیان هەیە، توێژینەوەکانیش لە ئەمریکاوە دەڵێن 30%ی ئەوانەی شەکرەیان هەیە نازانن کە تووشبووی شەکرەن، لە سیستمێکی پێشکەوتوی وەک ئەوەی ئەمریکادا 30%ی تووشبووان دەستنیشان نەکرێن، دەبێت لە کوردستان حاڵەتەکە چۆن بێت؟

لە سلێمانیش سەنتەرێکی تایبەت هەیە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەری شەکرە و بە گوتەی دێرین عومەر بەڕێوەبەری سەنتەرەکە تا ئێستا 19700 کەس وەک تووشبووی شەکرە لەو سەنتەرەدا تۆمار کراون.

## هەر بەرزبوونەوەی شەکری خوێن نییە

هەرچەندە جیاکەرەوەی ئەم نەخۆشییە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێنە، کەم ئەندامێکی جەستە هەیە زەبری شەکرەی بەرنەکەوێت. گرنگترین قوربانییەکانیش دڵ و بۆرییەکانی خوێن، گورچیلە، چاو و پەلەکانن.

د.دێرێ لەتیف، پزیشکی پسپۆڕی چاو بە (تۆڕی میدیای ڕووداو)ی گوت "شەکرە یەکەمین هۆکاری کوێربوونە لە جیهاندا" وەک ئەو پزیشکە باسی کرد درێژخایەنیی نەخۆشییەکە و کۆنترۆڵنەکردنی هۆکاری سەرەکی کوێربوونن. د.دێرێ دەڵێت لە سەرەتاوە نەخۆشکەوتنی چاو بەهۆی شەکرەوە نیشانەی نییە "بۆیە گرنگە جگە لەوکاتانەی هەست بە هەر نیشانەیەکی نائاسایی بینین دەکەیت، بەپێی خشتەیەکی ڕێکخراویش بێئەوەی هیچ نیشانەیەکی نائاسایی چاوت هەبێت پزیشک پشکنینی چاوت بۆ بکات، بەتایبەت تۆڕی چاو کە لە هەموو بەشەکانی چاو زیاتر لەلایەن شەکرەوە کاری لێدەکرێت".

ڕەنگە کە باس لە بڕینەوەی پەلەکان دەکرێت، لە دوایین خاڵی لیستەکەدا بیری شەکرەمان بکەوێتەوە. بەڵام ئامارە زانستییەکان دەڵێن لەسەر ئاستی جیهاندا 70%ی حاڵەتەکانی پەلبڕینەوە بەهۆی شەکرەوەیە. لە هەر کاژێرێکدا 2 کەس بە مین پەلیان لەدەستدەدەن، لە هەمان ماوەدا 120 کەس بەهۆی شەکرەوە پەلیان دەبڕێتەوە.

گرنگترین ڕێگا بۆ ڕێگاگرتن لە بڕینەوەی پەلەکان لە شەکرەدا گرنگترین هۆکار هۆشیاری نەخۆشە، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی شەکرەکەی و بڕیاردانی بە دەستپێکردنی شێوازێکی دروستی ژیان کە دەتوانێت ڕێگر بێت لە لەدەستدانی پەلەکانی.

د.کامەران عەبدولقادر پزیشکی پسپۆڕی هەناو و شەکرە گوتی "نەخۆشیی شەکرە، بەتایبەت بۆ ئەو نەخۆشانەی نەخوێندەوارن، وەک جەنگەڵێکە، کە تێیدا چاوی نەخۆشەکە ببەستی و بڵێی فەرموو بڕۆ، بێگومان تووشی تەگەرە و کەوتن و برینداری و قاچ بڕین دەبێت، بەڵام کە هۆشیارت کردەوە وەک ئەوەیە چاوەکانی بکەیتەوە و بیخەیتە سەر ڕێگایەک و بڵێی لێرەوە تێپەڕ ببە".

د.پێشڕەو محەممەد ئەمین، پزیشکی ڕاوێژکار لە نەخۆشیی شەکرە، کە لە سەنتەری ڕۆیاڵ داربی لە بریتانیا-تایبەت بە گرنگیدان بە پەلەکانی تووشبووانی شەکرە کاردەکات بە (ڕووداو)ی گوت "لەباری ئاساییدا هەموو تووشبوویەکی شەکرە دەبێت ساڵانە پشکنین بۆ پێیەکانی بکات لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە، بەڵام ئەگەر هەر نیشانەیەکی نائاسایی وەک برین و سووربوونەوەی بەدی کرد، دەبێت لەماوەی 24 کاژێردا سەردانی پزیشک بکات".

## پزیشکێک: هەندێک لەوانەی نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن نەخۆشیی دەروونییان هەیە

### بەشێک لە چارەسەر لای نەخۆشە

بە گوتەی د.سەربەست فەخرەدین، نەخۆش نابێت تەنیا پابەندی بەکارهێنانی دەرمانەکانی بێت، بەڵکو دەبێت پابەند بێت بە شێوازێکی تەندروستانەی ژیانەوە تا لەگەڵ دەرمانەکاندا ڕێگری بکات لە ڕوودانی ئاڵۆزکارییەکانی شەکرە.

### چۆن خۆمان بپارێزین؟

ماڵپەڕی بەنێوبانگی مایۆکلینیکی ئەمریکی، ئەم پێنج خاڵەی دیاری کردووە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە شەکرە:

1 -وەرزش زۆرتر بکە: چونکە وەرزش کێشی لەش و شەکری خوێن دادەبەزێنێت و کاری ئینسۆلین چالاک دەکات.

2-ریشاڵە خۆراکییەکان زۆر بخۆ: کە لە پاقلەمەنییەکان و سەوزە و میوەدا هەن. ئەمانە شەکری خوێن ڕێکدەخەن و هەستی تێربوون دەبەخشن و ئەگەری نەخۆشکەوتنی دڵیش کەمدەکەنەوە.

3- دانەوێڵەی توێکڵدار بخۆ: وەک لە نانی بۆر و نانی بۆری جۆدا، یان هەر خۆراکێک کە دانەوێڵەکانی بە توێکڵەوە تێدابێت، نەک توێکڵەکەیان لێ جیاکرابێتەوە وەک لە ئاردی سفردا.

4- کێشت دابەزێنە: دابەزاندنی هەر کیلۆیەکی زیادەی لەش چەندین سوودی هەیە، کە ڕێگاگرتن لە شەکرە یەکێکیانە. توێژینەوەیەک دەریخستووە دابەزاندنی تەنیا 7%ی کێش هاوڕێ لەگەڵ وەرزشێکی ڕێکوپێکدا ئەگەری تووشبوون بە شەکرە بە ڕێژەی 60% کەمدەکاتەوە.

-5خواردنی هەمەڕەنگ بخۆ: خواردنێکی باڵانس واتە هەموو جۆرە ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەک پرۆتین و کاربۆهیدرات و چەوری و ڤیتامین و کانزاکان لەخۆ بگرێت و وزەیەکی زۆری تێدا نەبێت ڕێگاچارەی هەرە گونجاوە.

# قاوە و چا، کامیان بخۆینەوە؟

ڕووداو- دەیلی مەیل

دوای تاوتوێکردنی ئەو توێژینەوانەی لەسەر سوود و زیانەکانی قاوە و چا کراون، زانست تا ئێستا گەیشتووەتە ئەم زانیارییانە لەبارەی هەریەکەیانەوە:

### 1 - چا:

#### سوودەکانی:

- خواردنەوەی 3-4 کوپ چا لە ڕۆژێکدا، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ کەمدەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە شەکرەی جۆری یەک کەمدەکاتەوە، لەحاڵی تووشبوونیشدا پەرەسەندنی شەکرەکە هێواشتر دەکاتەوە.
- ئەوانەی ڕۆژانە چوار ژەم چا دەخۆنەوە، ئاستی هۆرمۆنی فشاریان کەمترە.
- چا ماددەی فلۆرایدی تێدایە کە بۆ ددان بەسوودە.
- ئەو پیاوانەی ڕۆژانە زیاتر لە 10 کوپ چای سەوز دەخۆنەوە، کەمتر تووشی پەککەوتنی جگەر دەبن.
- چای سەوز ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان کەمدەکاتەوە
- چای سەوز ئەگەری تووشبوونی ژنان بە شێرپەنجەی سورێنچک بەڕێژەی 60% کەمدەکاتەوە.
- چای سەوز بە ماددە دژە ئۆکسێنەکان دەوڵەمەندە کە ڕەنگە پیری دوابخات.
- چای سپی ئەگەری قەڵەوبوون کەمدەکاتەوە.
- چا لەش تەڕو پاراو دەکات

#### زیانەکانی:

- چا لەوانەیە ماددەی مێروکوژی پێوە بێت کە بۆ جەستە زۆر زیانبەخشە.
- چا بە ماددەی تانین دەوڵەمەندە کە ڕێگا لە هەڵمژینی ئاسن دەگرێت لە ڕیخۆڵەکاندا و بەوەش ئەگەری تووشبوون بە کەمخوێنی زیاد دەکات.
- چا ماددەی کافایینی تێدایە (بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوەی لە قاوەدا هەیە) کە بەوە ناسراوە دڵەڕاوکێ زیاد دەکات و گوشاری خوێن بەرز دەکاتەوە.
- ئەگەر شیر تێکەڵی چا بکەی، سوودی دژە شێرپەنجەیی چا ناهێڵێت.

### 2 - قاوە:

#### سوودەکانی:

- ئەگەری تووشبوون بە شەکرەی جۆری دوو کەمدەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە لەکارکەوتن و شێرپەنجەی جگەر کەمدەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە دەردەشا (دائولمولوک) لە پیاوانی سەروو تەمەنی 40 ساڵدا کەمدەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە ئەلزایمەر کەمدەکاتەوە.
- یادەوەری نزیک باش دەکات.
- کاریگەری دەرمانە دژە ئازارەکان زیاد دەکات، بەهۆی ڕێژەی بەرزی کافاین تێیدا.

#### زیانەکانی:

- ڕەنگی ددان ناشیرین دەکات.
- خواردنەوەی 8 کوپ قاوە لەلایەن ئافرەتەوە لە ڕۆژێکدا، ئەگەری لەدایکبوونی منداڵی ناکام زیاد دەکات.
- ڕۆیشتنی خوێن بۆ دیواری دڵ کەمدەکاتەوە.
- زیاتر لە 1000 ماددە لە قاوەدا هەن، کە 19 دانەیان ڕێگا بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە خۆشدەکەن.



# ئاگاداری بەکارهێنانی هاوێنەی چاو بن

ڕووداو- دۆیچەڤیللە

ئەو هاوێنە لاستیکیانەی دەخرێنە چاو و هەندێک پێیدەڵێن عەدەسە، بینین باش و ڕوونتر دەستەبەر دەکەن بێ بەکارهێنانی چاویلکەی پزیشکی، بەڵام مەترسی کوێربوون دروستدەکەن ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکارنەهێنرێن.

پزیشکان دەڵێن خراپ بەکارهێنان و جێبەجێنەکردنی ڕێنماییە پزیشکییەکان لە کاتی لە چاوخستنی هاوێنەکاندا، ساڵانە دەبێتە هۆی هەوکردنی چاوی ملیۆنەها کەس.

بەکارهێنانی هاوێنە بۆ ماوەیەکی درێژ، پاکنەکردنەوەی بە شێوەیەکی دروست، دەبێتە هۆی هەوکردنی کۆرنیای چاو لە یەک ملیۆن کەسدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چاودێری تەندروستی ئەو وڵاتەش 175 ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی چاو خەرجدەکات کە بە هۆی خراپ بەکارهێنانی هاوێنەی دەستکردەوە تووشی خەڵک دەبن.

د. جێنیفەر کۆب، لە ناوەندی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی و خۆپاراستن لێی، دەڵێت هاوێنەکان سوودی زۆریان هەیە، بەڵام مەترسیداریشن، هەوکردنی کۆرنیای چاو ترسناکە، بۆیە پێویستە خۆی لێبپارێزرێت بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی پێویست، هەروەک پاکژکردنەوە و پاکڕاگرتنی هاوێنەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان، هەوکردنی کۆرنیا ئازار و سووربوونەوە لە چاودا دروستدەکات، لە هەندێک حاڵەتی خراپیشدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی بینین.

چەند ڕێ و شوێنێک هەن ئەگەر بگیرێنە ڕەچاویان بکەی دوورت دەخەنەوە لە مەترسییەکانی بەکارهێنانی هاوێنەکان، گرنگترینیان لابرنی هاوێنەکانە پێش نووستن، شوشتنی دەستەکان بە ئاوو سابوون و وشککردنەوەیان پێش دەستلێدان لە هاوێنەکان، هەروەها دانانی هاوێنەکان بۆ ناو گیراوەیەکی پاکژکردنەوە دوای بەکارهێنان. لابردنی هاوێنەکان پێش مەلەکردن و خۆشوشتن، یان بەرکەوتنی چاو بە هەوا و هەڵمی گەرم، هەروەها گۆڕینیان بە هاوێنەی نوێ هەموو سێ مانگێک جارێک، سەردانیکردنی پزیشکی پسپۆڕیش ساڵانە بۆ بەدواداچوون.



# ژن و پیاو پێکەوە بخەون یان بە جیا؟

ڕووداو- جەزیرە

زۆربەی هاوسەران، بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی سەرەتای ژیانی هاوسەریدان، بەگرنگی دەزانن کە پێکەوە لە نێو جێگایەکدا بخەون، هەندێکجار دەگاتە ئەوەی ئەگەر یەکێکیان بیەوێ بەجیا بخەوێت، ئەوی دیکەیان تۆمەتباری بکات بە نەمانی هەست و خۆشەویستی و سۆز. بەڵام شارەزایەک بە پێچەوانەی ئەو هاوسەرانەوە بیر دەکاتەوە و دەڵێت زیاتر تەندروستترە ئەگەر ژن و مێرد لە جێگای جیادا بخەون، یان تەنانەت لە ژووری جیاوازیشدا.

نووستن بە تەنیا لەوانەیە لای ئەو کەسانە زیاتر مانای هەبێت کە کێشەی کەمخەوییان هەیە، یان بە پرخە یان دەنگێک خەو لە چاوەکانیان بفرێت.

لیکر یسپی، شارەزای چارەسەری کێشەی هاسەرەکان لە نیویۆرک، بە پێچەوانەی ئەو هاوسەرانەوە بیر دەکاتەوە کە دەڵێن نووستن دوور لە هاوسەرەکانیان هەستی تەنیاییان لەلا دروستدەکات، دەڵێت "هاوسەرەکان باشتر دەخەون، ئەگەر بە تەنیا بن".

ئەو پشتگیری قسەکانی بەوە دەکات کە دەڵێت، نووستن کارێکی تاکە کەسییە وەکو ماراسۆن، هەرچەندە کۆمەڵێک خەڵکی دیکە هەیە لە دەوروبەرت رادەکەن، بەڵام تۆ خۆت بە تەنیا بۆ خۆت ڕادەکەیت، چونکە چالاکییەکی تاکە کەسییە، هەر کاتێک خەڵکی زیاتر بەشداری ماراسۆنەکە بکەن یان لەگەڵتدا بخەون، ئەوا هەلی پشوودان و سەرکەوتنت کەمتر دەبێتەوە.

### بۆچی هاوسەرەکان حەز دەکەن پێکەوە بخەون؟

لەوانەیە وەڵامەکە سەیر بێت، بە گوتەی ڕۆجەر ئاکێرش نووسەر و پرۆفیسۆر لە بواری مێژوو لە زانکۆی ڤێرجینیا، هۆکارەکە ئابوورییانە لێکدەداتەوە، ئەو دەڵێت لە سەدەی نۆزدەدا، ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی نەیانتوانیوە جێگای تایبەت بە خۆیان هەبێت، لەبەرئەوە هەموویان پێکەوە لە جێگایەکدا نوستوون، بەوەش خۆیان لە سەرمای زستان پاراستووە و خەرجی گەرمکردنەوەشیان لەسەر کەمبووەتەوە.

ئاکێرش هۆیەکی دیکەی نوستن پێکەوە دەگێڕێتەوە بۆ ترسان لە تاریکی، ئەویش پێش داهێنانی کارەبا، ئەو کاتەی تاریکی سەرچاوەی هێنانی ترس بووە بۆ خەڵک، جگە لە دزی و ئاژەڵی دڕندە و جادوو، لەو کاتەدا نووستنی بە کۆمەڵ سەرچاوەی دابینکردنی ئارامی و هەستکردن بە سەلامەتی بووە.

### پەیوەندی

هەندێک لە هاوسەرەکان ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر لە جێگای جیادا بخەون ئەوا پەیوەندی سێکسییان تێکدەچێت.

هەندێک دەڵێن نووستنی ژن و مێرد لەسەر جێگایەک بوار بۆ قسەکردن لەسەر کاروباری ناو ماڵ و کێشە خێزانییەکان دەرەخسێنێت لە کەشێکی هێمندا، بەڵام پزیشکان دەڵێن نابێت ناو جێگا ببێتە شوێنی یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانە، چونکە دەبێتە هۆی زراندنی خەو، بە تایبەتی ئەگەر بابەتەکە ئاڵۆز بێت.

لەبەر ئەو هۆکارانە نووستن لە دوو جێگای جیوازدا بۆ هاوسەرەکان شایانی بیرلێکردنەوەیە، یارمەتیدەرە بۆ ئەوانەی کێشەی کەمخەوییان هەیە، ئەگەریش ترست لە کەمبوونەوەی خۆشەویستی هەیە، ئەوان عاشقەکان دەڵێن دوورکەوتنەوە ئاگری پێکگەشتنەوە تاو دەدات.

## فازڵ بەشارەتی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی لە هەڵەبجە:

# هەڵەبجە و پارتی ئاشت دەکەینەوە



■ کۆمەڵی ئیسلامی داوای کرد پارێزگاری هەڵەبجە بدرێتە پارتی

■ پارتی بەرپرسی سەرجەم لقەکان دەگۆڕێت

■ ئەوەی پارتی بۆ هەڵەبجەی کردووە یەکێتی بۆی نەکردووە

**کەمتر لە مانگێکە وەکو بەرپرسی تازەی لقی12ی پارتی لە پارێزگای هەڵەبجە دەستبەکار بووە، تا ئێستاش خەڵک و حیزبـەکان دێن بۆ پیرۆزبایـی، ئەو دەڵێت خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی جیاوازتر لە بەرپرسەکانی پێشوو کار بۆ خەڵکی هەڵەبجە بکات. فازڵ بەشـارەتی بەرپرسی لقی12 پارتی لە هەڵەبجە دەڵێ "یەکێتی بەپێی پێویست خزمەتی ئەم شارەی نەکردووە، ئەو کارانەشی کە لە رابردوو کراون بـۆ هەڵەبجە وەک بـە پارێزگاکردن و کردنـەوەی زانکۆ و هێنانی پرۆژەی ئاو بۆ هەڵەبجە و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکـە هەمووی پارتی کردوونـی". هەروەها دەڵێت "ئەگەر رێگـری لـە پارتی نەکرابا شـتی زیاتریشـی بـۆ هەڵەبجە دەکرد".**

**هەڤپەیڤین: سامان بەشارەتی**
**رووداو- هەڵەبجە**

**رووداو: لەوەتـەی پارتـی گەڕاوەتـەوە هەڵەبجە 8 بەرپرسـی لقی گۆڕیوە، خەڵک دەڵێـن ئـەو گۆڕانکاریانـەی پارتـی لـە هەڵەبجە تەنیـا گۆڕینی دەموچاوەکانە، تۆ چی دەڵێی؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** پارتـی گـۆڕانـکاری بەشـتێکی سروشـتی دەبینێ و گۆڕانکاری لەگـەڵ ژیانی سیاسـی پارتـی خۆی کێش کـردووە تاوەکـو ئێسـتا. لایەنێکی دیکەی گۆڕانکارییەکان ئەوەیە پارتی هەڵسەنگاندن بـۆ کادیرەکانـی خـۆی دەکات لـە ماوەی بەرپرسـیارێتیدا تا چەند سەرکەوتوو بووە، پەیامـی پارتـی لـەو ناوچەیـە گەیاندووە بـە خەڵـک یـان نـا، هیـوادارم ئەمـە وا لێکنەدرێتـەوە کـە بەرپرسـێک لابـرا واتە سـزا درابێت و کەسێکی دیکەیان هێناوەتە جێگـەی، ئەم گۆڕانکارییانـە لە ناو حیزبدا هەر دەبێ بکرێن.

**رووداو: بـەڵام گۆڕانـکاری بـۆ ئەوەیـە کە بەرپرسـی پێشـوو ئەدای خـراپ بووە و کەسـێکی دیکە کە دەخرێتە شـوێنی بۆ باشترکردنی کاری حیزبی؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** زۆر مانەوەی بەرپرس لە شـوێنەکەی خۆی دەبێتە هـۆی بێزاری و بێتاقەتـی لـە کارەکەی، بەردەوامیشـی دەبێتـە لاوازبوونـی لە کارەکـەی، هێنانی کەسـێک بـۆ شـوێنەکەی و گۆڕینـی ئەو بەرپرسـە بـۆ ئەوەیـە کارەکان نەوەسـتن و بەرپرسـەکە لـە کارەکانـی جـدی بێت، ئەمـە هـۆکاری گۆڕانکارییەکانـە لـە نـاو پارتی. ئێسـتا پارتـی بڕیـاری گۆڕانکاری سەرتاسـەری داوە لـە کاری حیزبیدا. ئەم گۆڕانکاریانـەی لـە پارێـزگای سـلێمانیش دەیکات هەر پەیوەسـتە بەو گۆڕانکاریانەی خۆیەوە. کاک سـەعید سەلیم کە پێش من بەرپرسـی لقی 12 بوو لەم سـنوورە کاری باشـی کـردووە، کەموکورپیشـی هەبـووە، چونکـە ئینسـان بەبێ کەموکـوڕی نابێت، منیش ناتوانم سـەرکەوتنی سـەد لە سـەد بەدەسـت بهێنـم، بـەڵام هیـوادارم ئەوەی پێمدەکرێـت لەم ناوچەیە خزمەتی پارتی و خەڵک بکەم.

**رووداو: ئـەو کارانـە چیـن کـە پێشـتر بەرپرسی لقی 12 نەیکردووە تۆ بە نیازیت بیکەیت؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** رەنگە ئـەو کارانەی ئـەو نەیتوانیبێـت بیـکات، پەیوەنـدی بە کاتـەوە هەبووبێـت. رەنگە لە سـەردەمی بەرپرسـیارێتی منـدا کاتەکـە گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتبێت و من بتوانم بیانکەم، ئەو کاتەی بەرپرسـی پێشوو لێرە کاری دەکرد قەیرانی ئابووری بەرۆکی کوردسـتانی گرت و نەتوانـرا خزمەتگوزاری باش بۆ هەڵەبجە بهێنرێـت، بۆیـە من هیوادارم ئــەو قەیرانە نەمێنـێ و مـن بتوانـم کاری زۆربـاش بۆ هەڵەبجە بکەم.

**رووداو: پارتی دەیەوێت چی بۆ پارێزگای هەڵەبجە بکات؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** پارتـی پێشـتریش خزمەتگـوزاری گـەورەی هێناوەتـە ئـەم ناوچەیە، هەسـت دەکەم ئەمە کارئاسـانی بـۆ منیـش دەکات کە لە داهاتـوودا داوای کاری گەورەتـر بکەم بـۆ هەڵەبجە، ئەوەی کـە پارتی بـۆ هەڵەبجەی کـردووە ئەوەی کـە دەسـەڵاتدار بـووە لـەم شـارە بـۆی نەکـردووە. یەکێک لەوانـە بەپارێزگابوونی هەڵەبجەیـە، 18 ملیـۆن دۆلاری سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانە کـە تەرخانی کرد بۆ ئاوەدانکردنـەوەی هەڵەبجـە، کردنـەوەی زانکۆی هەڵەبجە، هێنانی ئاوی ئەحمەدئاوا بـۆ هەڵەبجـە. هەروەهـا سـاڵی رابـردوو نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پرۆژەیەکـی گەورەی بۆ هەڵەبجـە جێبەجێ کـرد، ئەویش ئەوە بوو کە ئاوی سیروان رادەکێشن بۆ ناحیەی سیروان و سەیدسـادق بە بڕی 195 ملیۆن دۆلار، پرۆژەکـە بە بەردەوامـی کاری تێدا دەکرێـت، ئەمانـە ئـەو کارە گەورانەن کە پارتی لەم ناوچەیە کردوونی.

**رووداو: ئەم کارانە بەس پارتی کردوونی، یەکێتی بەشدار نەبووە؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** نەخێـر یەکێتـی لە رابردوودا نەیتوانیوە ئەم کارانە بکات، بۆیە پارتی کردوونی.

**رووداو: بەرپرسـەکانی پارتـی لـە سلێمانی گلەیی ئەوە لە یەکێتی و ئیدارەی یەکێتـی دەکەن کە وەک هاوولاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کـردوون، لە هەڵەبجەش بە هەمانشێوە بووە؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** ئێمە لە کوردسـتان وەک پارتـی هاوولاتـی پلە یـەک بووین و رێگـەش نادەیـن وەک هاوولاتـی پلـە دوو مامەڵەمـان لەگـەڵ بکرێت. راسـتە پارتی ئیـدارەی ئەم ناوچانەی بەدەسـت نەبووە، بـەڵام ئێسـتا خەڵکـی ناوچەکـە تەمەنای ئـەوە دەکـەن پارتی ئیـدارەی هەڵەبجە و پارێزگای سلێمانیش بگرێتەدەست، چونکە بۆیان دەرکەوت کە چەند سەرکەوتوو بووە لـە ئیدارەدانـی ئـەو ناوچانـەی بەرێوەی بردوون. ئەو شوێنەی پارتی ئیدارەکەی بە دەسـتبووە لە دوو شتدا سەرکەوتوو بووە، یەکەم ئاسـایش و دووەمیش خزمەتگوزاری و بازرگانی.

**رووداو: یەکێتـی لەم ناوچەیـە لە رووی ئیدارییەوە سەرکەوتوو نەبووە؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** ئەگەر ئـەو پرۆژانە لە هەڵەبجە دەربکەیت کە پارتی کردوونی هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ هەڵەبجە نەکراوە، ئەو کارەی لە ئاسـت داواکاری خەڵکی هەڵەبجە و قوربانـی خەڵکەکەیـدا بێـت، نەکراوە بۆ هەڵەبجـە. هەندێـک وردە کار کراوە، بەڵام جێگەی باسکردن و سەرنجی خەڵک نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو پرۆژە گەورانەی پارتی بۆ هەڵەبجـەی کـرد، وای کرد یەکێتیش هەندێک پرۆژە بۆ هەڵەبجە بـکات، ئەگینا پرۆژەی پێویسـت لەلایـەن ئیـدارەی یەکێتـی بۆ ئەم شـارە نەکـراوە. هۆکارەکەشـی ئەوەیە یەکێتی لە ناوخۆیـدا تووشـی شکسـتێک هاتـووە کە دوو رەنگدانـەوەی خراپـی دروسـتکردووە، یەکێکیـان بۆ ناوخـۆی یەکێتی و دووەمیان بـۆ رێگەگرتن لـە بەردەم هێنانـی پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بۆ ناوچەی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتـی. بەڵگەشـم بـۆ قسەکانم کە پارتی سەرکەوتووترە لە رووی ئیدارییـەوە ئەوەیـە با خەڵکی کوردسـتان بچن سـەیری سەیدسـادق بکەن و سـەیری سـۆران بکـەن، بـا بچـن سـەیری ئاکـرێ بکـەن و سـەیری چەمچەماڵیش بکەن، یان سـەیری هەڵەبجە بکەن و سەیری ئامێدیش بکـەن، ئەوکات بۆیـان دەردەکەوێت پارتی سـەرکەوتووتر بووە یان یەکێتـی لە رووی ئیدارییەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات رێگری هەبـووە لە بـەردەم خزمەتگـوزاری بۆ ئەم شارانەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی.

**رووداو: پارتـی لـە نەوەتـەکان حیزبـی یەکـەم بـوو لـە هەڵەبجـە، کەچی ئێسـتا پێنجەم حیزبـە، یەکێتی حیزبی یەکەمە لە کاتێکـدا تـۆ دەڵێی پارتی دەیـان پرۆژەی گەورەی بۆ هەڵەبجە کردووە؟**

**فازڵ بەشارەتی:** ئەمە دوو هۆکاری هەیە، پارتی هەمیشە بەرژەوەندی خەڵکی زیاتر لە بەرچـاو گرتووە بۆ ئەوەی لە ئارامیدا بژی، نـەک بۆ زیادکردنی دەنگەکانی نا ئارامی بۆ خەڵک دروست بکات، ئەگینا ئەگەر رێگەمان پێبدرایـە ئەم ناوچانەشـمان وەک هەولێر و دهۆک لێدەکرد و دەنگی باشیشمان دەهێنا، تەنانـەت ئەو کورسیانەشـی لـەم ناوچانە بەدەستمانهێناوە لەگەڵ یەکێتی برابەشیمان کردووە لە پێکهێنانـی حکومەتدا، هەروەها هـۆکاری دووەم ئـەوە بوو بەهۆی شـەڕی ناوخـۆوە پارتـی زیاتـر لە حەوت سـاڵ لە خەڵکی ئەم ناوچەیە دابڕا.

**رووداو: بەڵام لەوەتای پارتی گەڕاوەتەوە هەڵەبجـە دەنگەکانی لە جیاتی ئەوەی زیاد بکات کەم دەکات؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** ئەو مـاوە زۆرەی کە پارتی دابڕا لە هەڵەبجە، زۆربەی ئەندامەکانی چوونە نـاو حیزبێکی دیکـە و خەڵکەکەش ئەگـەر مەیلـی بۆ پارتـی هەبووبێت سـزا دراوە، بۆیـە ئەوە وای کرد خەڵک لە پارتی لەم ناوچەیە دووربکەوێتەوە، ئێستا ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین ئەو خەڵکانە بگەڕێنینەوە. دانیشـتووانی هەڵەبجـەش لەگـەڵ پارتـی ئاشت بکەینەوە، ئەندامەکانی خۆشمان سزا نـەدا کە چوونەتە ناو حیزبێکی دیکە. بۆیە دەرگامان کراوەیە ئێسـتاش بگەڕێنەوە ناو ماڵـی پارتـی و خزمەت بکەن، بـە هەموو توانامانـەوە هـەوڵ دەدەیـن دەنگەکانـی پارتـی لە هەڵەبجە زیـاد بکەین و خزمەتی هەڵەبجەیش بکەین.

**رووداو: دەڵێـن پارتی جیاوازی لە نێوان کادیر و بەرپرسـەکانی دەکات لە پارێزگای سلێمانی؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** ئەو جیاوازییە لەلایەن سـەرکردایەتی پارتییـەوە نییـە، بـەڵام پارتـی لەم ناوچانـەدا دەسـتکراوە نەبووە و نەیتوانیـوە کار بـکات، چونکـە لە رووی سیاسـییەوە رێگـری هەبـووە، پارتـی لـە سـنووری ئیدارەی خۆی دەستی کراوە بووە خزمەتـی خەڵک بکات، ئـەوەش کاریگەری لەسـەر رێـژەی دەنگەکانی هەبـووە، بەڵام لە سـنووری ئیـدارەی یەکێتی دەسـتکراوە نەبـووە، ئەوەش هۆکار بـووە بۆئەوەی کە پارتـی دەنگی کـەم بێنێت، بـەڵام بەهۆی گۆڕانـی باڵانسـی هێز و کاری سیاسـییەوە لـەم ناوچانـە پارتـی لەمـەودوا دەتوانێت کاری بـاش بـکات و رێژەی دەنگەکانیشـی زیـاد بکات، چونکە ئەو مامەڵەیەی پێشـتر لێـرە بەرامبەر پارتی دەکرا، ئیدی لەمەودوا ناتوانرێت بکرێت.

**رووداو: وا تێگەیشـتم کـە لەبەرئـەوەی بزووتنەوەی گۆڕان باڵانسـی هێزی لە زۆنی سـەوز گۆڕیوە و ئێسـتا لە پارتـی نزیکە، پارتی بـڕوای وایە لـە داهاتـوودا دەتوانێ کاری باشـتر لـە پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە بکات، بۆیە پشـتگیری گۆڕانیش دەکەن؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** ئێمـە بزانیـن هـەر حیزبێک بە پەرۆشـە بۆ خەڵکی کوردستان و لە سیاسـەتی پارتی نزیکە، پارتی دەست بە باڵییەوە دەگرێت و لێی نزیک دەبێتەوە. گۆڕان زۆر گۆڕانکاری بەسـەر سیاسـەت و بیرکردنەوەیـدا هاتـووە بەرامبەر بە پارتی، ئەگـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ ئەوکاتەی ئۆپۆزسیۆن بوون. بۆیە ئێستاش کە پارتی پشـتگیری گۆڕان دەکات ئیدارەی سلێمانی وەربگرێت، بۆ ئەوەیە سـلێمانی لەو قەیرانە ئیدارییـە رزگار بـکات. پارتـی حیزبێکـی نەتەوەییە هەر کارێک بکات لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەیکات، تەنانەت ئەگەر لەو کارەدا زەرەریش بکات.

**رووداو: پارتی پێی باشـە وەکو سلێمانی پارێزگاری هەڵەبجە بدرێتە گۆڕان؟**

**فـازڵ بەشـارەتی:** بەداخـەوە پەتاکەی سـلێمانی گوازراوەتـەوە هەڵەبجـە، ئێمـە نەماندەویسـت ئـەوە روویـدات، هیوادارین پەتاکەی سـلێمانی چارەسەر بکرێت، بەڵام خۆشـبەختانە کۆبوونـەوەی حیزبـەکان لە پارێـزگای هەڵەبجـە کـە 10/29 کردمان، توانیمـان قۆناغێکی باش بچینە پێشـەوە، لـە پارێـزگای هەڵەبجـە کـە نـۆ حیزبیـن بڕیارمانـداوە لـە یەککاتدا نابێـت گۆڕان و یەکێتـی پارێـزگاری سـلێمانی و هەڵەبجە وەربگـرن. جارێ سـیناریۆکە وایـە ئەگەر گۆڕان پارێزگاری سـلێمانی وەرگرت دەبێت یەکێتی پارێزگاری هەڵەبجە وەربگرێت، یان بـە پێچەوانەوە. لەسـەر باقی پۆسـتەکانی دیکەش گفتوگۆ مـاوە، بەڵام ئەوە یەکلایی بووەتـەوە کـە قایمقامی هەڵەبجـە بدرێتە پارتـی، لەگەڵ چـوار کورسـی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.

**رووداو: بەڵام پارتی لەو چوار کورسییەی خـۆی کورسـییەکی داوە بـە کاکەییەکانی هەڵەبجە، بۆچی؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** ئێمە پێمانوابوو هەقی خۆیانـە کاکەییـەکان کورسـیان لـە نـاو ئەنجوومەنـی پارێزگای هەڵەبجە هەبێت، لە چـاو خەبات و خزمەتی ئـەوان بۆ پارتی و کوردستان ئەو کورسییەش بە کەم دەزانین. حەزمان دەکـرد حیزبەکانـی دیکەش وەک پارتـی بوونایە، زۆر هەوڵدرا کورسـی کۆتا بدرێـت بە کاکەییەکان، بەڵام نەگەیشـتینە رێکەوتـن، بۆیـە پارتـی لـە بەشـەکەی خۆی کورسـیەکی دا بـە کاکەییەکان وەک وەفایەکیـش بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی فەلەکەدین کاکەیی لە ناو پارتی.

**رووداو: لە حیزبەکان پشتگیریتان هەبوو کە ئێوە پارێزگاری هەڵەبجە وەربگرن؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** بەڵێ نوێنەری کۆمەڵی ئیسـلامی لـە کۆبوونەوەکـە داوای لـە حیزبـەکان کرد ئەگەر ئێمـە خزمەتگوزاری و ئاوەدانیمان دەوێت با پارێزگاری هەڵەبجە بدەیـن بە پارتـی، بـەڵام حیزبەکانی دیکە رازی نەبوون.

**رووداو: پارتـی بە نیـازە لە داهاتوو چی بۆ هەڵەبجە بکات؟**

**فازڵ بەشـارەتی:** کارێکـی وا دەکەین لە تەوەقوعـی خەڵکـی هەڵەبجـەدا نەبێـت و دەسـتی ئاوەدانـی دەگەیەنینە هەڵەبجە بۆ ئەوەی سیمای وێرانکاری بەسەر هەڵەبجەوە نەمێنێت.



■ کارێکی وا دەکەین لە تەوەقوعی خەڵکی هەڵەبجەدا نەبێت

■ جگە لەو پرۆژانەی پارتی کردوونی، هیچ پرۆژەیەکی گەورە بۆ هەڵەبجە نەکراوە



فەرهاد عەبدولعەزیز عەلائەدین
farhad965@gmail.com

# ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق و شەڕی داعش

لە دوای 100 ڕۆژ لە دەستپێکی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە دژی داعش، خەریکە سەرەداوەکانی ستراتیژی ئەمریکی بەدەردەکەون. سەرۆک باراک ئۆباما لە سەرەتاوە ڕایگەیاند کە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ (لاوازکردن و دواتر لەناوبردنی داعشە). ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی شەڕ دەریدەخەن کە تواناکانی داعش زۆر کەمیان کردووە و لە جیاتی هێرشکردن و داگیرکردنی خاک کەوتووەتە پاشەکشە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهێز و توانایەکی زۆرەوە بەرگری دەکەن و تا ئەم ساتە وەختە پاشەکشەیان سنووردار بووە. لە بەرامبەریشدا، شەهید و بریندارێکی زۆریش لە نێو پێشمەرگە و سوپای عێراقدا هەیە.

## سیاسەتی نوێی ئەمریکا

لەوە دەچێ ئەمریکا خەریکی داڕشتنی سیاسەتێکی نوێ بێت بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕووکەشی ئەم سیاسەتە زۆر ڕوون نییە، بەڵام دیارە کە ئیدارەی ئەمەریکی دەیانەوێت ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا ببینن و جڵەوی کارەکان هەر لەدەست خۆیان بمێنێتەوە. چەندین هۆکاری گرنگ هەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکی:

– توانای ئەمریکا لە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێستادا زۆر زیادی کردووە و پێش سعودیە کەوتووە، بە جۆرێک کە ڕۆژانە نزیکەی 11 ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنێت و چاوەڕوان کراوە لەساڵی 2030 نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، ئەوەش لەو کاتەی لە 40 ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا گەورەترین کڕیاری نەوت بوو لە جیهان.

– سیاسەتی میانڕەوی باراک ئۆباما و کشانەوەی سوپاکانی لە عێراق و ئەفغانستان زیانێکی زۆری لە پێگەی ئەمریکا داوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئێستا ئەمریکا دەیەوێت بە شێوازێکی جیا لە جاران حزوری سەربازی لە ناوچەکە بمێنێتەوە و سەرهەڵدانی داعشیش هەلێکە بۆ ڕەخساندنی زەمینە بۆ دووبارە هاتنەوەی بۆ ناوچەکە.

– ئەمریکا زۆر هەوڵی داوە کاریگەریی ئێران لەسەر ناوچەکە سنووردار بکات، چەندین ڕێگەی جیاوازی گرتووەتە بەر بۆ ئەوەیش ئێران بهێنێتە ژێر ڕکێفی سیاسەتەکانی. لەڕێگەی سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری و دیبلۆماسییەوە، ئێستا گفتوگۆکانی نێوان ئەو دوو هێزە خەریکە بگەنە ئەنجامێک کە بە هۆیەوە بتوانرێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران کۆنترۆڵ بکرێت یان خاوبکرێتەوە. جێی سەرنجە شەڕی داعش بووەتە هۆکارێکی دیکەی نوێ بۆ نزیککەوتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و هاندانیان بۆ کارکردن بەرەو هەمان ئامانج.

– لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ئەمریکا کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق زۆر کەم ببووەوە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش توانییەتی کاریگەری زۆر لە جاران زیاتر پەیدا بکاتەوە و تەنانەت ڕۆڵێکی گەورەش لە پێکهێنانی حکومەتی عەبادی ببینێ و لەڕێگەی حکومەتەکەوە بتوانێت کاریگەری لەسەر گۆڕەپانەکەش هەبێت.

## تێچووەکانی شەڕ بۆ ئەمریکا:

دەستپێکی هێرشی ئاسمانی و هێرشە سەربازییەکان پێویستی بە خەرجیی ڕۆژانە هەیە و لە یەکەم هێرشی ئاسمانیی ئەمریکادا لە ڕۆژی 8\8\2014 لە مەخموور تا ئێستا، خەرجیی ڕۆژانەی سوپای ئەمریکا هەشت ملیۆن دۆلار بووە. ڕاپۆرتێکی پێنتاگۆن باس لە خەرجکردنی 778 ملیۆن دۆلار دەکات لە نێوان 8ی ئاب تاوەکو 12\11\2014. هەندێک لە چاودێران باوەڕیان وایە کە دەبێت خەرجییەکان لە مانگی شەشەوە ئەژمار بکرێت و بەم شێوازەش، کۆی گشتیی خەرجیەکان دەگاتە نزیکەی ملیارێک دۆلار.

دیارە کە ئەم بڕە پارەیە زۆر کەمترە لە تێچووی ڕۆژانەی خەرجیی جەنگ لە ئەفغانستان کە دەگاتە 200 ملیۆن دۆلار و لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی عێراق و ئەفغانستانەوە، ئەمریکا نزیکەی تریلیۆن و نیوێک دۆلاری خەرج کردووە.

لەم هەفتەیەی ڕابردووش سەرۆک ئۆباما داوای تەرخانکردنی پێنج ملیار و 600 ملیۆن دۆلاری بۆ شەڕی داعش کردووە و زۆربەی ئەم بڕە پارەیەش بۆ تێچووی لۆجیستی ڕاهێنەران و گواستنەوەی سەربازان و دامەزراندنی بنکە و جێگەی حەوانەوەیە. هەروەها بۆ پێدانی چەک و تەقەمەنی بە سوپای عێراق و پێشمەرگە و ڕاهێنانیانە.

سەنتەری هەڵسەنگاندنی ستراتیژ و بودجە (CSBA) لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا سێ سیناریۆی داناوە بۆ تەخمینکردنی بودجەی تێچووی شەڕی داعش بۆ حکومەتی ئەمریکی کە بریتین لەمانە:

1. تێچووی مانگانە: 200 تا 320 ملیۆن دۆلار بە بوونی 2000 سەرباز و بەو مەرجەی هێرشە ئاسمانییەکانیش خەست نەبن. واتە تێچووی ساڵانە دەگاتە نێوان 4.2 تاوەکو 8.3 ملیار دۆلار.

2. تێچووی مانگانە: 350 تاوەکو 570 ملیۆن دۆلار بە بوونی 5 هەزار سەرباز و بەو مەرجەی هێرشە ئاسمانییەکانیش خەست بن. واتە تێچووی ساڵانە لە نێوان 4.2 تاوەکو 8.6 ملیار دۆلار.

3. تێچووی مانگانە: 1100 تاوەکو 1800 ملیۆن دۆلار بە بوونی 25 هەزار سەرباز و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی زۆر فراوانتر. واتە تێچووی ساڵانە لە نێوان 13 تاوەکو 22 ملیار دۆلار.

هۆکاری نەبوونی بەرچاوڕوونی لە تێچووەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری ستراتیژی و تاکتیکی، یەکەمیان ئەوەیە ئایا ئەمریکا دوای لەناوبردنی داعش دەیەوێت لە سووریا و عێراق چی ڕووبدات؟ دووەمیان ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا دوای لەناوبردنی داعش چی دەکەوێتە سەرشان و چەندی کات پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. شایانی باسە کە داعش ڕۆڵی سەرەکی لە هەردوو فاکتەر و لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا هەیە.

## بنکە سەربازییەکان:

سەنتەری سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنی بەغدا یەکێکە لە بنکە سەرەکییەکانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی عێراقی و ئەمریکی. لەم بنکەیە، ڕاوێژکارە سەربازییە ئەمریکییەکان و سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنی بەغدا ئیدارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش دەکەن. ئەم بنکەیە لە بەغدایە و سەنتەری بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دەورووبەری بەغدا و فەلوجە و تکریت و سامەڕا و بابل دەکەن. شەڕەکانی بێجی و جورف ئەلسەخر لەم بنکەیە کۆنترۆڵ دەکرا.

بەهەمان شێواز، بنکەیەکی بڕیاردان و کۆنترۆڵکردن لە هەولێر هەیە کە سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکانی دەڤەری مەخموور و مووسڵ و کەرکووک دەکات. ئەم دوو بنکەیە سەرەکین بۆ کارکردنی ئەمریکییەکان و سوپای عێراقی. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووش، تیمێکی سەربازیی ئەمریکی سەردانی ئەنباری کردووە و چوونەتە بنکەی سەربازیی (الاسد) بۆ هەڵسەنگاندنی بنکەکە بۆ مەشقپێکردنی سەربازی عێراقی و هێزە چەکدارەکانی عەشایەری ناوچەکە.

## کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکان:

لەو کاتەی کە خەڵکێکی زۆر ڕەخنەیان لە ستراتیژی هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا دەگرت، بەڵام ئەنجامەکانی تا ئەم ساتە کاریگەری زۆریان هەبووە و ئەنجامی باشیان لێکەوتووەتەوە، لەوانە:

– وەستاندنی هێرشەکانی داعش بۆ پێشڕەویکردن لە عێراق و سووریا و داگیرکردنی خاکی زیاتر.

– هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ڕزگارکردنی چەندین ناوچەی گرنگی وەک بەنداوی مووسڵ و جورف ئەلسەخر و مەخموور و ئامرلی و بێجی و هتد...

– لێدانی بنکە سەربازییەکانی داعش و تێکشکاندنی تۆپ و تانکەکانیان.

– لێدانی سەرکردەکانی داعش و لێدانی کەژاوەی ئۆتۆمبێلی بەرپرسە بەرزەکانیان.

– کەمکردنەوەی سەرچاوەی پارە پەیداکردن وەک بیرە نەوتەکان و مەسفاکانی نەوت لە سووریا و عێراق.

– بەرزکردنەوەی وەرەی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شەڕەکانی دژ بە داعش.

## شەڕێکی درێژ خایەن:

لە دەستپێکی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوە، چەندین کاربەدەستی ئەمریکی بانگەوازی شەڕێکی درێژخایەنیان لە دژی داعش ڕاگەیاند، جەنەڕاڵ ڕێی ئۆدێرنۆ، سوپاسالاری ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ (سی ئێن ئێن) گوتی "کاریگەری هێرشی ئاسمانی سنووردارە و دەبێت هێزەکانی سەر ئەرز لە سوپای عێراق و پێشمەرگە ئەرکی لەناوبردنی داعش بگرنە ئەستۆ. بەڕای ئۆدێرنۆ، لەناوبردنی داعش چەندین ساڵ دەخایەنێ و باسی هێزی سەربازی ئەمریکیش دەکات و دەڵێت "دوای هەڵسەنگاندنی هێرشەکان، ئەگەر بینیمان سوودی نییە، ئەوە دەبێت ئەوکات بڕیار بدەین کە ئایا ئەوەندە دەهێنێت سوپای زیاتر بنێرین".

کاریگەری هێرشی ئاسمانی وردە وردە کەمتر دەبێتەوە کاتێک تیرۆریستان واز لە هێرشکردن دێنن و دەکەونە بەرگری و خۆیان لەناو ماڵان لە شارو شارۆچکەکان دەشارنەوە. خۆ ئەگەر سوپای عێراق و پێشمەرگە نەتوانن شەڕی تیرۆر ببەنەوە، ئەوە ئەگەری هاتنی سوپای ئەمریکی و وڵاتانی هاوپەیمانی تر زیاتر دەبێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەرۆک ئۆباما لەیەکەم ڕۆژەوە باسی نەناردنی سوپای کردووە و بە شێوازێکی یەکلاکەرەوە بڕیاری داوە کە نیازی نییە هێزی سەربازی بنێرێت بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، بەڵام لەپاش ناردنی 275 ڕاوێژکاری سەربازی، ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە 3100 ڕاوێژکار و ڕەنگە ژمارەکان زیاتریش ببن.

## پوختە:

ئەمریکا هەموو ئامرازێک و بودجەیەک تەرخان دەکات بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و بەنیازە بەهەموو هێزێکەوە کاریگەری خۆی بپارێزێت لە ناوچەکەدا. بۆیە سەرۆک ئۆباما ناچار بوو ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەوەی بگۆڕێت و هەزاران سەربازی ئەمریکی لە ژێر ناوی ڕاوێژکار بنێرێتەوە عێراق.

ئەمریکا دیارە کە بە نیازە ماوەیەکی درێژ لە ناوچەکە بمێنێتەوە و پلانی داهاتووی جێبەجێ بکات. زۆر لە چاودێران بڕوایان وایە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمریکا ڕەنگە ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لەم گۆڕانکارییە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەرزی واقیع ئامادەیی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو جۆرە بودجەیەک تەرخان دەکات و هەموو ڕێکارێک دەگرێتە بەر.



مەجید نیزامەدین گلی

# بەهاری 2015 و هەڕەشە گەورەکەی دوای داعش

بە گوێرەی بەرپرسانی ئەمریکی، پلانێک هەیە بۆ دەرکردنی داعش لە مووسڵ و ئەنبار و بەهاری 2015 بەرواری جێبەجێکردنیەتی. لە کاتێکدا ئامانجی ئەم پلانە لە بەرژەوەندیی کوردە، پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پلانەکە لەوانەیە ببێتە هەڕەشەیەکی ستراتیژی بۆ سەقامگیری کوردستان و بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ماددەی 140.

## ویستی سیاسی بێ ئامادەیی سەربازی

تاکو ئێستا ئەمریکا تەنیا بڕیاری ناردنی 3014 کارمەند و سەربازی داوە بۆ عێراق. بابڵێین ئۆباما زیاتر گوێ بۆ ڕاوێژکارانی سەربازی شل دەکات و 3500ی دیکەش دەنێرێت بۆ ڕاهێنانی سوپای عێراق، هێشتا مەحاڵە سوپای عێراق بتوانێت لە بەهاری 2015 شەڕی مووسڵ بکات. بەگوێرەی عەبدولقادر عوبەیدی وەزیری بەرگریی پێشووی عێراق و چەند بەرپرسێکی ئەمریکی کە بۆ میدیای ئەمریکی قسەیان کردووە، ئەمریکا ناتوانێت لەم ماوە کورتە لە 24 هەزار سەربازی عێراقی و پێشمەرکە زیاتر ئامادە بکات بۆ شەڕی بەهاری 2015. شارەزایانی سەربازی بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)یان گوتووە کە لانیکەم 12 هەزار سەربازی عێراقی مەشقپێکراوی زیاتر پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. بەڵام ئۆباما لەوە ناچێت گوێ لەم قسانە بگرێت و پێدەچێت ویستێکی سیاسی لە کۆشکی سپی هەبێت کە بێ ئەوەی سەربازی زۆر بنێرن بۆ عێراق شەڕی بەهاری 2015 ئەنجام بدەن. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە لەوانەیە ببێتە کێشە بۆ کورد.

بەهۆی کەمیی ژمارەی سەربازانی ئەمریکا و لاوازیی سوپای عێراق، ئەگەرێکی زۆر هەیە ئیدارەی ئۆباما (کە بەدوای سەرکەوتنێکی خێرادا دەگەڕێت لە عێراق وەکو لە بابەتێکی ڕۆژی 9\11\2014 لە پۆرتاڵی ڕووداو باسم کرد) ناچاربێت چەکی قورس بداتە میلیشیا سوننەکان بۆئەوەی یارمەتی سوپای عێراق بدەن لە شەڕەکە. لە بەرامبەردا، ئەمە پاڵ بە حکومەتی زۆرینە شیعەی بەغداوە دەنێت پارە و چەکی قورسی زیاتر بە میلیشیا شیعەکان بدات لە ترسی ئەو هێزە سوننیانەی کە ئەمریکا لەوانەیە چەکی قورسی دژە تانکیان پێبدات. ئەمە یەکەمجار نابێ کە ئەمریکا بە پێچەوانەی ویستی بەغداوە چەک و پارە بە هێزە سوننییەکان بدات. لە ساڵانی 2007 و 2008 ئەمریکا بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی نوری مالیکی پشتگیری سەربازی و دارایی ڕاستەوخۆی بۆ سەحوەکانی ئەنبار نارد. هەروەها بۆ ئیدارەی ئۆباما ناردنی چەکی دژە تانک بۆ هێزە سوننیەکان شتێکی تازە نابێت. ئەوە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت چەکی دژە تانکی ئەمریکی لە دەست هێزە سوننیەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری دەبینرێت و بەهۆی ئەو چەکانەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە باکووری ڕۆژئاوا و باشووری سووریا تارادەیەکی باش بەرەنگاری داعش و ڕژێمی ئەسەد دەبنەوە. دەنگی بەهێز و بەرز هەیە لە واشنتن کە داوای دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆ دەکات لەگەڵ سوننەکانی عێراق. سەرئەنجام سیاسەتی ناردنی چەکی قورسی ئەمریکی بۆ سوننە ئەوەیە کە ناوچە سوننەکانی عێراق و کەرکوک و مووسڵ پڕ دەبێت لە میلیشیای خاوەن چەکی قورسی دژە تانک و دوور نییە ڕۆژێک لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە پێشمەرگە بکەن.

## بیرکردنەوەی درێژخایەن پێویستە


بڕیاردەرانی کورد پێویستە ڕێگە لەم سیناریۆیە بگرن و وا بیرنەکەنەوە کە کابرایەکی سوننی لە ئەنبار ئەگەر چەکی دژە تانکی لەدەست بێت نابێتە هەڕەشە بۆ تانکێکی پێشمەرگە لە کەرکووک. ئەوەی ئەمڕۆ لە مووسڵ و ئەنبار و شاری ڕەقەی سووریاش ڕوودەدات لەوانەیە سبەینێ ببێتە هەڕەشە بۆ هەولێر و سلێمانی. ئەمە گرنگترین وانەی شەڕی داعشە بۆ کورد. ڕاستیە تاڵەکە ئەوەیە کە کوردستان دراوسێی گەورەترین شەڕی ناوخۆیە لە جیهاندا و سەرکردەکانی ئیتر نابێت وەکو هەرێمێک بیر لە باشووری کوردستان بکەنەوە کە سەقامگیریی درێژخایەنی دەبێت تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە زامن بکرێت. ئەمریکیەکان دێنە هانامان، بەڵام تەنیا کاتێک کە هەڕەشەکە دەگاتە سنوورەکانی هەولێر. سنووری بەرژەوەندیەکانی کورد زۆر لە هەولێر فراوانترە. ئێستا باشووری کوردستان هێزێکی نێودەوڵەتییە و جیهان باس لەو 45 ملیار بەرمیل نەوتە دەکات کە لەژێر خاکەکەیەتی. پێویستە حکومەتی باشووری کوردستان وەکو دەوڵەت ڕەفتار بکات و ئاگاداربێت لەو هەڕەشانەی کە لە پشت ناوچە کوردنشینەکانی عێراق و سووریاوە خەریکە دروست دەبن.

***

ئەزموونی شەڕی داعش ئەوە دەسەلمێنێ کە هاوسنووری لەگەڵ هێزی ناحکومی خاوەن چەکی قورس هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ پێشمەرگە و سەقامگیری باشووری کوردستان و ناوچە سوننییەکانی عێراقیش. بۆ باشووری کوردستان، میلیشیای خاوەن چەکی قورس دەبێتە دراوسێیەکی خەتەرتر لە سوپای عێراق. سەرکردەی هەر میلیشیایەک، جا شیعی بێت یان سوننی، وەکو حکومەتی عێراق پەیوەندی دیبلۆماسی و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی نییە کە ڕێگەی نەدات لەناکاو پەلاماری پێشمەرگە بدات. لەڕاستیدا نەبوونی ئیلتزامی نێودەوڵەتی یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی میلیشیاکان کە بەغدا لە شەڕی دژە داعش بەکاریاندێنێ. مەبەست لێرە ئەوە نییە کە گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچەکانی ماددەی 140 لە بەرژەوەندیی کوردە. بە گشتی، بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە کە جگە لە پێشمەرگە هیچ هێزێکی خاوەن چەکی قورس لە ناوچەکانی ماددەی 140 نەبێت. جا ئەو هێزە میلیشیا بێت، سوپای عێراق بێت، یان هێزە ئەمنیەکانی سەر بە پارێزگاکانی مووسڵ و کەرکووک و دیالە و تکریت.

لەلایەکی دیکەوە، بوونی میلیشیای سوننی بێ چەکی قورس لە بەرژەوەندیی کوردە. بوونی میلیشیای سوننی لە داهاتوودا گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچەکانی ماددەی 140 قورستر دەکات و کورد دەبێت پشتگیری سوننە بکات کە چەکی مامناوەند و سووکیان پێبدرێت بۆ پاراستنی ناوچەکانیان. کێشەکە لە بوونی میلیشیاکان نییە، بەڵکو لەو جۆرە چەکەیە کە لەوانەیە بەهۆی زەروورەتی شەڕی داعشەوە بدرێتە دەستیان. بوونی چەکی قورس و دژە تانک، میلیشیاکان دەکاتە هێزێکی سەربازیی تارادەیەک یەکسان لەگەڵ پێشمەرگە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ماددەی 140. گرنگ ئەوەیە لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ شەڕی بەهاری 2015، ئەمریکا چەکی قورس بە میلیشیا سوننەکان نەدات. ئەمەش پێویستە یەکێک بێت لە ئامانجەکانی کورد لە بەغدا و واشنتن.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرک.**



ئەمانوێل نافۆن*

# هەژموونی ڕوو لە هەڵکشانی ئێران لەسەر ناوچەکە

ئێران حاڵی حازر چوار پایتەختی عەرەبیی کۆنترۆڵ کردووە، لەگەڵ پێشکەوتنیشی لەبواری ئەتۆمی، بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە گەورەترین هێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی دەستووریی حکومەتی نوێی یەمەن لە 9/11/2014، بەمانای ڕەوینەوەی ئەو ڕاپەڕینە شیعییە نایەت کە لەو وڵاتەدا بە پشتیوانیی ئێران بەرپا بووە. مانگی ئەیلولی ڕابردوو، شۆڕشگێڕانی شیعە کە بە (حوسیەکان) ناسراون، دەستیان بەسەر سەنعای پایتەخت و بەندەری (حەدیدە)دا گرت کە دەڕوانێتە سەر دەریای سوور و دووەم گەورەترین بەندەری یەمەنە لەدوای بەندەری عەدەن.

ئامانجی دەستبەجێی ئێران لەوە دەستگرتنی هاوپەیمانە شیعەکانیەتی بەسەر تەنگەی بابولمەندەب کە دەروازەی ستراتیژیی نێوان دەریای سوور و ئۆقیانووسی هیندییە. ستراتیژی بەرفراوانتری ئێران بریتییە لە گەمارۆدانی عەرەبستانی سعودی.

عەلی ئەکبەر ولایەتی، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران و ڕاوێژکاری ئێستای عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی خۆی گوتی کە پلانەکەی ئەوەیە حوسیەکانی یەمەن وەک حیزبوڵڵای لوبنان لێبکات. واتە گرووپێکی شیعی دەست بەسەر جومگەکانی دەوڵەتێکی عەرەبیدا بگرێ. عەلی ڕەزا زاکانی، پەرلەمانتاری ئێرانی کە یەکێکە لە نزیکەکانی خامنەیی، ڕۆشنتر قسەی کردو گوتی لەگەڵ کەوتنی سەنعا، ئێستا چوار پایتەختی عەرەبی لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتەکەیدان: بەغدا، دیمەشق، بەیروت و ئێستاش سەنعا. ڕاستە بەغدا و دیمەشق لەم کاتەدا لەژێر هەڕەشەی داعشدان، بەڵام هێزی فەیلەقی قودس تائێستا نەیهێشتووە بەغدا بکەوێ و لە سووریاش بەشار ئەسەد لەسایەی پشتیوانییەکانی ئێراندا تائێستا خۆی لەسەر حوکم ڕاگرتووە.

بەهۆی لوبنان و سووریا و عێراق لە باکوورەوە و یەمەن لە باشوور، خەریکە گەمارۆی ئێرانی لەدەوری سعودیە توندتر دەبێت. ئامانجی داهاتووش بۆ ئێران بەحرەینە. ڕۆژنامەی کەیهانی ئێرانی کە لە عەلی خامنەیی نزیکە، بەم دواییە نووسیبووی کە بنەماڵەی ئال سعود دەڕووخێ و ئەو دەوڵەتە سوننیە توانای خۆڕاگرتنی نابێ لەبەردەم شۆڕشی حوسیەکانی یەمەن. ڕۆژنامەوانی ئێرانی محەممەد سدیق حوسەینی لە کەناڵی (میادین)ەوە گوتی کە سعودیە بریتییە لە خێڵێک و بەرەو لەناوچوون دەڕوا و لەو ساتەی کە ئێران دەست بەسەر تەنگەی بابولمەندەبدا دەگرێ، ئیدی ڕێی ئیسرائیل بەرەو ئۆقیانووسی هیندی دەبڕێ. کۆنترۆڵکردنی ئەو تەنگەبەرە لەلایەن ئێرانەوە ئاستەنگی زۆر بۆ ئیسرائیل دەنێتەوە و ئیدی ناتوانێ ڕێ لەو کەشتیانە بگرێ کە چەکی ئێرانی بە دەریای سووردا بۆ کەرتی غەززە دەگوازنەوە.

تاوەکو دەیەیەک لەمەوبەر ئێران لە حاڵەتی بەرگریدا بوو. لە هەردوولای عێراق و ئەفغانستانەوە بە سەربازی ئەمریکی دەورە درابوو. هەر لەژێر گوشاری ئەمریکادا بەشار ئەسەد ناچار بوو سوپای سووریا لە لوبنان بکێشێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە ئێران لە حاڵەتی هێرشکردندایە. تەنانەت لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بانگهێشتکراوە بۆ جەنگی دژی داعش. لەوساتەی کە ئێران دەبێتە "دەوڵەتێکی نیمچە ئەتۆمی" لەسایەی ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دانوستاندنی لەسەر دەکات، دەبێتە کاریگەرترین و بەهێزترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێرانی ئەتۆمی یان نیمچە ئەتۆمی هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ کە هەژموونی خۆی بسەپێنێتە سەر هەردوو تەنگەی ستراتیژیی هورمز و بابولمەندەب.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو، بۆمان دەردەکەوێ ئێران سوودمەندی هەرە گەورەی ئەو "بەهاری عەرەبی"یە بووە کە بە هەڵە ناونرا. داڕمانی ئەو ڕژێمە عەرەبیانەی لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی دەکران و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق بۆشاییەکی خولقاند کە لەلایەن ئێرانەوە بە حەماسەتێکی زۆرەوە پڕکرایەوە. بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی داعش، ئێرانی زۆر بە خێرایی لە پێگەی گەورەترین دوژمنی ئەمریکاوە گواستەوە بۆ هاوبەشێک کە ناکرێ بەلاوەبنرێ. لە واقیعدا، تاپێک لە سیاسەتی ئەمریکی هەیە کە بە ئاراستەیەکی پێچەوانە خزمەتی بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی ئێران دەکەن. بۆنموونە ڕووخاندنی ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان لەساڵی 2001 و ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لە بەغدا لە 2003. ئێستاش ولایەتە یەکگرتووەکان لە دانوستاندنی ئەتۆمیدا بۆئەوەی هاوکاریی ئێران لەجەنگی دژی داعشدا زامن بکات، ڕێگەی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنی گرتووە.

لە بەرامبەردا، ئێستا ئێران هەتادێ ئازادانەتر باسی ئامانجەکانی دەکات. شانازی بەوەوە دەکات کە دەستی بەسەر چوار پایتەختی عەرەبیدا گرتووە و ڕاشکاوانە دەڵێ کە هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئال سعود دەدات. دان بەوەشدا دەنێ کە خەریکی دەستگرتنە بەسەر دوو تەنگەبەری ستراتیژی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەب.

ئەوەی تایبەت بێت بە ئیسرائیلیش، خامنەیی بەم دواییە لە تویتێکیدا لەسەر تۆڕی تویتەر باسی پلانێکی 9 قۆناغیی کرد بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل. جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەو لێدوانەی لەبارەی لەناوبردنی ئیسرائیل پرۆتێستۆ کرد و وەها وەسفی کرد کە "قابیلی قبوڵکردن نییە و مرۆڤ شۆک دەکات". سەرەڕای ئەوەش ئیدارەی ئۆباما داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکات لەجەنگی دژی داعشدا هاوکاری بکات.

ئەوە هەمان ئیدارەی ئۆبامایە کە لەگەڵ ئێرانی بندەستی خامنەیی خەریکی دانوستاندنە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەربارەی دۆسیە ئەتۆمیەکەی. ڕێککەوتنێک کە ئێران تەنیا لەدووریی 6 تاوەکو 18 مانگ لە توانای بەرهەمهێنانی کەرەستەی پێویستی بۆمبی ئەتۆمی ڕادەگرێ.

پێشڕەویی حوسیەکان لە یەمەن دەبێ لە سیاقێکی فراوانتردا دابنرێ. ئێران لە ململانێی شیعە- سوننەدا بەرەو سەرکەوتن دەچێ. ئەگەر ڕێککەوتنی چاوەڕوانکراوی نێوان تاران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەلی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بداتە کۆماری ئیسلامی لەماوەی ساڵێکدا، ئەوا ئیدی ڕاگرتنی هەژموونی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەتوانای کەسدا نابێ.

***سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لە کۆلێژی ئەرتۆدۆکسی لە قودس و مامۆستای پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆی تەل ئەڤیڤ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی I24News**



گۆران محەممەد

# عەرەب عەرەبانە

خوانەکا تەرەقەیەک بتەقێ، ئیتر زۆربەی عەوامی فەیسبووکنشین، دەست بە هەڵمەتی دەرکردنی عەرەب لە شارەکانی کوردستان دەکەن.

بەینی خۆمان نەبێ بەندە هیچ کەیفی بە عەرەب نایەت، بەڵام دەرکردنی کەس لە هیچ شوێنێک بە باش نازانم، ئاخر کام شاری دونیا هەموو خەڵکەکەی یەک رەنگن؟ کام میللەتی دونیا داوای کردووە کەسی دیکە لەناویاندا نەژی، کورد نەبێ؟

ئاخر ئەم داوایەی کوردی فەیسبووکنشینی خۆبەپێشکەوتووزان دەیکات، خەڵکی عەرەبستانی سعودی، لیبیا و یەمەن نەیانکردووە.

بابایەک پۆستێک دەکات و دەڵێ: دەبێ عەرەب کۆبکرێنەوە و لە کەمپدا دابنرێن، ئەمە دروست ئەو کارەبوو کە هیتلەر بە جووی دەکرد، شەرم دەکەم سەر بە نەتەوەیەک بم، هیتلەرانە بیربکاتەوە، ئاخر هیچ دوور نییە، خشتەی داواکارییەکان بە لەکەمپنان دەستپێبکات و دواتر بگاتە ئەو ئاستەی عەرەب لە فرنڕدا بتوێنینەوە و بیانکەین بە سابوون.


تایفەگەری و نەتەوەگەریی عێراق و دوژمنایەتی حوکمی عەرەب بەرامبەر بە کورد شتێکە، دژایەتیکردنی کەسێک کە لە مۆڵێکدا دەسووڕێتەوە و لەبەرئەوەی عەرەبە شتێکی دیکەیە و مایەی شەرمەزارییە، ئاخر ئەوە راسیزمی کورد نەبوو، رووی پشتگیریی دونیای بەرەو کورد گۆڕی، بەشێکی دیاری ئەو پشتگیرییە، جێبوونەوەی هەموو جۆرە کەسێک بوو لە کوردستاندا، بەشێکی ئەو پشتگیرییە، باوەشکردنەوەی کوردستان بوو بۆ هەموو جۆرە ئاوارەیەکی دەستی داعش.

کورد وا قسە دەکەن، وەک بڵێی تەنیا عەرەب داعشن، خۆ قسە هەیە ئەوەی لەبەردەم پارێزگای هەولێر خۆی تەقاندووەتەوە کورد بێ، سەرلەشکری هێرشی تیرۆریستان بۆسەر کۆبانێ نازناوی ئەلکوردییە، ئەم سەیارانەی دەتەقێنرێنەوە ئەگەر کورد داڵدەیان نەدا، نەیانحەوێنێتەوە، خۆ لە ئاسمانەوە دانابەزن. ژمارە مەزەندەکراوەکانی کوردی ناو داعش، کەمترینیان، ترسناکە، ئەی بەرامبەر کەسوکاری ئەو داعشە کوردانە چی بکەین؟

هاووڵاتیانی دوبەی، ئەوانەی بەرەگەز ئیماراتین، تەنیا حەڤدە لەسەتن، هیندستانی پەنجاو سێ لە سەت، سێ لە سەتەکەی دیکەش، پاکستانی، بەنگەلادیشی، فلیپینی و هی دیکەن، یانی ئەگەر نائیماراتییەکانی دوبەی، بڕیار بدەن دوبەی داگیر بکەن، هەر بە قەپاڵ دەیگرن، ئەوە عاقڵمەندانی ئیماراتی بوون، دوبەیان کردە قیبلەنومایەک بۆ خۆشگوزەرانی، نەک راسیستەکانی.

وەنەبێ ئەوانەی لە فەیسبووکدا داوای دەرکردنی عەرەب دەکەن گەلێک نەتەوەیی بن، ئاخر زۆربەیان بەدیار بەرنامەی عەرەب ئایدۆڵەوە، ئەو پۆستانە دەکەن.

ئەوە جێی مەترسی نییە بە عەرەبانە، عەرەب بێنە کوردستان، ئەوەی جێی مەترسییە، هەرزە بیرکردنەوەی عەوامی فەیسبووکنشینە کە هەر شایەنی لەکەمپکردنن بە عەرەبانە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەستوور بۆ بارزانی یان بۆ کوردستان؟

دیسان مەسەلەی دەستوور و مانەوەی بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە رۆژەڤەکانی کوردستان. بارزانی بە دانیشتنی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و تەرحکردنی بابەتی پێداچوونەوە بە دەستوور، بەرەی لەژێر پێی یەکێتی دەرهێنا کە حیساباتی خۆیان لەگەڵ پارتیدا بەستبووەوە بەوەی کاتێک وادەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت، تەسفیە حیسابی خۆیان لەگەڵ پارتی بکەن، چونکە پارتی بزووتنەوەی گۆڕانی وەک شەریکی یەکەمی دەسەڵات هەڵبژارد.

یەکێتی لە 30ی حوزەیرانی 2013 بەردێکی وای فڕێدایە ناو گۆمەکەوە کە وای دانابوو بە کەس نەیەتە دەرەوە و کەسیش چارەی پێ نەمێنێ، بەڵام غافڵ لەوەی کە قەیران کاتێک روودەدات بارزانی ئامادە نەبێت جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە. لە 30ی حوزەیرانی 2013 هەمان شت روویدا کە بڕیار وایە لە 19ی ئابی 2015 رووبدات. یەکێتی ئەوکات باش دەیزانی کە نە خۆیان و نە گۆڕان توانای ئەوەیان نییە جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا کەسێک بەرامبەر بارزانی قوت بکەنەوە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی باری شڵەژاوی ناوخۆییان کە سەرچاوەی لە نەخۆشیی تاڵەبانییەوە گرتبوو، تێزی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان بۆ دوو ساڵ و یەکجار فڕێ دا و جێبەجێیان کرد. ئەوە پتر لەوەی دەربازکردنی پارتی بێت لە قەیران، رزگارکردنی خۆیان بوو.

ئەو تێزەی یەکێتی جگە لە بێبەهاکردنی دەستووری کوردستان و چارەسەرێکی تاکتیکی هیچی دیکەی تێدا بەدی نەدەکرا. چونکە یەکێتی باش دەیزانی شەریکە کۆنەکەی لە حکومەتدا باوەڕی بە گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان نییە و مەعقولیش نییە دەستووری وڵاتێک کە دەیەوێ ببێتە خاوەن سەروەریی خۆی، لە یەک ماددەدا کە ئەویش ماددەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە کورت بکرێتەوە، بۆیە باش دەیزانی کە رەنگبێ ئەو درێژکردنەوەیە لەلایەن هەوادارانییەوە، وەک خاڵێکی نەرێنی لەدژی بەکاربهێنرێت و دەنگی پێ لە کورتی بدات، بەڵام وای دانابوو کە لەلایەک پاداشتی ئەو درێژکردنەوەیە لە پارتی وەربگرێت وەک هەڵبژاردنەکانی رابردوو، لەلایەکی دیکەشەوە وا بکات کە نە شیش بسووتێ نە کەباب! نە ریفراندۆم بۆ دەستوور بکرێت و نە بارزانیش ماوەکەی کۆتایی بێت. بەڵام ئەو تیر و دوو نیشانەی یەکێتی ئەوکاتە بەرەورووی گەورەترین تەحەددا دەبێتەوە کە بارزانی نەیەوێ جارێکی دیکە بەو سیفەتەوە لە کوردستان حوکم بکاتەوە. ئەوکاتە یەکسانکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تێکڕای دەستوور و ئەو جۆرە مامەڵەیە باجەکەی قورس دەبێ.

چونکە ئەمڕۆ لە نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا کەسایەتییەکی سیاسی وا نییە کە بچێتە بن باری ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە، ئەوە تەبرير هێنانەوە بۆ مانەوەی بارزانی نییە، چونکە پێموانییە بارزانی پێویستی بەوە هەبێت، بەڵام کوردستان پێویستی بە دەستوور هەیە. کاتێک دوای دوو ساڵ لە غیابی تاڵەبانی یەکێتی نەتوانێ دەمڕاستێکی هەبێت و مەکتەب سیاسی بەیاننامە دەربکات و جێگری سکرتێری گشتی رەتیبکاتەوە، بۆ دیاریکردنی جێگری سەرۆکی حکومەت تووشی قەیران بن! بۆ دۆزینەوەی ئاڵتەرناتیڤی بارزانی و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی چاوەڕێی چی دەکرێت؟ ئەو حیزبانەی داوای گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی دەکەن، هێشتا سیستەمی حوکمڕانیی خۆیان پێ نەگۆڕاوە کەچی داوای گۆڕینی تێکڕای سیستەمی حوکمڕانیی کوردستان دەکەن!

تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان قابیلیەتی مانۆڕ و دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لە کاروباری ناوخۆی حیزبەکانی کوردستان سنووردار دەکات و لانیکەم ئەوە دەچەسپێنێ کە کێ بیەوێ ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێ دوو خول سەرۆک بێت، جا چ لە لایەن خەڵکەوە بێت یان پەرلەمان. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو بازە لەسەر حیسابی ئایندەی کوردستان نەبێت. مانەوەی کوردستان بەو حاڵە پتر لەوەی لە قازانجی نەیارانی پارتی بێت لە زەرەریانە، بێ دەستووری بارزانی دەکات بە سەرۆکی هەتا هەتایی، چونکە کوردستان هێشتا زۆری ماوە لیدەرێکی ژمارە یەکی تێدا دروست بێت و کوردستانیش لە بوونی دەستوور مەحروم دەکات. با دەستوورمان هەبێ و کێشە نییە ئەگەر تا هەشت ساڵی دیکەش بارزانی سەرۆک بێت. بەس خۆزگە کێشە بەس سەرۆکایەتیی بارزانی بووایە، خۆزگە کێشە لە لێپرسینەوە بایە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان! بە دەردی عارف قوربانی دەڵێ: پەرلەمان تا ئێستا توانیویەتی لە کێ بپێچێتەوە تا لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا بکات!



د. هیوا حاجی

# دەرفەتێک بۆ چاکسازی

بە هۆکاری جیاواز، لەماوەی زیاتر لە بیست ساڵی رابردوودا، هەرگیز نەتوانراوە سیاسەتێکی روون بۆ پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بهێنرێتەکایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەو راستیەی کە گرفتە ئیداری و کێشەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزارییەکان و گەندەڵی و بێکاری لە ئاستی مەترسیداردا بوون. یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکان هەمیشە بریتی بووە لە ململانێی حیزبی و باڵادەستیی فەلسەفەی موشتەریگەرایی سیاسی لە هەرێمدا. بۆ وێنە هەرگیز یەکێک لە دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان (تا بەر لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان) نەیانتوانیوە بیر لە سزادانی چەند کەسێک بکەنەوە یان رێوشوێنێکی توند لە ئاست بابەتێکی دیاریکراودا بگرنەبەر لە ترسی ئەوەی سزادراوان دەستبەجێ دەتۆرێن و رەنگە روو لە پارتە موناڤیسەکە بکەن. هاوشان لەگەڵ ئەوەدا، بەموشتەریکردنی دەنگدەران لە رێگەی دامەزراندن و خانەنشینکردنیان بە پلەی مەدەنی و سەربازی و بەخشینی ئیمتیازاتی جۆراوجۆر گیراوەتەبەر. ئێستا دەرکەوتەکانی ئەو شێوازە لە بەڕێوەبردن و سیاسەتکردن وا دەردەکەوێت. بۆ نموونە باس لە ژمارەی سەد هەزار "بن دیوار" دەکرێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لێشاوی لیستی سەدان و هەزاران کەس بڵاودەکرێتەوە کە بە پلەی جیاواز خانەنشینکراون. ئەوەی جێی سەرنجە هیچ کەس و لایەنێک، نە لەناو حکومەت و نە لە دەرەوەشی، نکۆڵی لەو دیاردانە ناکەن.

بێگومان ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لە تەنیشت لایەنە گەشەکان و لایەنە تاریکەکانیدا، موشتەریگەرایی سیاسی دیوێکی تاریکی ئەم ئەزموونە بووە. ئەوەی جێی مەترسی و داخە، خەڵکێکی یەکجار زۆری کۆمەڵگاش لەم مەسەلەیەوە گلاون. هەر بۆنموونە باسکردنی 100 هەزار "بن دیوار" واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەلای کەمەوە 100 هەزار خێزان یان 100 هەزار کەس، لە هەرێمێکی ئەوەندە بچووکدا، بە رادەیەکی کەم یان زۆر، بەردەوامیی ژیانیان کەوتووەتە سەر مووچەیەک کە لەبری هیچ نەکردن وەریدەگرن. ئەمە بۆ توێژە جیاوازەکانی تری وەک خانەنشین و معەوەمەکانیش راستە.

ئەمە لایەکی بابەتەکەیە. لایەکەی تری ئەوەیە کە لە کاتی ئێستادا کابینەیەکی حکومیی بنکە فراوان یان حکومەتێکی بێ ئۆپۆزسیۆنمان هەیە. پرسیار ئەوەیە، ئایا حکومەت لە ئێستادا دەتوانێ هەنگاوی گرنگ هەڵگرێت بۆ بەدیهێنانی هەندێ چاکسازیی بەرچاو لە ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا؟ پرسیاری من ئەوە نییە کە ئایا حکومەت دەیەوێ ئەوە بکات یان نا. ئەم پرسیارە پەیوەندیدارە بە نیەت و ئیرادە کە ئەویش گرنگیی ئێجگار زۆری هەیە، بەڵام لە هەر حاڵدا، ئەمە مەسەلەیەکی ترە. قسەی ئێمە لەسەر دەرفەت و زەمینەی ئێستایە. تا چەند حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان دەرفەتی لەبەردەمە بۆ ئەنجامدانی هەندێ چاکسازیی گرنگ؟

لەم بارودۆخەدا دەبێ دوو مەسەلەی گرنگ لەبەرچاو بگیرێ: یەکەم، ئەمە رەنگە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم بێت کە هەموو لایەنە سیاسییە سەرەکیەکانی کوردستان تێیدا بەشدارن. ئەم حکومەتە حکومەتێکی بێ ئۆپۆزسیۆنە، یان لانیکەم، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی لەبەردەمدا نییە. دووەم، ئەم کابینەیە لە هەلومەرجێکی نموونەییدا نەهاتووەتەکایەوە. هەر زۆر زوو کابینەکە لەلایەک تووشی قەیرانی دارایی و لەلایەکی تریش رووبەڕووی جەنگ بووەوە و کێشەکانی پێشووشی هێشتا گەورەتربوون.

بە تێگەیشتنی ئێمە، هەر دوو مەسەلەی سەرەوە، سەرەڕای لایەنە نێگەتیڤەکانیان، بە دیوێکدا رەنگە یارمەتیدەر بن بۆ کابینەی ئێستا ئەگەر بیەوێ هەندێ چاکسازی بکا. بەشی زۆری توێژەرانی دیمۆکراسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە زۆرجار کابینەی بنکە فراوان، بەسروشتی خۆی، زۆر (واتە هەمووان یان هەرنەبێ ئەوانەی دەنگی زۆریان هەیە) دیمۆکراتیک نییە، چونکە بەسادەیی، حکومەتی بێ ئۆپۆزسیۆن حکومەتێکی بێ چاودێری رەخنەگرە. ئەمە بۆ کوردستان راستی زیاتری تێدایە بەتایبەتی بەهۆی ناچالاکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لەم دواییانەدا. سەرەڕای ئەم راستیەش، پێکهاتەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان چانسی ئەوەی پێدەدات کە هەندێ چاکسازی بکات، تەنانەت ئەگەر چاکسازییەکان بەدڵی هەندێ کەس و لایەنیش نەبێت. لێرەدا مەرج ئەوەیە هەر چاکسازییەک دەکرێت وەک سیاسەتی هاوبەش و یەکگرتووی حکومەت بخرێتە بەردەم رای گشتی. واتە وەک سیاسەت و باوەڕی هەمووان. لێرەدا ئەوەی ناڕازی و تووڕە دەبێت بۆ کوێ دەڕوات؟

هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیە با سەرنجێک بدەینە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە هاوینی ئەمساڵدا. خۆ بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین، بەتایبەتی لەهەلومەرجی قەیرانی ئابووریدا، بەدڵی بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵام حکومەت بۆی چووە سەر چونکە بڕیارەکە بڕیاری هەموو حیزبەکانی ناو حکومەت بوو، هەمووشیان بەرگرییان لێکرد. ئەوجا قسەکە ئەوەیە حکومەت، لەبەرئەوەی بنکەفراوان و یەکگرتوو بوو، هەرچەندە خەڵکێکی زۆریش ناڕازی بوو، بەڵام هەر توانی ئەوە بکات کە دەیویست. بۆیە بەدڵنیاییەوە حکومەتی ئێستا، دیسان هەر بەهۆی بنکەفراوانی و بێ ئۆپۆزسیۆنییەوە، دەتوانێ هەندێ چاکسازی گرنگ بکات، بەتایبەتیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە زۆرینەی خەڵک پشتگیری هەر سیاسەتێکی حکومەت دەکات بۆ چاکسازی.

ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی دووەمەوە هەیە، ئەوەیە کە حکومەت و دامەزراوەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە پاڵپشتی و متمانەی جەماوەری هەیە. متمانەو پاڵپشتی جەماوەری لە هەموو سەردەمێکدا گرنگە بۆ دامەزراوەی سیاسی، بەڵام ئەم گرنگییە چەندجا دەبێتەوە لە هەلومەرجی قەیران و جەنگدا. ئەوجا، لەلایەک لە جەنگداین و لەلایەکی تریش، نیشانەکانی نەخۆشیی زیاتر لەدوو دەیەی رابردوومان وردە وردە لێ دەردەکەون. بۆیە ئێمە وایدەبینین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پێویستی تەواوی بە مەسەلەی چاکسازیی ئیداری و مالی و سیاسی هەیە لە کوردستان، لە کاتی ئێستادا تا رادەیەک زەمینە و دەرفەتێکی لەبارتری لەپێشە بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانە.



د.شۆڕش حاجی

# بەرەو سیاسەتی نەوت بە خاک

یەکێک لە هۆکارەکانی شکستهێنانی کورد لە دانوستاندندا لەگەڵ بەرامبەرەکەی ئەوە بووە کە کورد تخوبێکی لەنێوان بەدەستهێنانی هەموو داواکارییەکانی و پچڕان و شەڕکردن دیاری نەکردووە. بەواتایەکی دیکە لەگفتوگۆدا مەبدەئی یان هەمووی یان هیچی پەیڕەو کردووە. ئەمە لە گفتوگۆکانی سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵاوە راستە تا شێخ مەحموود و قازی محەممەد و مەلا مستەفا و یەکێتی و پارتی و بەرەی کوردستانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و مفاوەزاتی پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی سلێمانی. هۆکاری ئەم شێوازی دانوستاندنەی سەرکردایەتی کورد زۆرن و ئێرە جێی ئەو باسە نییە، بەڵام بە تەجروبە دەرکەوتووە کە لەئەنجامی ئەوەی کورد رازی نەبووە لە گفتوگۆدا رێژەیەک یاخود بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەستبێنێ و دواتر کار بۆ بەدەستهێنانی ئەوانی دیکە بکات، زۆربەی جارەکان هیچی بەدەستنەهێناوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ کورد زۆر گرنگە لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ بەغدا مەسەلەی نەوت و خاکە.

وا چاوەڕوان دەکرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی کوردی بچێتەوە بەغدا و لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق باسی چارەسەری کێشەکان بکەن. داواکارییەکانی کورد لەگەڵ بەغدا وەک ئەلحەمد و قول وەڵڵای لێهاتووە، ئەوەندە گوتراوەتەوە هەموو کەس لەبەریان کردووە. کێ هەیە نەزانێ کە مەسەلەی نەوت و مادەی سەدوچل و پێشمەرگە سێ داواکاری سەرەکی کوردن؟ بێگومان مەلەفی نەوت و کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان گەورەترین ئەو بابەتانەن کە چاوەڕێ دەکرێ کاتێکی زۆری گفتوگۆکان بەرن.

دیارە لە هەموو گفتوگۆ و دانوستاندنێکدا هەر لایە هەوڵ دەدا زیرانە کارتەکانی خۆی بەکاربێنێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ناچار بکات دان بە داواکارییەکانیدا بنێ. لەمڕۆی عێراق و هەرێمی کوردستاندا یارییەکە ئەوەندە ئاڵۆزە و یاریکەرەکان ئەوەندە زۆرن کە زەحمەتە بزانرێ کام لایەن تا سەر بەهێز و براوە دەبێت، بۆیە دەبێ کورد خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکات. بۆ ئەوەی کورد خۆی لەمەبدەئی یان هەمووی یان هیچ دەرباز بکات و لانیکەم یەکێک لە داواکارییە هەنوکەییەکانی بەدەستبێنێ، وا چاکە لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا سیاسەتی نەوت بەرامبەر خاک پەیڕەو بکات.

ئێستا نە سەرکردایەتی کورد و نە دەسەڵاتدارانی عەرەب لە بەغدا ناتوانن هەموو داواکارییەکانیان بەسەر یەکتریدا بسەپێنن و ئەوەی دەیانەوێ ناتوانن بەدەستیبێنن. بەڵام تا ئەوکاتەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی بمێنێ، مەبدەئی هەر کەس لەماڵی خۆی و پچڕانی مووی معاویەی پەیوەندیی نێوان کورد و بەغدا کارێکی نەکردەیە. بۆیە هەردوولا پێویستیان بە رێگاچارەیەکە تاکو بتوانن بەیەکەوە بژین و کار بکەن. ئەوەندەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە، تا ئەم ساتەوەختەش لەغیابی پێداویستییەکانی جیابوونەوە و سەربەخۆیی، کە بریتین لەژێرخانی ئابووریی پتەو، هێزی پێشمەرگەی نیشتمانیی بەهێز، دامەزراوەی نیشتیمانی، ئەمنی خۆراک، هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی یارمەتیدەر، هۆشیاری نەتەوەیی و ئامادەیی هاووڵاتیان بۆ هەموو جۆرە پێشهاتێک وا چاکتر و گونجاوترە کە کورد لەگەڵ کاربەدەستانی بەغدا بگاتە رێککەوتن. چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەنیا بەدیدار و گفتوگۆ نابێت، بەڵکو بەدانوستاندن دەکرێت. واتە شتێک دەدەیتە بەرامبەرەکەت و لەبەرامبەردا شتێک وەردەگریت. گرنگترین دەسکەوتیش بۆ کورد گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانە.

دەکرێ بۆ گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان شتێک بدەینە دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعە و سوننە لە بەغدا تاکو ئەوان بتوانن بەخەڵکی خۆیانی بفرۆشنەوە. بەواتایەکی دیکە لەبەرامبەر بەڕەسمی وەرگرتنەوەی بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان دەبێ لەشتێکی دیکە تەنازول بکەین کە ئەویش نەوتە. بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانی دیکە دەبێ لەگەڵ بەغدا رێکبکەوین. با راستەوخۆ داوای گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان بکەین و لەبەرامبەردا دان بەوەدا بنێین کە نەوتی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان وەک هەموو نەوتی عێراق موڵکی کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقە و داهاتەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەپێی دەستوور بەسەر هاووڵاتیان و ناوچە جیاجیاکانی عێراق دابەش دەکرێت. بەمەش کورد خاکی دەستدەکەوێ و بەغداش داهاتی هەموو عێراق. گەر ئەوە نەکرێ ئەوا مەسەلەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هەمیشە وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش دەمێننەوەو لە ئەگەری هەموو رووداو و پێشهاتێک دەبنە مایەی قەیران و ناکۆکی و بیانووی توندڕەوی و دەستێوەردانی دەرەکی.

لەکۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە پێویستە شانبەشانی ئەو دانوستاندنە، لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا مافەکانی عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشووری بسەلمێنرێ و رێوشوێنی ئەوتۆ بگیرێتەبەر کە هەموو ئەوانە هەستی هاووڵاتیبوونی هەرێمی کوردستانیان لەلا بچەسپێ و بەشداریی کاریگەر بکەن لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دڵنیا بن لەوەی کە خەڵکی کوردستان پارێزەر و بەرگریکاری ماف و داواکارییەکانیانن نەک بەپێچەوانەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# داعش نەخۆشییە؟

هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ داعشێکی کورد گفتوگۆیەکی دوو کاژێریم هەبوو. دوو کاژێری پڕ لە پرسیار و بێدەنگیی درێژ و دیسان تێهەڵچوونەوە. گفتوگۆیەک لەنێوان دوو گەنجدا بە دوو جیهانبینیی سەد و هەشتا پلە لەیەکدی جیاواز، بەڵام پڕ لە بەزەیی بۆ یەکدی. داعشە کوردەکە دەیگوت حەزناکات کەس لە دنیاکەی دیکەدا بسووتێت و خەمی سووتانی منی بوو. ئەو بە چاوی بەزەییەوە تەماشای دەکردم. منیش کە گوێم لە قسەکانی دەگرت، خەمم لەوە دەخوارد کە چۆن هاوزمانێکم بەو تێگەیشتنە سەرەتاییەوە لە ئایین لەخشتە دەبردرێت و دەکەوێتە پشت میلەکانی زیندان. بۆیە ئەو پرسیارەم بۆ دروست بوو کە: چۆن دەتوانین وابکەین گەنجەکانمان لەدەستماننەچن و نەبنە داعش؟

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پوختەی گفتوگۆکەم لەگەڵ داعشە کوردەکە دەنگیداوەتەوە، بەڵام کاردانەوەکان شۆکهێنەرن. قسەی هەمووان لەوەدا کورتدەبێتەوە کە "پێویستە ئەو گەنجە بکوژرێت". کاریگەریی سایکۆلۆژیی دڵڕەقییەکانی داعش بەئاسانی بە کاردانەوەی زۆربەی ئەوانەوە دیارە کە دوایین بەرنامەی تۆپ ستۆرییان لە تەلەفزیۆنی ڕووداو بینیوە. تەنانەت زۆرکەس لە من نیگەران بوون یان ڕەخنەیان لێگرتم کە چۆن لەکۆتایی بەرنامەکەدا گوتوومە "بەدرێژایی گفتوگۆکەمان بیرم لە چارەنووسی ئەو گەنجە کوردە دەکردەوە".

ئەو داعشە کوردەی ڕووبەڕوو لە ژوورێکی زینداندا قسەم لەگەڵ دەکرد، مرۆڤێکی لاوازی تێکشکاوی هەرزەکار بوو. لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکی ببووە کرێکار و ئەو دەستانەی کەلەپچەیان پێوە بوو جەوری ڕۆژگار زبری کردبوون. ئەو لە ناوچەیەکی پشتگوێخراوی کوردستان، کە هەمیشە شەڕی لێبووە و براکان بەردەوام بەرامبەر یەکدی دەستیان لەسەر ماشەی تفەنگەکانیان بووە، تەمەنی هەرزەکاریی بە کۆڵەمەرگی تێپەڕاندبوو. بەدرێژایی ئەو ساڵانەش تەنیا گوللەیەکیشی نەتەقاندبوو و وەک خۆی بۆی باسکردم یەکەم فیشەکی لە ژیانیدا بە تفەنگی داعش لە سەعدییە تەقاندبوو.

ئەو گەنجە کوردەی بەرامبەرم دانیشتبوو جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی دیکەی دنیای نەدەزانی. هەرچی فێری ببوو و ڕادیکاڵیزەی کردبوو لە کتێبی چاپکراو و فرۆشراو لە کتێبخانەکانی کوردستاندا، لە مزگەوتەکان و لە شاشەی تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە فێری ببوو. بە درێژایی گفتوگۆکەمان داعشە کوردەکە نموونەی بە خوتبە و لێکدانەوە ئایینییەکانی مەلایەکی دانیشتووی هەولێر دەهێنایەوە و زۆر پێی سەرسام بوو. مەلایەک کە هەندێک شەو لە شەقامی ئیسکان دادەنیشێت و بە پێکەنینەوە دەمەتەقێ دەکات، کەچی گەنجێکی وەکو ئەوەی من بینیم بەهۆی قسە ئاگرینەکانی ئەوەوە دەچێتە ناو داعش و دەبێتە قوربانی!

خۆزگە بڵاوبوونەوەی گفتوگۆکەی من و ئەو داعشە کوردە، کە لەم ژمارەیەی (ڕووداو)دا دەقە درێژەکەی بڵاوکراوەتەوە، دەرگا بەڕووی دیبەیتێکی ڕاشکاودا لەسەر هۆکارەکانی ڕادیکاڵیزەبوونی گەنجان لە کوردستان بکاتەوە. چونکە ناکرێ چیدیکە ئەم مەسەلەیە بە شەرم و بەدزییەوە قسەی لەسەر بکرێت. لە ناوچەکانی هەڵەبجە و بیتوێن و پشدەر و گەرمیان، بەدواشیدا لە هەولێر، زۆرترین ژمارەی گەنجان چوونەتە ناو داعش. خەڵکی ئەو ناوچانە هەڵە دەکەن ئەگەر خۆیان دەستپێشخەری نەکەن و گەنگەشەکە دانەمەزرێنن. بۆ هیچ ناوچەیەک شەرم نییە کە هەندێک لە گەنجەکانی چووبنە ناو داعش، بەڵام نابێ خەڵکی هیچ ناوچەیەک ئەو هەستەوەرییەیان بمێنێ کە ئێستا هەیانە بۆ گەنگەشەکردن لەسەر ئەو نەخۆشییە جڤاکییە. چونکە هیچ نەخۆشێک بە حاشاییکردن لە نەخۆشییەکەی چاک نەبووەتەوە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# بخۆ.. بنوو.. نوێژ بکە

ئەوەندەی من بزانم، کە لە سەفەر بوویت، نوێژت لەسەر فەرز نییە. دەتوانی قەسر و جەمعی بکەی، بەڵام ئەحمەد داودئۆغڵو سوودی لەم مۆڵەتە ئیلاهییە وەرنەگرت. بە باشتری زانی، نوێژی هەینی لە مزگەوتی جەلیل خەیات بکات و دواتر بە دەستی بە دەستنوێژەوە بگاتەوە ئیستەنبوڵ بۆ پێشوازی لە جۆ بایدن.

داودئۆغڵو، هاتنەکەی، مانەوەی شەوی لە هەولێر، سڵاوکردنی لە ئاڵای کوردستان، قاواڵتی و دوو ڕکەعات نوێژی هەینییەکەی هەمووی ئاماژەی گرنگ بوون و مانای قووڵی دیپلۆماسییان هەبوو. پێش هەموو شتێک داودئۆغلو پێیگوتین، متمانەی تەواوم پێتانە و ئامادەم لە ماڵتاندا بخەوم.

ئەگەر بیرتان بێت چەند مانگێک پێش ئێستا کە جۆن کیری سەردانی بەغدا و هەولێری کرد، خەوەکەی بردە وڵاتێکی دراوسێ و متمانەی نەبوو شەو لامان بمێنێتەوە. بەڵام داودئۆغڵو کوردستانی بە خاکێکی ئەمین زانی و بووە میوانی شەومان. هەر کە لە فڕۆکەکەشی دابەزی سەری ڕێزی دانەواند بۆ ئاڵای کوردستان.

نوێژەکەی مزگەوتی جەلیل خەیاتیشی نیشانەی ئەوە بوو کە خۆی بە میوان نازانێت و هەولێر بە ماڵی خۆی دەبینێ. ئەمەش یەکێکە لە ئاماژەکان بۆ ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەی لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر بنیاد نراوە، ئەوەبوو خۆشی لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە تێپەڕبوونی پێشمەرگە بە سنووری تورکیادا بۆ کۆبانێ باسی لەو متمانەیەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کرد.

ڕاستە هەم دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بنیاتنانی ئەم پەیوەندییانە. بەڵام مەدالیاکە دیوێکی دیکەی هەیە کە پێویستە درکی پێبکەین، ئەویش بڕیاری سیستمی ئابووریی جیهانییە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق.

ئەم جیاکردنەوەیە لەم قۆناغەدا سنووردارە بە ئابووریی هەرێم لە عێراق کە چاوەڕێ دەکرێت لە ئایندەدا بەرەو سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بڕوات. خودی بڕیارەکەش پەیوەستە بە دەرکەوتنی توانا شاراوەکانی باشووری کوردستان لە بواری وزەدا.

بە کورتییەکەی، ئەو یەدەکە بێشومارەی نەوت و غازی سروشتی کە لە باشووری کوردستان دۆزراوەتەوە، ئەگەر بە فیعلی یەک بگرێت لەگەڵ تواناکانی عێراقی عەرەبی لە بواری وزەدا، "عێراقی یەکگرتوو" دەکاتە ناوەندێکی ئابووریی یەکجار بەهێز کە بتوانێت لە باکوورەوە کێبڕکێ لەگەڵ ڕووسیا و لە باشوورەوە کێبڕکێ لەگەڵ سعودیە بکات.

سیستمی ئابووریی جیهانیش ڕێگە نادات بە عێراق ببێتە هێزێکی هێندە گەورە کە کێبڕکێ لەگەڵ ڕووسیا و سعودیە بکات، لە کاتێکدا کە ئەم وڵاتە دەناڵێنێ بەدەست ململانێی ناوخۆیی و مێژوویەکی هەیە لەگەڵ کودەتای سەربازی کە کەس ناتوانێت گەرەنتی بدات لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوخۆ و لەسەر ئەوەی کێ سبەی دەسەڵاتی بەدەستەوە دەبێت و ئەو توانایانە چۆن بەکاردەهێنێت.

کاتێک ئەم خواستەی سیستمی ئابووریی جیهانی یەکیگرت لەگەڵ ئیرادەی گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، شانسێک بۆ باشووری کوردستان دروست بوو کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ چاومان پێی نەکەوتووە. تورکیاش لەم هاوکێشەیەدا ئەرکی هاوکاری و ڕێنمایی کوردستانی خرایە سەرشان.

مەسەلەکە بەم شێوەیەیە، عێراقی عەرەبی لەگەڵ کوردستان وەک دوو هێزی مامناوەندی سەربەخۆ لە بواری وزەدا برەو بە کارەکانیان دەدەن. ئابوورییان جیاواز دەبێت و تورکیاش هاوکاریی کوردستان دەکات لە دەرهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت و غازەکەی. ئەمە بنەمای پەیوەندییەکانی هەولێرە لەگەڵ ئەنقەرە.

بێگومان بوونی پەیوەندییەکی لەم جۆرە لەگەڵ ئەکتەرێکی سیاسی گەورەی ناوچەکە زۆر گرنگە بۆ کوردستان. ئەوەی هەتا ئێستاش بینراوە، تورکیا بە زۆربەی ئەرکەکانی خۆی هەستاوە بەرامبەر بە کوردستان کە لە چوارچێوەی ئەم گرێبەستە جیهانییەدا خراوەتە ئەستۆی.


ئەنقەرە تەنانەت لە گەیشتنی هەولێر و بەغدا بە ڕێکەوتنی (150 هەزار بەرمیل نەوت بەرامبەر 500 ملیۆن دۆلار)دا ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەبوو. پێشوازیکردنی جەعفەری لە ئەنقەرە پێش ئەم ڕێکەوتنە و سەردانی داودئۆغڵو بۆ بەغدا و هەولێر ڕێک لەدوای گەیشتنی پارەکە بە ڕێکەوت نەبوو.

شتێکی دیکە کە دەمەوێت بیڵێم لەسەر ئەم ڕێکەوتنە، سەرکەوتنی دیپلۆماسیی کوردە. زۆر جێگەی دڵخۆشییە کە ئەمجارە کورد زۆر سەرکەوتووانە لەسەر مێزی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا هەستایە سەر پێ. ئەگەر سەیری ڕێکەوتنەکە بکەیت، دەبینی کە لایەنی براوە کوردستانە.

لەبەرئەوەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان سەربەخۆیانە بەردەوامە، ئەو بڕی 150 هەزار بەرمیلەش لە نەوتی کەرکووکە کە دەخرێتە ژێر چاودێریی سۆمۆ و لە بەرامبەریدا پارە وەردەگیرێت. بە کورتی دەتوانین بڵێین (کورد نەوتی کەرکووک دەفرۆشێتەوە بە بەغدا). ئەمەش ئەو شتەیە کە 100 ساڵە خەونی پێوە دەبینین.

پێدەچێ خەونێکی گەورەتر کە بەدیهاتووە هاوکاریی تورکیا بێت لە بەدیهێنانی ئەم خەونەدا. تورکیایەک کە 11 ساڵ پێش ئێستا دەیگوت ڕۆیشتنی پێشمەرگە بۆ کەرکووک هێڵی سوورە و ئەگەر بچن هێرش دەکەین، ئەمڕۆ ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکات بۆ پاراستنی کەرکووک و سنوورەکانی دیکەی کوردستان.

لەگەڵ بوون بە سەرۆک وەزیرانی ئەحمەد داودئۆغڵو لە تورکیا، هەر لەم گۆشەیەوە نووسیم "دەتوانین شەخسی داودئۆغڵو بە دۆستێکی نزیک بۆ کورد و بوون بە سەرۆک وەزیرانیشی بە دەرفەتێک بۆ کوردستان ناوزەد بکەین". گرنگترین شتیش کە پێویستە بگوترێت، ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەم دەرفەتە لەگەڵ ئیرادەی سیستمی ئابووریی جیهان بۆ جیابوونەوەی کوردستان یەکیگرتووە.






دەیڤد ڕۆمانۆ

# ئەمریکا و کێشەی پەیوەندی

هەموومان ئەم حاڵەتەمان بینیوە، کاتێک پیاوێک تەنیا حەزی دەچێتە ئەو ژنانەی کە هیچ حەزیان لەو نییە، یان ئەو ژنانەی کە وا دەزانن پیاوی قۆز هەر بۆ ئەوان دەمێنێتەوە و بێئاگان لەوەی خۆیان تووشی چ چەرمەسەرییەک کردووە. خۆ ڕەنگە ئەو جۆرە ژن و پیاوانە هیچ متمانەیەکیان بە خۆیان نەبێت و دواجار تەنانەت خۆشیان بە کەم بزانن، هەر بۆیەشە ناتوانن بە ڕێزەوە سەیری هیچ کەسێک بکەن کە بە ڕاستی دڵسۆز بێت لەگەڵیاندا. دیارە هەر هۆکارێک لە پشتەوەی حاڵەتی ئەم جۆرە کەسانەوە بێت یەک شت زۆر ڕوونە: ئەمانە مامەڵەیەکی زۆر خراپتر لەگەڵ دۆستدا دەکەن تا لەگەڵ دوژمن.

ئێستا ئەگەر باسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بکەین دەبێ بڵێین واشنتن کێشەی پێوەندیی هەیە. کێشەکەش لە کۆنگرێس و سێناتدا نییە، چونکە لەم شوێنانەدا دۆست و دوژمن بەڕوونی لە یەک جیادەکرێنەوە. بەڵکو کێشەکە لە ئیدارەی سەرۆک و تەنانەت چەند فەرمانبەرێک لە وەزارەتی دەرەوە و حکومەتدایە. وا پێدەچێت ئەم فەرمانبەرانە بیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت سۆزی نەیارانی ئەمەریکا بۆ خۆیان ڕابکێشن و زۆریان گوێ لە دۆستە ڕاستگۆ و متمانەپێکراوەکان نییە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا شاهیدی چەند جۆرە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووین لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئیدارەی ئەمەریکا خێرا پشتی کردە حوسنی موبارک کە یارێکی دێرینی بوو، دەستی بە پەسندانی محەممەد مورسی کرد کە ئیسلامی بوو. ڕەنگە واشنتن وای دانابێت کە ئەوەی یەکەمیان دیکتاتۆرێک بووە و ئەوەی دووەمیان هەڵبژێردراوی خەڵک.

هەموو سەرکردە هەڵبژێردراوەکان بە یەک چاو لەلایەن ئەمەریکاوە سەیر ناکرێن. ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا جار نا جارێک دێتە دەنگ و باسی ئەو پیلانگێڕییانە دەکات کە لەلایەن ئەمەریکاوە دژ بەو بەڕێوەدەچن و هەر لێی هەڵکەوێت دەست دەکات بە بچووککردنەوەی ئەمەریکا. ئەردۆغان هەر بەوە ناوەستێ و ڕێگە لە ئەمەریکا دەگرێت کە بنکە سەربازییە هاوبەشەکەیان لە ئەنچەرلیک بەکاربهێنن و ئامادەی شەڕی هاوبەشی داعشیش نابێت. کاتێکیش جێگری سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەی درکاند کە تورکیا بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ چوونی جیهادییەکان بۆ ناو سووریا نەکردووە، ئەردۆغان خێرا داوای کرد کە داوای لێبووردنی لێبکرێت و هەر زۆر خێراییش لێی کرا.

بە پێچەوانەوە لەو ڕۆژانەدا ئێمە دیتمان چۆن بە "ترسنۆک و جیقنەی مریشک" باس لە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بینیامین نەتانیاهو کرا. ئەم بێڕێزیکردنە لەلایەن کەسانێکەوە هات کە هەر لە بنەڕەتدا لە پشت مێزەکانیان نەهاتوونەتە دەرەوە و هیچ ئەزموونێکیان لە شەڕ و بەرخۆدان نییە، بەرامبەر بە ناتانیاهۆیەک کە ئەفسەری دێرینی نوخبەییترین یەکینەی سەربازیی ئیسرائیل بووە واتە "سەیرەت مەتکەل". نەتانیاهۆ لە کۆمەڵێک جەنگدا بەشداریی کردووە و چەند جارێکیش بریندار بووە. ڕەنگە یەک ڕۆژ سەرکردایەتیکردنی "سەیرەت مەتکەل" زیاتر لە یەک تەمەن کاری ئەم بیرۆکراتانەی واشنتن بوێریی بوێت. بەڵام ئێمە بۆ نموونە گوێمان لەو فەرمانبەرانە نابێت بە بێڕێزییەوە ناوی سەرکردەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە بهێنن کە نە هەڵبژێردراوی خەڵکن و نە لە جەنگی ڕاستینەدا بەشدارییان کردووە و لە ڕاستیدا هیچ موجازەفەیەکیشیان نەکردووە. ئەگەر لەبەر سینات و کۆنگرێس نەبووایە، من پێموایە ئەم کاربەدەستە حکومییانە هەر زۆر بە ئاسانی ئیسرائیلیان دەدایە دەستی گورگ.

ئێستا با بێینە سەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد. بزووتنەوەی کوردی لە هەر چوار پارچە و لە هەر فۆرمێکدا بێت، خوازیاری پێوەندیی باشن لەگەڵ ئەمەریکادا. لەو هەمووە شۆڕشانەی کورد کردوونی یەک جاریش ئەمەریکاییەک بەرنەکەوتووە. سەرباری ئەوەی کە لە ناوچەکەدا تووشی گرفت دەبنەوە، بەڵام دیسانیش کورد بە ئاشکرا داوای دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکادا دەکەن و خوازیارن ئەمەریکا بنکە و بازرگانی لە کوردستان دابمەزرێنێ. لەکاتی داگیرکردنی عێراقدا نزیکەی 5000 سەربازی ئەمەریکا کوژران، یەک دانە لەو سەربازانە لە کوردستانی عێراقدا گیانی بەخت نەکردووە.

کەچی لە 10 ساڵی ڕابردوودا کاربەدەستانی ئەمەریکا لە بەغداوە نزیکتر بوون تا لە کورد. واشنتن نزیکەی 20 ملیار دۆلاری بۆ حکومەتی عێراق تەرخان کرد کە لە چەک و ڕاهێنان سەرف کرا. هیچ لەو پارە و چەکە نەدرا بە کورد، بەڵام بەشێکی زۆری کەوتە دەست جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کاتێک کە لە مانگی حوزەیراندا سوپای عێراق تێکشکا. تەنیا جارێک، ئەویش کاتێک کە جیهادییەکان خەریک بوو تاکە شوێنی عێراق تێکبدەن، ئەمەریکا بە فریای کوردستان هات، لەڕێگەی هێرشی ئاسمانی و کەرەستەی سەربازییەوە.

تەنانەت لە کاتێکیشدا کە دواجار بڕیاریان دا یارمەتی کورد وەک تاکە هێزی کاریگەر بەرامبەر بە داعش بدەن، ئەمەریکا هێشتاش هاوکارییەکانی لەڕێگەی بەغداوە نارد. بە پێچەوانەوە کاتێک لە 2005 تا 2008 سەحوەی سوننەیان چەکدار دەکرد، ئەمەریکا نەیدەویست لەڕێگەی بەغداوە ئەو کارە بکات. لە کاتێکدا کە کۆنگرێس و سینات بە ئاشکرا داوای پاڵپشتیکردنی کورد دەکەن دژ بە داعش، هێشتاش پێناچێت کورد ئەو چەکە قورسەی کە پێویستی پێیە بەدەستی بگات، تەنیا بەشێکی بچووک نەبێت. بیرۆکراتەکانی واشنتن پێدەچێت لەوە بترسێن کە دۆستەکانیان لەڕێگەی ئەو هاوکارییانەوە سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنن، گەورەتر لە سەرکەوتنی نەیارانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.



گەزیزە باپیری

# خەباتی دووسەرەی ژنان لە کۆبانی

نزیکەی 60 ساڵ لەمەوبەر کورد نێوێکی بۆ چەکدارانی خەباتی ڕزگاریخوازی هەڵبژارد کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بووەتە نێوێکی ئاشنا. پێشمەرگە نێوی ئەو خەباتکارانەیە کە بە دەست و مەچەک و چەکی سووکەوە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە بەرەنگاری هێزە پۆشتە و تەیارەکانی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی دەبنەوە.

پێشمەرگە نێوێکی نێرانە نییە و هەموو ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە کە بێ هیچ چاوەڕوانییەکی ماددی گیانیان لەپێناوی ئامانجی ڕەوایاندا دەکەنە قوربانی. پێشمەرگە تەنیا تایبەتە بە نەتەوەی کورد، بەڵام پێشمەرگایەتی تەنیا تایبەت بە ڕەگەزی باڵادەستی مرۆڤی کورد نییە. بە درێژایی مێژووی خەباتی ئەم گەلە تێکەڵێک لە ڕەگەزی ژن و پیاو هەڵگری ئەم ناو و ئەرکە بوون.

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەمدا ژنان ڕۆڵێکی بەرچاوتریان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا گرتووەتە ئەستۆ. لە سەردەمێکدا کە لەنێو گەلانی دراوسێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژنان وەک ڕەگەزی کەمتر و ژێردەست سەیر دەکرێن، ژنانی کورد لە مەتەرێزەکانی بەرگری لە بوونی خۆیان و گەیشتن بە مافی یەکسانیدا سەرنجی میدیای جیهانییان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

ئەگەرچی ژنانی شۆڕشگێڕی کورد ماوەیەکی درێژە لە هەرچوارپارچەی کوردستان لەخەباتدان، بەڵام لەم یەک دوو مانگەی دواییدا کوبانێ بووە مەیدانی بەرخۆدانی ژنانی شۆڕشگێڕ.

لە ڕۆژئاوای کوردستان و لە کۆبانێ بەتایبەتی، شەڕێکی توند لەئارادایە کە سەرنجی هەموو جیهانی بۆخۆی ڕاکێشاوە. ڕۆژانە بە ڕووداوەکان و هەواڵەکانی کوبانێ سەرسام دەبین. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرسامی کردووین، ئەو ژنە شەڕوانانەن کە ڕۆژانە لەگەڵ دڕندەترین گرووپی سەدەی بیست و یەکەمدا دەجەنگن. لەگەڵ گرووپێک کە یەکەم قوربانیی دەسەڵاتدارێتیان، ژنان خۆیانن.

ژنانی شەڕڤانی کورد لە کۆبانێ، خەریکی نووسینەوەی مێژوون. لە قوژبنێکی ئەم جیهانەدا مێژوو تۆمار دەکەن کە تا پێش ئەم جەنگە بە دەگمەن ناوی بیسترابوو، دەگمەن کەس دەیزانی لە کوێیە. ژنانی ڕۆژئاوا لە کۆبانێ هاوکات لەگەڵ شەڕ بۆ نیشتمان بە کردەوە پێگەی سیستەمی پیاوسالارییان لێژ کردووە، ئەو سیستەمەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەناسرێتەوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێک کە ژن تێیدا هیچ مافێکی نییە و بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لێی دەدرێت، بێ ماف دەکرێت، لە کۆمەڵگەی مرۆڤ جیادەکرێتەوە و لە یاساشدا وەک پاشکۆی پیاو پێناسە دەکرێت.

لە کۆبانێ نموونەیەکی تەواوی ژن دەبینین. ئەو ژنانەی کە بە تەواوی واتا ئاشقی مرۆڤایەتی و نیشتمانەکەیانن. ئەو نیشتمانەی کە دەمێک ساڵە زوڵمی لێدەکرێت و کەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە.

ژنانی کۆبانێ ئەو ژنانەن کە دوێنێ بە تیرۆریست ناسرابوون و ئەمڕۆ بۆ هەموو ژنانی جیهان سیمبولی بەرخۆدانن. ئەوان سەلماندیان ئەگەرچی ژن تا ئێستا دەرفەتی پێنەدراوە، بەڵام تواناکانی لە پیاو کەمتر نییە.

ژنانی کۆبانێ بە بەرگریکردن و بوێرییان و وەستانیان لە بەرامبەر دڕندەترین گرووپی دژ بە مرۆڤایەتی، وایانکرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بێدەنگی بەرامبەر بە کۆبانێ بێتەدەر و پشتیوانی لەو هێزانە بکەن کە لەوێ دژ بە داعش دەجەنگن.

پێویستە پیاوان لەبەرامبەر ژناندا بە ناخی خۆیان و بیرکردنەوەیاندا بچنەوە و بزانن ژن تەنیا ئەو کاڵایە نییە کە ئەوان بۆ تێرکردنی حەزەکانیان دەیبینن. ئەوان مرۆڤن، بەڵام مافی مرۆڤبوونیان لێ زەوتکراوە و تەنیا بۆ خزمەتکردنی پیاو پەروەردەکراون.

ژنانی کۆبانێ ئەو پەیامەیان بە جیهان دا کە ژن تەنیا ڕەگەزێکی نەرمونیان نییە، بەڵکو هێزێکی بەگوڕە دژ بە پیاوسالاری و نایەکسانی. ژنانی کۆبانێ سەلماندیان کە مرۆڤ بە ڕەگەز ناناسرێتەوە، بەڵکو بە ئیرادە و خۆڕاگری و هێزەوە خۆی دەنوێنێ.

ئێستا ڕۆژئاوا و کۆبانێ پڕن لە "لەیلا قاسم"، "حەبسەخانی نەقیب" و "مارگرێت". ئەو ژنە پێشمەرگانەی کورد کە لە مێژووی جیهاندا ناویان ونە، بەڵام ژنانی کۆبانێ سەرلەنوێ فیداکارییەکانی ئەوانیان زیندوو کردەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە بیکەین، نووسینەوەی ئەو مێژووە نوێیەیە کە ئیدی تێیدا ژن پەراوێز ناخرێت. ئەوان دوو شۆڕشیان کرد، شۆڕشێک بۆ نیشتمان و شۆڕشێک دژ بە سیستمی دژە ژن.

ڕۆژانە ژنانی کۆبانێ هەزار جار ئەو هزرە پووچەڵ دەکەنەوە کە پیاو خاوەنی ژنە و ژن دەبێ لە ماڵەوە تەنیا منداڵی لێببێت و خزمەتی هاوسەرەکەی بکات.

ئەوان مێژوویەکی نوێیان خولقاند کە تێیدا بە هەموو دژە ژنەکان دەڵێن ئەگەر تواناکانمان لە ئێوەی پیاو زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

ژنانی ڕۆژئاوا لە کۆبانێ ناسنامەیەکی دیکەیان بۆ خۆیان دروستکرد، مەیدانی جەنگیان کردە مەیدانی خەباتی دژ بە کۆنەپەرستان و گەشەکردن و دەرخستنی جەستەی ژن. ئەو جەستەیەی لە ڕوانگەی زۆرانەوە تەنیا بۆ دامرکاندنی حەز و تاسەی پیاوان دەڕازێتەوە. لە کۆبانێ جەستەی ژنان دەبێتە ئاگر و بەسەر پارێزەرانی کۆنەپەرستی و جەهل و نەزانیدا دەبارێت. لە کۆبانێ جەستەی ژنان دەبێتە ئاگر و لەگەڵ بڵێسەی ئاگری پیاوانی هاوسەنگەردا گرفەی دێت و دڕک و داڵ و لەمپەری ڕێگەی پێشکەوتن بەرەو یەکسانی دەسووتێنێ.

ئەوە ئاگرێکە لەسەردەمی خەباتی لەیلا قاسمەکانەوە، لەلایەن ژنی شۆڕشگێڕی کوردەوە لەنێو جەرگەی خەباتی مافخوازی و یەکسانیخوازی و دیموکراسیخوازیدا داگیرساوە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## کچێک فیلمێک لەسەر قومارچییەکان دروست دەکات

12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




# بۆچی نەتەوان شکستدەهێنن؟(Why Nations Fail?)

چۆن نەتەوە دەوڵەت دادەمەزرێنێ وچۆن نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دەوڵەتەکەی پێشدەخا؟ ئەو فاکتەرانە چین کە لەم پرۆسانەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن؟ ئایا دەزگاکانی نەتەوە و دەوڵەت، بەتایبەتی دەزگا سیاسی و ئابوورییەکان، چ ڕۆڵێک دەگێرن؟ بۆچی بەریتانیا بوە پێشەنگی شۆڕشی سیاسی و ئابووری و وولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری پەرەسەندوو پێشکەوتن و وڵاتانی پەرەسێنی وەک ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمریکای لاتین و ئەفەریقا دوای سەربەخۆییشیان پەرەیاننەسەند؟ ئایا هۆکاری خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی هەندێ وڵات و هەژاری ئەوانیتر چییە؟

ئەم کتێبە کە هەردوو نووسەری ئەمەریکی (دارۆن ئاسمۆگلو و جەیمس ڕۆبینسۆن) نووسیویانە و (هۆشیار سیوەیلی) کردویەتە کوردی، بەرهەمی پازدە ساڵ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی هەردوو نوسەرە و چۆتە قووڵایی مێژووی سیاسی و ئابووری نەتەوە جیاوازەکانەوە و هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری گرنگیتر بداتەوە.

ئەم کتێبە ئێستا لە کتێبخانەکان دا دەسدەکەوێ. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ئی مەیڵەوە بکەن: hoshyars@hotmail.com